




# کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان

## ئاکامی گشتیی مەسەلەی کورد

نووسینی: حوسێن مەدەنی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

بەشی یازدەهەم: "ئاکامی گشتیی مەسەلەی کورد" ..............................

١- کوردستان لە چوار سەدە دا (١٥١٤- ١٩١٤) زایینی:

ئەلف: ئەمارەتە کوردیەکان لە هەڵس و کەوت دا...

ب: ستراتیژی دەوڵەتە ئیستعمارگەرەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەراستدا...

٢- کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا:

ئەلف: هەڵوێستی خراپی ئینگلیسی ئیستعمارگەر لەسەر دابەشکردنی کوردستان...

ب: نەخشی پووچەڵی رێبەرانی کورد لەسەر "پەیمانی سێڤر"...

ج: پێگەیشتنی ناسیۆنالیزمە ستەمکارەکان...

- ناسیۆنالیزمی تورک...

- ناسیۆنالیزمی ئێرانی...

- ستراتیژی دەوڵەتە گەورەکان پاڵپشتی ناسیۆنالیزمی حاکم...

د.چارە نووسی ناسیۆنالیزمی کورد...

ە: کوردستان لە نێو ئاڵوگۆری ژێئۆ ستراتیژیکیی دەوڵەتان دا...

* گورانی ژێئۆستراتێژی...

* کەندوای فارس و گیرو گرفتەکانی...

* ئەمریکا و ستراتێژیی نۆێ...

* ئەرکی ئەمریکا لە پێگەیاندنی ستراتێژیی نوێ دا...

* ناساندنی کتێبی "کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان" لەنوسینی حسێن مەدەنی .............................. ئا: بارام سوبحی

**کۆمەڵێک دید بۆچوون لە چەند دیمانە دا ............... ٥٥**

"دۆزی کورد لە نێوان بیری نەتەوەیی‌و ئایین‌دا.................................................... ئامادەکردنی: ئارام عەلی سەعید

بەغدا لە رووی ستراتیژییەوە لەژێر کۆنترۆڵی هەولێردایە ............... ماڵپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ..... کاوە جەم

فڕەنسا قەرەبووی هەڵەکانی بەرامبەر بە کورد دەکاتەوە ................................................ وشە نێت ..... کاوە جەم

کوردستان دەروازەی کۆنترۆڵکردنی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە ...................................... گوڵان میدیا .... کاوە جەم

هەر هەوڵێکی کورد پشت بە خەباتی چەکداری ببەستێ، سەرکەوتوو نابێ ........... وێبلاگی پەیڤ ...... سەلاحەدین بایەزیدی

بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان پێویستە فەرهەنگ سازی بکرێ ......................................... "ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ



سەرچاوە
Serchawe

# (كوردستان و ستراتيژى دەوڵەتان)

## بەرگى دووهەم

### بەشى يازدەهەم: "ناكامى گشتيى مەسەلەى كورد"

### ١- كوردستان لە چوار سەدە دا (١٥١٤- ١٩١٤) زايينى

#### ئەلف: ئەمارەتە كورديەكان لە هەڵس و كەوت دا

ئەمارەتى كوردى لە شەرى ئايينيى نێوان عوسمانى و سەفەوييەكاندا هەراز و نيشێويكى زۆريان برى. خالى هەر لاوازى شەرى چاڵدران ( ١٥١٤ز ) ئەوە بوو، بە كردەوە لە قەڵەمرەوى حاكمييەت دا كوردستانى كردە دوو پارچە؛ لەمەو پاش بە ناوى كوردستانى عوسمانى و كوردستان ئێران دەناسران. هەرشەرێكى لە سێ سەد ساڵى دوايى لە نێوان پادشاكانى ئێران و سەلاتينى عوسمانى دا قەومابا،لەسەر زەويى كوردستان روويان دەدا. لەشكرى كوردانيش لە هەر لايەك بان، دەبوونە كەواسوورى پێش لەشكرەكانى. زۆربەى لەشكرى كوردەكانيش هەر بەدەستى يەكترى دەبرانەوە و تێدا دەچوون. بە قولى سوڵتان سوڵتانى قانوونى: ديوارێكى كۆشت و خوێن لە نێوان سەفەوى و عوسمانى دا لە سەفەويش لە شەرى چاڵدران دا زۆرترى بە هێزى باسكى"سارۆبيرەى بانەيى"و لەشكرەكەى تێ كەوت بوو.

سوڵتان سەليم لە پاش شەرى خوێناوى چاڵدران لە پاداشى چاكەى كوردەكان ئەو هەلەى بۆ ميرانى كورد رەخساند بوو، بەيارمەتيى مەولانا ئيدريسى بتليسى كوردستانێكى يەكدەست و يەكگرتوو لە بەرامبەر دەوڵەتى سەفەويدا قوت بكاتەوە. ميرە كوردەكان حازر بوون بچنە ژێر بارى ميرێكى ميران كە نۆكەرى سوڵتان سەليمى بوو، بەڵام لەبەر ئەوەى خسڵەت و فەرهەنگى"ملوك الطوايفى" بەسەرياندا زاڵ بوو، نەيانتوانى لە نێو خۆياندا ميرى ميران هەڵبژێرن و ئيتاعەى بكەن، هەر لە بەر ئەوەش بوو لە سنوورى حوكمرانييان بەولاوەتر گەشەيان نەستاند.

شێوەى حوكمدارى ميران كورد وەك و ئەشراف و فيئودالى خودموختارى سەدەى ١٥ و ١٦ى ئورووپا دەچوو. هەر دوو لايان ئيتاعەتيان لە پادشاكان وەختێك مسۆگەر دەبوو كە دەسەڵاتى سياسى و قودرەتى ماڵى و مەعنەوى يان پارێزراوبا،ئەگينا خۆيان قانوونيان دادەنا و بەرێوەيان دەبرد.

رۆژ جار ميرانى كورد كەمەندى لاگيريان لە سەلاتينى عوسمانى و پاشاكانى ئێران دەپساند و، ئيعلانى سەربەخۆيى يان دەكرد،بەناوى خۆيان سكەيان ليدەدا، لە نوێژى جومعان خوتبەيان بە ناوى مير دەخوێندەوە، بەڵام لەو حەددە



سەرچاوە
Serchawe

زیاتریان تینەدەپەراند.

دوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران لە سەر حاکمییەتی میرانی کورد و روانگەکانیان زۆر لێک جیاواز بوو. دەرباری عوسمانی بە گوێرەی پەیمانێکی کە لە گەڵ ئەمیرە کوردەکان بەستبووی مەوجوودییەت و ئیختیار و دەسەڵاتداریەتی ئەوان لە نێو سنوورێکی دیاریکراو دا سەڵماندوو، میرانی کورد تەنیا لە باجدان و کاتی شەردا یارمەتی دەوڵەتی عوسمانیان دا، وەزعییەتیان لە سەریەک زۆر باش بوو، بۆ ماوەیەکی زۆر سەلاتینی عوسمانی لە هەموو بارێکەوە رێزو حورمەتی میرانی کوردیان دەگرت. پادشایانی سەفەوی بە پێچەوانەوانەی دەرباری عوسمانی، نەک هەر ئەمارەتی سەربەخۆی ئەردەڵان و موکری و برادۆستیان پێ تەحەمول نەدەکرا، دەگژ ئەمارەتی کوردستانی عوسمانیش رادەچوون. بەهێزترین بەڵگەی سەفەوییەکان ئەوە بوو ئالاهەڵگری ئایینی نۆیی شیعە بوون و لە گەڵ کوردی سوننە هەلیان نەدەکرد؛ کاتیک ٢٤ ئەمیری کوردستان بە نیازی دەربرینی وەفاداری چووتە تەورێز، شا ئیسماعیل سەفەوی لەجیاتی رێز لێنان و خەڵات کردنیان دەستووری کەلەبچە کردنی دانو، خاکی ئەوانی بەسەر قزلباشاندا دابەش کرد.(١)

پاشاکانی سەفەوی ئەمانیان بەئەمارەتە کوردییەکان نەدەدا؛ شاعەبباسی سەفەوی بەردی بناغەی قەڵای دمدم، ناوەندی فەرمانرەوایی ئەمیرخانی برادۆست "خانی لەپ زێرین"ی دەرهێنا. ئەم جار سوپای قزڵباشی وەسەر ئەمارەتی موکری گێرا، کارەساتی موکری قڕانی خولقاند. کاتبی تایبەتی شا عەبباس نووسیویەتی:

"...ئاورگی عێلی موکری کوژاوە، پیاوەکانیان بوونە خوراکی شمشیرە ناوادرەکان،ژن و مناڵیان زەلیل کران و بەدیل گیران..."

شاعەبباس دوای ئەو قەڵاچۆکردنش دەسبەرداریان نەبوو، دەستووری بە سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان دا ئەوانەی لە بەرجەنگ قزڵباش هەڵاتوون بیاگرن و بیاکوژن، ئەگینا بەدەری عیل موکریانیان دەبا.(٢)

شاعەبباس بە ئەوەندەش نەوەستا زیاتر لە ٥٠ هەزار، بنەماڵەی عەشیرەتی جەلالی بۆ خوراسان کۆچ پێدا (٣)

میرانی کورد تەنیا لە "نیشتمانپەروەریی مەحەللی" دا زۆر بەهێز بوون، هەرمیرەی بۆ پارستنی جێ و رێی خۆی لە بەرامبەر داگیرکەراندا، هەر کەسێک بووبێ،ئەوەندەی لە توانا دابووە بەرگری کردوە،ئەگەر بۆی لوابی وڵاتی رێژدەسەڵاتی لە نێوخاکی کوردستان بەرێتەدەر، بۆ وێنە"عبدالرحمن پاشا"ی بابان لەسەر داوای فەتحعەلی شای قاجار و محەممەد عەلی میرزای کوری توانای هەبوو هێرش بکاتە سەر بەغداو بیگرێت، بەڵام حازر نەبوو تکاو

ڕەجای خەڵکی شارەکە بۆ وەلایەتی بەغدا قبوول بکاو تێدا بمێنێتەوە. میرمحەممەد: میرە کۆرە"لە هەرتی هێزو دەسەڵاتی دابوو سوڵتان مەحموودی عوسمانیش بە هۆی شەر لە گەڵ رووس و میسرییەکان و راست بوونەوەی نیچرییەکان لەو پەری کەنەفتی دابوو.کاتێک خەڵکی ناوچەکانی"بین النهرین" ئامادەیی خۆیان بۆ ئیتاعەت لە "میرمحەممەد" ڕاگەیاند، "میرمحەممەد" وەڵامی دابوونەوە:

"ئەمن دەخڵی مەنتەقەی حکوومەتی پاشای ئیسلام ناکەم.خودا تەوفیقم بدات ئەو حکوومەتانەی لە دەست دەربەگی کوردستان دان زەبت و تەحسیران دەکەم".(٤)

ڕێککەوتننامەی"ئاماسیە" لە ١٥٥٩ی زایینی و لەزەمانی شا تەهماسبی سەفەوی دا، یەکەم جار بوو خەنگی خەتەری لە بەرامبەر هەڵبەز دابەزی میرانی کورد لێدەدا. سوڵتان سوڵێمانی قانوونی لە ئاستی حکوومەتی شیعە مەزهەبی سەفەوی دا کە بە"رافزی" ناوی دەبردن پاشەکشەی کردبوو، بەو حاڵەش هیچکام لە میرە کوردەکان پیی وەخەبەر نەهاتن. ڕێککەوتننامەی ئاماسیە سەرەتای دەست پێکرانی وتو وێژەکانیان بوو، لەو دانیشتنانەی دا هەر دوولا هاوبیر بوون بۆ لە کۆڵ خۆ کردنەوەی کێشەکان و هێور کردنەوەی گرژییەکان ئیمتیاز بە یەکتر بدەن.

بەڵام میرەکوردەکان لە ئاست یەکگرتنی دوژمنانیان فێر نەبوون یەکبگرن،لەهەر لایەرا تەنگاو بووبان،بەبێ وەبەرچاوگرتنی مەسەلەی نێوخۆیی و ئایینی یان پاڵیان وە یەکیک دوو حکوومەتە دەدا،بەتایبەتیی میرانی سەر سنوور بۆ راگرتنی سەری خۆیان لەسەر دوو تەنافی عوسمانی و ئێرانی زۆرباشیان یاری کرد. شەرەفخانی بتلیسی کە مەغزووبی دەرباری شاتەهماسب بوو، بە یارمەتیی سوڵتانی عوسمانی و میرانی کورد توانیبووی قزڵباشان تێک بشکێنی و بتلیسیان لێ بستێنێتەوە (٥) ئەحمەدی خانی ئەردەڵانیش بەپا بردن بۆ دەرباری عوسمانی توانی خۆێ بگرێتەوە و جێژنی سەربەخۆیی بگرێ و بە نێوی خۆی سکەلێدا و لە نوێژی جومعەدا بە نێوی ئەحمەدخان خوتبە بخوێندرێتەوە. (٦)

هێرشی بێ بەزەییانەی لەشکری سوڵتان مراد بۆ سەر ئەمارەتی "عەبداڵ" خانی بتلیسی" بۆ میرانی کورد جەند ئەزموونی بەنرخی تۆمار کرد، بەڵام میرانی تر کەڵکیان لەو ئەزموونانە وەرنەگرت:

**یەکەم**: بابی عالی نەیدەتوانی لەوە زیاتر دەسەڵات و سەروەریی میرانی کورد تەحەمول بکا، ئەم تاقیکاریەش یەکەم جار بوو لەسەر ئەمارەتێک - ئەویش ئەمارەتی عەبداڵ خان - کەلە هەموان بەهێزتر و بەهەیبەتتر بوو بەرێوە دەچوو.

**دووهەم**: میرانی کورد بوونە سێ بەش،بەشیکی بەرچاو پاڵی وە سوڵتان دا، هێندێکیان بێ دەخڵ مانەوە، بەعزێکێشیان پشتی عەبداڵ خانیان گرت، مخابن ئەوە هەر لەشکری کوردان بوو پشتی قارەمانانی رۆژەکی یان تێک شکاند و ئەمارەتی عەبداڵ خانیان تێکەوە پێچا. سوڵتانی عوسمانی لەو دووبەرەکی و چەند بەرەکی یەی کەلە نێو میرانی کوردی خستبوو، ئەوپەری کەڵکی وەرگرت.

**سێهەم**: نایەکگرتوویی میرانی کورد لە گەلەکۆمەگی یەکی کرایە سەر عەبداڵ خان، ئەو ئیمتیازەی بۆ سەلاتێنی عوسمانی دەستەبر کرد، هەر میریک لە ئەمرو نەهی سوڵتان دانەمێنێ، بە دەردی عەبواڵ خان دەچێ.

**مەسەلێکی کورد هەیە**: خۆم ودایکم سەید بین، بەرزنجی سەریان بە ریشی بابیان" راست ئەو پەندەش لە میرانی کورد قەومابوو، میرو بەگ و ئاژەڵ و لەوەرگە بەساغی دەرچووبان، خوای دەکرد باقیی میرە کوردەکان قریان تێدەکەوت. لەسەدەی ١٩دا کەنەفتی ولاوازی ئێران و عوسمانی کێشەی ئایینی لە بیر بردەوە، لەو وەختی دا میرە کوردەکان عامیلی سەرەکیی هەڵایسانی شەر و ئاژاوە نانەوەی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بوون. بەرژەوەندی رووس و بریتانیاش لەوەدا بوو، ئێران و عوسمانی چیدی بەگژ یەکدا نەچن و ئاشتی لە نێوانیان دا بەرقەرار بێ.

ئێران گیروگرفتی میرانی کوردی لە کۆل خۆی کردبۆوە. تەنیا ئەمارەتی ئەردەڵان مابوو، ئەویش لە ئەمرو نەهیی پاشاکانی قاجار دەر نەدەچوو، بەڵام ئەمارەتی کوردستانی عوسمانی، هەر بە نێو لەژێر دەسەڵاتی بابی عالی مابوونەوە، ئەگینا بە هیچ جۆرێک حازر نەبوون جل و بەرگی عوسمانی یەکان دەبەر خۆیان بکەن و، رەنگی ئەوان هەڵێنن.(٧) سەرنجام هەر دوو دەوڵەت بەو ئاکامە گەیشتن کەدەستی کوردەکان کورت بکەنەوە؛ رێککەوتننامەی یەکەمی ئەرزرۆم لە ساڵی ١٨٢٣ی زایینی دا، بەرەزامەندیی رووس و ئینگلیس لە نێوانیاندا بەسترا، لەو رێککەوتنەدا هەم ئاشتی ئایینی یان هێنایەدی، هەمیش رێککەوتن کەبە هەر دوولایان پێش سەربزێویی کوردەکان بگرن و تەکانیان لێ ببرن. رێککەوتننامەکە بۆ هەردوو دەوڵەت دەسکەوتێکی گەورە بوو، دوو قۆڵی بۆ بەربەرەکانیی ئەمارەتە کوردییەکان و بە چۆک داهێنانیان یەکتریان گرت. دوو بەرداشی گەورە بۆ غەزراندن و هارینی کوردەکان وەخۆ کەوتن، بەڵام میرانی کورد نەبایان پێ داهات، نەبۆران سەری خۆیان بەردابۆوە خەریکی ملۆمۆ کردن بوون، وەک هیچ نەقەومابێ وابوو، دوژمنان خەریک بوون ئاورگی ژیانی زێرینی میرایەتیی ئەوانی بۆ هەمیشە دادەمرکاند،

لەبەرامبەر دا ئەوانیش راست چارەنووسی دەسەڵاتدارەتیەکەیان بە قەزاو قەدەری مێژوو سپارد بوو.

عوسمانیەکان لە ساڵی ١٨٣٦ی زایینی دا لەمیرە کوردەکان وەخۆ کەوتن، لە یەکەم هەنگاودا بە لەشکرێکی بێ



سەرچاوە
Serchawe

ئەژمار شاڵاویان بۆسەر "میری سۆران" برد، میر محەممەد سالی ١٨٣٦ بانگی ئازادی و سەربەخۆیی لێ دابوو، بە نێوی ئەمیر مەنسوور فەرمانرەوایەتی دەکرد، بەرلەوەی بگەنە ناوچەی رەواندز هەرچی گوندی فەلە و یەزیدی بوو تاڵان کرا و سوتێندرا.

سوڵتانی عوسمانی سەر و ماڵی ئەوانی بۆ لەشکرەکەی حەڵاڵ کردبوو.

میرنزامیش بە چەک و جبەخانەی رووسەکان لە قفقاز را خۆی تەیار کرد و بۆسەر ئەمارەتی سۆران لەشکرکێشیی کرد.(٨) لە بەینەدا ئینگلیسی یەکان لە رێگای سیخۆرەکانیانەوە ئیتلاعاتی تەواویان بە هەر دوو لەشکری عوسمانی و ئێران دەگەیاندو،هەماهەنگی نیزامیی بۆ پێک دێنان.

میرمحەممەد دەیتوانی بە پشتگیری لە فەلە و یەزیدی یەکان پێش جبهەی خۆی قایم راگرێ، بەڵام دەمارگژیی ئایینی میرمحەممەد قەت ئیزنی پێنەدا بیرلە شتێکی وا بکاتەوە، بە دژی سوڵتان خەلیفە لە گەڵیان رێک کەوێ. بێجگە لەوەش میرمحەممەد بەهێزترین ئەمارەتی کوردیی ئەو سەردەمەی دامەزراندبوو، لە باری نیزانی و ماڵییەوە زۆر بە توانابوو، مەنتەقەیەکی ستراتیژیکیی یەکجار گرینگی بەدەستەوە بوو، بی ویستبا بەرگری بکا، زۆر هاسان دەیتوانی هێرشەکان تێک بشکێنی، بەڵام میرمحەممەد بەگویرایەڵی لە فتوای چەند مەلای دەوروبەر، پێی وابوو ئەگەر لە بەرامبەر لەشکری سوڵتان رابوەستی و شەر بکا، تەلاقی دەکەوێ. (٩)) بۆیە، رۆز سووک و ئاسان خۆی بەدەستەوە دا. لە حاڵێکدا میرمحەممەد پیاوێکی یەکجار ئازاو بە غیرەت بوو، بانگی ئازادی و سەبەخۆیی یەکەی بە هیچ جۆر لە گەڵ تەسلیم بوونەکەی جوور نەدەهاتەوە.

سوڵتانی عوسمانی لە پرۆژەی گەسک لێدان لە ئەمارەتە کوردی یەکان، نەیدەوێرا خۆ لە هێندێک شوێن بدا،دەستەو داوێنی دەوڵەتی ئاڵمان بوو."فیلدمارشاڵ هولس فونی مولتەکە" هەرچەندە وێژدانی بەوکارە لەعەزاب دابوو، نەخشێکی باڵای گێرا.

میرانی کورد لەپاڵ خاڵە لاوازەکانی نێوخۆیی دا، هێندیک خاڵی لاوازی دەرەکێشیان هەبوو کە چارەنووسی دوارۆژی ئەوانی دیاری دەکرد:

* شارەزایی یان لەسەر هێزی دوژمن زۆر کەم بوو.
* هەمیشە هێزی دوژمنیان بەکەم دەگرت.

* سنووری دۆست و دوژمیان لێ تێکەڵ دەبوو.

* روانگەی جیهان بینیی زۆربەی میران کورد لاواز بوو، نەیان دەزانی لەچ دەور و زەمانیک دا دەژین، دەوڵەتە گەورەکان کامانەن؟ نفووزیان لەسەر ئێران و عوسمانی و کورد تا کوێ یە؟

لە نێو میرانی کورد دا بەدرخان پاشا( ١٨٤٢) لەباری ژیری و سیاسەت و کارزانییەوە، لە هەمووان لەسەرتر بوو، هەرچەند دەرەنگ وەخۆ کەوت. بەڵام لە بەرامبەر هەرەشەی سوڵتاندا سەری دانەنواند، مەقاومەتی کرد. نەک هەربوو پاراستی سەربەخۆیی ئەمارەتی جەزیرو بۆتان، بەڵکوو بۆ رزگار کردنی، هەموو بەشەکانی کوردستان شۆڕشی دەست پێکرد. میربەدرخان یەکەم میری بەتوانای کورد بوو، بەهوێ خۆشەویستی یەکی کەلە نێو خەڵکی کوردستاندا هەیبوو، دیواری پاوانخوازیی میرایەتی کوردی رووخاندو، یەکگرتووی کردن و "پەیمانی پیرۆز"ی لە گەڵ دائیمزا کردن. بیری تیژی میربەدرخان، مەڵبەندی ئەمارەتی ئەردەڵانییشی گرتەوە. میربەدرخان بە پێچەوانەی میر محەممەد"پاشاکورە"، لەبواری مەزهەبییەوە ئینسانێکی کرواە بوو، باوەشی بۆ گەلانی لێقەوماوی مەسیحی و یەزیدی یە کوردەکان ئاواڵە کردبۆوە و هێنابوونیە نێو رێزی شۆڕشەکە لەو زەمانی دا عوسمانیەکان پەندێکیان داهێنا:

لە پەنا هەر بێ دینێکدا،کوردێکی موسولمانیش دەنێنرێ.

شۆڕشی رزگاریخوازانەی بەدرخان پاشا، هەر بۆ ئێرانی و عوسمانی مەترسیدار نەبوو، راستەوخۆ هەرەشەیەک بوو بۆ قازانجە ستراتیژییەکانی بریتانیا لە مەڵبەندی رۆژهەڵاتی نێوەراستدا. دەوڵەتە گەورەکان بە دوو شێوە ناوچە ستراتیژییەکانی کوردستانیان کۆنیرۆڵ دەکرد؛ میسیو نێرەکان و، کۆنسولگەرییەکان، لە رێگای جاسووسی و کۆکردنەوەی ئیتلاعات و، گەران بەوڵات داو، کرینی ئەفرادی و راکێشانی پەیرەوانی ئایینی مەسیح، جەوی سیاسی کوردستانیان بەدەستەوە بوو. (کوردەکانی ئیمپراتوری عوسمانی، جەلیلی جەلیل، (١٠) ئەو دوو بەشە لە دامرکاندنەوەی شۆڕشی میربەدرخان دا نەخشی خراپیان دەگێرا؛ ئاسورییەکانیان لە کوردەکان هەڵگەراندەوە، دوو بەرەکیان لە سەرکردایەتی شۆرشدا ساز کرد، ئیتلاعات و زانیارییان لەئیختیاری دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی دەنا، بە گەیاندنی یارمەتی ماڵی و نیزامی بەهێزیان دەکردن. سنوورەکانیان بۆ لەژێر جاودێری رادەگرتن. هاوکاری ئێران لە تێک شکاندنی شۆڕشی بەدرخان دایەکجار زەق و بەر چاو بوو؛ تەنیا ئەوکەسانەی پەنا دەدا کە لە گەڵ سوپای عوسمانی شەڕیان نەکرد و بێ تەقەو رەقە جەزیرەیان بەجێ هێشت با.(١١)

دوایین شوێنی دەسەڵاتداریەتی کوردەکان ئەمارەتی بابان بوو. وڵاتی بابان هەڵکەوتێکی ستراتیژیکی تایبەت بەخۆی هەبوو. عەیبی گەورەی بنەماڵەی ئەمیرانی بابان ئەوە بوو، وێکیان هەڵنەدەکرد، دەناڵە زرینگی و هەستی کوردایەتی


سەرچاوە Serchawe

دا ناوبانگیان رۆیببوو. لەهەموو ئامارەتەکانی کوردستان زیاتر لە ناکۆکیی نێوان ئێران و عوسمانی کەڵکیان وەردەگرت. هەردوو دەوڵەت بە دەستیانەوە پێوە ببوون. میرانی بابان لەو سەردەمی دا عاملیکی سەرەکیی تەواوی ئەو شەر و کێشانە بوون کەلە نێوان ئێران و عوسمانی دەقەوما. ئەمەش بووبەهۆی ئەوە سەرەنجام هەردوو لا هان بدرێن کێشەکانیان بن برِبکەن و لەئەمارەتی بابان وەخۆ کەون. لەساڵی ١٨٤٧ی زایینی دا رێککەوتننامەی دووهەمی ئەرزە رۆمیان مۆرکرد. خاڵەکانی ئەو پەیمانە زۆر ورد و حیساب کراو دارێژرا بوون. ئێران بۆ هەمیشە دەستی لە ناوچەی سلێمانی کێشاوە وازی لە ئیدەعای ئەرزی ئەو ناوچەیە هێنا. عەشیرەتە کوردەکانیش مەجبوور کران هاوولایەتی خۆیان دیاری بکەن؛ داخۆ ئێرانین یا عوسمانی؟!. دوو دەوڵەت بەڵێنی یان دا بە هاوکاری و یارمەتی دانی یەکتر، سنوورەکانیان بپارێزن و پێشی هاتوچۆی هێزی چەکداریش بگرن. (١٢)

### ب: ستراتیژیی دەوڵەتە ئیستعمارگەرەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەراستدا

رەقابەتی فەرانسە و ئینگلیس و رووس بۆ بەدەستەوەگرتنی بازاری مەڵبەندی رۆژهەڵاتی نێوەراست لە ساڵی ١٧٩٨ دادەستی پێکرد. بریتانیا لە رێگای کۆمەگی ماڵی بەفەتحعەلیشای قاجار (١٨٠٩ - ١٨١٢ز) تەواو لەنێو دەرباری ئێراندا جێی خۆی کردەوە، پێوەندیەکی ئەرباب - رەعیەتی لە نێوان بریتانیاو زنجیرەی قاجار دا رایەڵ کرا. "سرگوراوزلی" پارێزەری سیاسەتی ستراتیژیی ئینگلیس بە مەبەستی پاراستنی هیند، بەدەوڵەتی ئینگلیسی دیکتە کردبوو: "ئێران لاوازو دواکەوتوو رابگرێت" (١٣)

بریتانیا وێرای نفوز لە ئێران، لەنێودەوڵەتی عوسمانیش دا رەخنەی کرد. لە سەرەتاوە بە رەزامەندیی عوسمانی لە ساڵی ١٧٦٤ی زایینی دالە "بەسرە" دا کۆنسولگەری دانا. لەساڵی ١٧٩٨ی زایینی دالە بەغدا باڵوێزخانەی کردەوە.لەساڵی ١٨٣٤ی زایینی بۆ پاراستنی رێگای ئاویی کەنداوی فارس و "شط العرب"، ئەرتەشی لە لێواری شطالعرب و"کویت" دابەزاند. بەپێی فەرمانی ٢٩ی دیسامبری ١٨٣٤ی زایینی ئیمتیازی لێخورینی گەمنیی لە رووبارەکانی دیجلەوفورات دا بۆ خۆی پاوان کرد. (١٤)

بەم جۆرە ئینگلیس وەک یەکەم قودرەتی ئوروپایی بۆ گەیشتن بە هندوستان پێویستی نەدەکرد. "دماغە امید نیک" لە باشووری ئەفریقا را دەور لێ بداتەوە. بە موسەیتەر بوونی "بین النهرین" دا توانی دەریای مەدیتەرانە و کەنداوی فارس وێک خاتەوە. لەو زەمانی دا نرخی ئابووریی "شط العرب" و کەنداوی فارس بۆ دەوڵەتی ئینگلیس چی وای لە کاناڵی سوئێزی ئێستا کەمتر نەبوو. مەڵبەندی ژێئۆستراتیژیکیی باشووری رۆژئاوای ئاسیا لە گەڵ پلانی ژێئۆپۆلیتیکی ئینگلیس یەکتریان دەخوێندەوە. سەرانسەری خاکی کوردستانیش ببوە بەشێکی جیانەبۆوەی ئەم مەڵبەندە. پانتایی ئیمپراتوری بریتانیا لە هندوستان ڕاتا رووباری فورات خۆی راکێشابوو. لە تەواوی سەدەی نۆزدە

و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا تا کۆتایی شەری دووهەمی جیهانی، دەوڵەتی ئینگلیس لە مەڵبەندی رۆژهەڵاتی نیوەراست دا بە هیزترین دەوڵەتی بیگانە بوو.
رووسیای تەزاری لە دوو شەردا فەتحعەلیشای شکست دابوو، بەسەرقەفقاز دا حاکمییەتی هەبوو. لە بەستنی دوو پەیمانی گوڵستان (١٨١٣ز) و تورکمانچای (١٨٢٣ز) داهەموو مەڵبەندی قەفقازی لە ئیران ساندبوو. سەرباقی ئەوەش خەسارەتی جەنگیشی لێ دەساند، لە باری ماڵی و نیزامیەوە فەتحعەلیشای قاجاری رەزیل کزبوو، لەباکووری ئیران رووس کوێخای وڵات بوو، لە خاکی کوردستان تەنیا ناوچەی "قوتوور" لە باکووری کوردستانی ئیران بە هۆی نزیک بوونی لە قەفقاز بە گرینگترین شوێنی ستراتیژیی رووسەکان دەژمیردرا، بۆیەئەو ناوچەیان هەمیشەلە ژیر چاوەدیری دا راگرتبوو.

لەباشووری ئیران و کەنداوی فارس دا، ئینگلیس ئاغا بوو.ئینگلیس و رووس سەرەرای ئەوەی لەسەر ئیران رەقیبی یەکتری بوون، بەوحالەش بەرامبەربە دوو وڵاتی ئیران و عوسمانی لەسەرانسەری سەدەی نۆزدەدا تا شەری جیهانی یەکەم پێکەوە تەوافوق و موداراییان هەبوو. وای لیهاتبوو دوو دەوڵەتی ئیران و عوسمانی بە بێ ئیزنی رووس و ئینگلیس نەیان دەویرا قامک دەئاوی رۆبکەن. دیپلۆماتەکانی رووس و ئینگلیس لە تاران و ئیستامبوڵ نەبزی سیاسی و بازاری هەردووولاتیان لە دەست دابوو. لەو نیوەدا خەبات و شۆرشی رزگاریخوازانەی کورد هۆکاری تیکدانی ئەم نەزمە ستراتیژیکی یە بوو کە رووس و ئینگلیس لە وڵاتی ئیران و ئیمپراتووری عوسمانی دا بەریوەیان دەبرد. ئینگلیس توندتر و رووسەکان شل تر لە دژی شۆرشی نەتەوەیی کوردەکان راوەستابوون، بەڵام رووسەکان لە سەر کوردان تینێنی خۆیان هەبوو، چونکە دراوسیی کوردەکان بوون،قەت خوازیاری ئەوە نەبوون بیانکەنە دوژمنی راستەوخۆ و هەمیشەیی خۆیان، بگرە جاروبار دەشیان لاواندەوە. بۆ رووسەکان گرینگ ئەوەبوو دەستیان بە تەنگەی بۆسفور و داردانیل و ئاوی گەرمی کەنداوی فارس و دەریای عومان رابگا."پطرکبیر" لە پێش مردنی دا (ئاوریلی ١٧٢٥) لە خالی ٩ی وەسییەتنامەکەی دا هێنابووی:

"ئەوەندەی دەتوانن نزیک بوونەوە لە ئیستامبوڵ و هیند بکەنە واجبی سەرشانی خۆتان. لەوە دڵنیابن هەرکەس ئیستامبوڵی بەدەستەوە بێ، دەتوانی هەموو دنیاشی بەدەستەوە بێ. بۆیەپێویستەپەیتا پەیتا دەگژ دەوڵەتی عوسمانی و ئیران رابچن. بەرەبەرە بۆ داگیرکردنی دەریای رەش هەنگاو باوێن. کارخانەیگرمێ سازی دابنێن بە پشتیوانیی ئەوکارانە دەست بەسەر دەریای باڵتیک دابگرن" (١٥)

ستراتیژیی سیاسەتی فراوانخوازانەی رووسەکان لەو هێڵەرا بەرەوپێش دەچوو. هێنانەوەی هێندێک نموونە، راستی و دروستی سیاسەتی ئینگلیس و رووس لەسەر مەسەلەی کورد باشتر روون دەکەمەوە:

شۆڕشی یەزدانشێر (١٨٥٤ز) لە هاکاری و بۆتان نیشانەی پێ ڕێخستن لە ڕێککەوتننامەی دووهەمی ئەرزرۆم و ڕێگانەدان بە سەقامگیربوونی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە کوردستان دابوو. رووس و ئینگلیس لە دامرکاندنەوەی شۆڕشی یەزدانشێر، لە دەوڵەتی عوسمانی بە پەلەتر بوون. کۆنسولی بریتانیا بە فریای دەوڵەتی عوسمانی یەوە چوو، بە پارە بەخشینەوە و لەخشتە بردنی یەزدانشێر، هەڵی تێکشانی یەزدانشێری رەخساند. دەوڵەتی تەزاریی رووسیش مۆڵەتی بە دەوڵەتی عوسمانی دا هێزەکانی لە سنووری رووسیاوە بۆسەر یەزدانشێر راگوێزێ. (١٦)

" شێخ عبیداڵانەهری"یەکەم ڕێبەری ناسیۆنالیستی کورد بوو بو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دەستی دابووە شۆڕشی رزگاریخوازی (١٨٨٠ز). بەهۆی شەر پێوەندی سیاسی سوڵتان عبدالمجید و رووسەکان ئاڵۆز و لە گەڵ ئێران شلوێ ببوو. "شێخ عبیداڵا"لە و ئاڵۆزی یە سیاسی یەدا بوو هاتە نێو مەیدانی خەبات. سنووری نێوان دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی بەزاند، شۆڕشی رزگاریخوازیی خستە نێو کوردستانی ئێران. ئەمەش دەستپێکرانی رەوتێکی نوێ بوو. شێخ عبیداڵا دەیزانی بە بێ داکۆکی دەوڵەتانی گەورە سەرکەوتنی مومکین نابێ. داوای لە رووس و ئینگلستان کرد پشتیوانی لێ بکەن. کونسولی ئینگلیس پێی کوت: توانات نییە ئەو حکوومەتە رابگری". شێخ وەڵامی دابۆوە: "ئەگەر نەمتوانی حکوومەتیکی بەهێز لە کوردستان دامەزرێنم، ئامادەم بچمە بەر دادگایەکی ئورووپایی، بۆ هەموو سەزایەکیش ئامادەم". (١٧)

بەڵام چونکە ئینگلیس وەک هەمیشە دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بوو، میسیۆنێرو کۆنسولگەری یە ئینگلیس و ئامریکایی یەکان شان بە شانی یەکتری و بە کەڵک وەرگرتن لەو تاکتیکەی یەزدانشێریان پێ سەرکوت کرد، پشتی شۆڕشی رزگاریخوازیی نەتەوەیی شێخ عبیداڵا شیان تێک شکاند.

رووسیای تەزاری سەرباقی ئەوە لە گەڵ تورکانی عوسمانی لە شەردابوو، واش یارمەتیی شێخ عبیداڵای نەدا، چونکە راگرتنی لەنگەری پێوەندییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا لە گەڵ ئینگلیس بە گرینگتر دەزانی. وەجواب هاتنەکەی هەر ئەوەندە بوو لەسەر شێوەی کوشتنی هەمزاغای مەنگور بەرەسمی ئیعترازی لە حکوومەتی ئێران گرت.

"عبدالرزاق بەدرخان" روناکبیری ناسیۆنالیستی کورد، لەوە گەیشتبوو فەرمانرەوایی تورک نایەڵێ نەتەوەی کورد بەرەو شەقامی شارستانیەت هەنگاو هەڵێنێ، برواشی بەوە هێنابوو، دەرگای ئەو شارستانییەتە لە ڕێگای دەوڵەتی رووسیەوە بۆ کوردان دەکرێتەوە، چونکە وڵاتی رووسیا لە وڵاتە ئۆرووپاییەکان پتر بە کوردستان نیزیک بوو.

"عبدالرزاق" هەرچەند لە پاریس خوێندنی تەواو کردبوو، بەڵام بیروباوەرەکەی هانی دا لە ساڵی ١٩١٠ زایینی داوله



سەرچاوە
Serchawe

زەمانی پاشایەتیی "ئەلێنکساندری دووهەم" دابیێتە پەنابەری سیاسی دەوڵەتی رووس."عبدالرزاق بەدرخان" هەموو جموجۆڵێکی لە پێناو ئەوەدا بەکار هێنا کە کورد کۆت و زنجیری دیلایەتیی تورکان لە ئەستۆی خۆی دامالێ و کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی لە ژێر بەیداغی رووسیا دا دامەزرێنێ. (١٩)

"عبدالرزاق بەدرخان" دووهەمین رێبەری ناسیونالیستی کوردستانی عوسمانی بوو کە باکووری کوردستانی ئێرانی کردە ناوەندی تێکۆشانی سیاسی. زۆری هەوڵ دا کوردی ئێران و تورکیا لە نییەتی خێرخوازانەی رووس ئاگادار بکا، بە ئاگاداریی "چیرکۆف" کۆنسولی رووس لە شاری خۆی و ماکۆرا تا دەگەیشتەوە ویلایەتی موسڵ و شێخی بارزان، بە نامە نووسین پێوەندیی بە سەرۆک هۆزانی کوردەوە گرت. سەرۆک هۆزانی کورد بە مەرجی پشتیوانی دەوڵەتی رووس لە کوردان، گشتیان ئامادە بوون لە ژێر رێبەراییەتیی "عبدالرزاق" دا بمێنەوە. بە هەموو ئەو ئامادەکاری یەی کە "عبدلرزاق" بۆ جەلبی نەزەری رووسەکان وەرێی خستبوو، دیسانیش تێیدا سەرنەکەوت.

## ٢- کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا

### ئەلف: هەڵوێستی خراپی ئینگلیسی ئیستعمارگەر لەسەر دابەشکردنی کوردستان

هەڵوەشانی ئیمپراتوری عوسمانی لە جیاتی ئەوە وەزعی کورد باشتر بکا، بە جارێک ماڵوێرانی کرد. سەد خۆزگە بە دەور و زەمانی پێش شەڕ، دەستیان لەکوردستان وەرنەدابا زۆر باشتر بوو. حیکایەتی کۆسە چوو بۆ ردێنی سمێڵشی لەسەر دانا، راست لە کوردان قەوما. دوو دەوڵەتی کولۆنیالیستی ئینگلیس و فەرانسە بە تایبەتی لەسەر پێکەوەنانی دوو وڵاتی موستەعمەرەی شام و عێراق و مانەوەی قەوارەیەکی سەربەخۆ بە ناوی کۆماری تورکیا، چارەنووسی سیاسی کوردستانیان تووشی دوارۆژێکی رەش و پڕمەینەت کرد.تەنانەت حازر نەبوون کوردستان لە پلەی وڵاتێکی موستەعمەرەش دا بیڵنەوە، کوردستانیان بە رەزامەندیی خۆیان لە نێوان سێ وڵاتی شام و عێراق و تورکیا دا دابەش کرد. کوردستانی عوسمانی لە جڵدی وڵاتێکی سنووردار هاتەدەر و، لەنێو سنووری سیاسی ئەم وڵاتانە دا بە بەشێکی جیانەبۆوە و تەواوتیی ئەرزی یان قەبڵاند. کوردستان نە موستەعمەرە بوو، نە وڵاتێکی داگیرکراویش بە حێساب دەهات، دوای ئەم کارەساتە سەرانسەری خاکی کوردستانیان کردە تەواوکەری کیانی سیاسی چوار دەوڵەتی تورکیا، عێراق، سوورتا و ئێران. لەمەودوا هەر پارچەیەکی کوردستان و هەر رێکخراوێکی سیاسی کوردی مەردئازایی کردبا و تۆقی ئەو کیانە سیاسی یانەی لە مل دامالێ با و بەو دابەشبوونە قایل نەبووبا، فەوری مۆری "تەجزیە طلب" یان بەناوچاوانیەوە دەنا وبە هەمووان سواری سەری دەبوون تا کەوڵیان لە حاجەت نەختبا دەستبەرداری نەدەبوون.

کوردستان لە حالەتی موستەعمەرە بوونی دا دەیتوانی وەکو هەموو وڵاتانی موستەعمەرەی ئاسیاو ئەفریقا زۆرباش

هەڵ بدا، زمان و فەرهەنگ و هوویبیەتی نەتەوەیی ببوژێنیتەوە و سەربەستی راگرێ. لە بواری ئابووری، سیاسی، ئیدارەییەوە بە کوردستان رابگا و ئاوەدانی بکاتەوە، دوای تەواو بوونی ماوەی قەیوومەت سەرئەنجام وەکوو ولاتانی موستەعمەرەی دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنێ. بەڵام،لە دابەشکردن و دەست بەسەرداگرتنی دا، ئاسەواریان لە ولاتێک بە نێوی کوردستان بڕی. کوردیان لە هەرچی پێناسەی نەتەوەیی بوو داپلۆساند، لە شیلەو رەواقی زمان و فەرهەنگ و مێژووی نەتەوەیی حاکم دا هەڵیان شێلا، رەگەز و رەچەڵەکەیان لەجستەی دامالی، کردیانە هاوولاتی یەکی دواکەوتووی خزمەتکاری ناسیۆنالیزمی حاکم.

لەم نەزمەیەدا تراژیدیای دابەشبوونی نەتەوە و ناسیۆنالیزمی کورد لە ناو چوار بازنەدا،"جیهانبینی نەتەوەیی" و "ناسیۆنالیزمی کورد" یان بە پارچە پارچەکراوی لە ناو چوار نیشتمانی بچووکی شارداره دا قەتیس هێشتەوە. ئەو تراژیدیانە لە حاکمیتەتی درێژخایەنی"دەوڵەتە میللی یەکان" دا بە گشتی هیچ دەراوێکی روونی بۆ کورد نەهێشتەوە. رەسمی کرانی ئەلفبای لاتینی لە تورکیا و مانەوەی پیتی عەرەبی لە ئێران و عێراق دا لە بواری فەرهەنگیشەوە کۆمەڵی کوردیی کردە دوو بەش و لێکی دوور خستەوە و ئێتر لەمەدوا نەیانتوانی لەبەر هەمە فەرهەنگی یەکانی یەکتری کەڵک وەرگرن.

ئیستعماری ئینگلیس وەکو بەهێزترین دەوڵەتی دنیای دوای شەر، ئەو بەڵایەی بەسەر کوردستانی هێنا، با بە دەوراری شڕی نەکرد. هێندێک دەوڵەتی عەرەبی دامەزراندن.پێشتریناویان لە کوولەکەی ئەرزیش دانەبوو، رۆژێکیش بە خەباتی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆوە ماندوو نەببوون. نە سیاسەتمەداری باش و بەفامیان هەبوو، نە رێبەری خۆشەویست و نیشتمانپەروەر. رێکخراوی سیاسیشیان نەبوو. کەچی دەوڵەتی ئینگلیس بۆ ئەوەی بەیەکجاری لە ناوچەی کەنداوی فارس دا پاڵ بداتەوە. هەر لە زەمانی لورێنسی عەرەبستان را بۆ گەشە پێدانی ناسیۆنالیزمی نایەکگرتووی چەند پارچەیی عەرەب وەخۆ کەوتبوو. چەند سەرۆک عەشیرەتێکی قووت کردبۆوە. نیزامی مەلیکی و میرنشینی بۆ دامەزراندبوون و بە پێی بەرژەوەندیی بریتانیا ولاتی پان و پۆر و گچە گچەی لەم و لەم بۆ دابراندبوون و لەبەر دەستی نابوون و جلکی مەلیکی و ئەمیری پێ دەبەر کردبوون و دامودەزگای ئیداری بۆ دامەزراندبوون، ئەوانی فێری سیاسەت و ولاتداری کرد، بەهەموو هێزی سیاسی - نیزامیشەوە لە پشت سەریان راوەستا. کوردەکان لە عێراق دا نەک هەر قایل بەو ئاڵوگۆرە نێوخۆی یە نەبوون، دەنگێشیان بە پاشایەتی فەیسەڵ نەدا، حازریش نەبوون لە ژێر باری دەسەڵاتداری یەکەی دا بمێنەوە.

کوردەکانی ویلایەتی موسڵ بە پێچەوانە، لەو زەمانی دا زەعیم و پێشەوای خۆیان هەبوو، ئەویش "شێخ مەحموود" وەک کەسایەتی یەکی ناوداری کورد، لە نێو عەشیرەتی عەرەبەکانیش دا تا بڵێی خۆشەویست بوو. "شێخ مەحموود" تەنیا



سەرچاوە
Serchawe

بە پاڵپشتی ناسیۆنالیزمی کورد، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دامەزراندبوو، بەوحاڵەش ئینگلیس هەدای نەداو وەکوو ئاغا و سەروەر بەسەریەوە وێستابوو تا حەیاتی رەشی لە حکوومەتی "شێخ مەحموود" بەبڕی دەستی لە یەخە نەکردەوە.

## ب: نەخشی پووچەڵی رێبەرانی کورد لەسەر "پەیمانی سێڤر"

مەڵبەندی باشووری رۆژئاوای ئاسیا پاش شەری یەکەمی جیهانی ببوو بە مەڵبەندێکی پڕتەنگ و چەڵەمەی سیاسی. چارەنووسی وڵاتانی تازە دامەزراو مەعلووم نەبوو چیان بەسەر دێ لە پەیماننامەی سێڤەر دا ئاماژە بە دروست بوونی دوو دەوڵەتی "هەرمەنستان" و "کوردستان" لە مەڵبەندی ئاناتۆلی و ویلایەتی موسڵ کرابوو. ئەوانیش وەزعیان روون نەبوو چلۆن وەدی دێن. فەرنسە و ئینگلیس ببوونە چاوساغی دەوڵەتانی تازە دامەزراو، بەڵام هیچ دەوڵەتێکی خاوەن بریار خۆی نەکردە چاوساغی کوردەکان. لەدەریای سیاسەت دا شەپۆلی رۆژ دەی ژاندن. لەو بارودۆخە دا ئەوە رێبەرانی کورد بوون دەبوو لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتانی گەورەی بریاربەدەست شوێن دابنێن ودەوڵەتی سەربەخۆی کورد کە "بالقوە" لە پەیمانی "سێڤر" دا دانی پێ دانرابوو بیکەنە"بالفعل"، لەسەر خاکی کوردستان دا ڤێت و قۆزی کەنەوە. رێبەرانی کورد دەیانتوانی وەکوو"مستەفا کەماڵ" چلۆن کۆماری تورکیای لە وڵاتێکی لەت و کوت کراو دا ساغکردەوە، ئەوانێش چەرخی مێژووی سیاسی کوردان لەسەر هێمای دامەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد، هەتا ئەو ساتەی بە ئاکامی دەگەیەنن خول پێ بدەن.

پەیمانی "سێڤر" لەپێش دا دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستانی ئێستای تورکیا مۆر کردبوو، لەدوایی دا بۆ کامڵ کردنی قەوارەی ئەو دەوڵەتە کوردی یە، کوردستانی "بین النهرین" یش بۆی هەبوو خۆی لەو دەوڵەتە کوردیە قایم بکا و ببنە یەک. واتە رێبەرانی کوردی کوردستانی عوسمانی لە پلەی یەکەم دا بەرانبەر بە دانەمزرانی دەوڵەتی کوردی بەرپرس بوون: رێبەرانیان "ثریا بەدرخان" و "شێخ عبداڵقادر شمزینی" دوو هەڵوێست و بووچوونی جیاواز لە یەکتریان هەبوو، هەلەکەیان، نەقۆستەوە، قسەیان نەکردە یەک، ستراتیژی یەکی یەکسانیان دانەڕشت، نوێنەری رەسمی یان بە پلاتفۆرمی پەسەند کراو بۆ "کۆمیسیۆنی ئاشتی "نەنارد، کوردستانی سەربەخۆیان لەبیر بردەوە، حازر نەبوون لە برا تورکەکانیان جیا ببنەوە! ئیختیاریان لە خۆیان بری، خۆیان بەدەستی قەزاو قەدەر سپارد، بەقسەی مستەفا کەماڵ هەڵخەڵەتان، ئەوەی بەزەرەری کورد بوو کردیان. کوردستان بێ ساحێب کرابوو، "شەریف پاشا: هەرچی کردی بە "ابتکار"ی خۆی کردی. کەسێک نەبوو نوێنەرانی پارچەکانی کوردستان لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە، ڕاو تەگبیرێکی گشتیان نەکرد، بەهەر دوو باران: هەم لە سیاسەتی دەرەوە دا و هەم سیاسەتی نێوخۆدا دۆراندیان.

"شێخ مەحموود" لە پلەی دووهەم دا لە ئاست پەیمانی "سیڤر" بەرپرس بوو. "شێخ مەحموود" لە جیاتی ئەوەی خۆی لە "ثریا بەدرخان" و " شێخ عبدالقادر شنزینی" نزیک کاتەوە و بە هەموان ڕێگا بۆ وەدی هێنانی بەندەکانی پەیمانی "سیڤر" خۆش بکەن، خەڵکی ناوچەکانی هەورامان و سەقز و بانە ی هاندە دا لەسەر یەکگرتنەوەی دوو پارچەی کوردستانی ئێران و ویلایەتی موسڵ و دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردی بە سەرۆکایەتی خۆی بۆ "کۆمیسیۆنی ئاشتی" تۆمار کۆ بکەنەوە. هەرچەند کاری "شێخ مەحموود" لەو بارەوە ئیجابی و کوردانە بوو، بەڵام "شێخ مەحموود" لەو بەشەدا بە هەڵە چووبوو؛ چونکە "شێخ مەحموود" بە پێی بەرگەکانی پەیمانی "سیڤر" نەیدەتوانی ئیدعای کوردستانی ئێران بکا. بەڵام، ڕێگای هەبوو هەوڵ و تەقەللای لێبراوانە بدا. ڕێبەرانی کورد سێ ساڵ ماوەیان هەبوو، بۆ چەسپاندنی مافی نەتەوەیی لە نێو دەوڵەتێکی کوردی دا پێکەوە ڕاوێژ بکەن، بیری لێ بکەنەوە، گەڵاڵەی بۆ دارێژن، هەوڵی سیاسی و دیپلۆماسی بۆ بدن، بەڵام لەبەر چەند بەرەکیی نێوخۆیی تەسلیمی ئەمری واقیع بوون و هەموو دەرفەتە زێرین و مێژووییی یەکەیان بە فیرۆ دا.

حاشا لەوە ناکرێ "شێخ مەحموود " بەبێ ئەوەی گوێڕایەڵی فەرمانی دەوڵەتی ئینگلیس بێ، ئازایانە و لێبراوانە خۆی کردە مەلیکی کوردستان و دەوڵەتی کوردی دامەزراند، ئەمەش لە نەفسی خۆیدا کارێکی یەکجار پڕبایەخ و کوردانە بوو، بهاتبا لە هەمان کاتیشدا "شێخ عبدالقادر" و "ثریا بەدرخان" لە باکووری کوردستان دا کارێکی ئەوتۆیان کردبا، ئەمجار و بێگومان بە هەر دوولا دەیاتوانی هەڵوێستی وڵاتان بگۆڕن و، چارەنووسی کوردەکان بە بارێکی دیکەدا بخەن. کەمایەسیی هەرە کاریگەری ڕێبەرانی کورد ئەوە بوو لە کون کاژێری سیاسەتی نێو نەتەوەیی و مشت و مڕی دەوڵەتە گەورەکان بۆ پچڕینی بەش میراتیان لە ئیمپراتوری عوسمانی، بەرادەی پێویست شارەزا نەبوون. ڕاوێژکاری سیاسی ئەوتویان نەبوو ڕێنوێنیان بکا و، پێیان بسەڵمێنێ کە کوردەکان تەنیا لە دارشتنی پلانێکی سیاسی هاوبەشیان دا و بەخۆ نزیک کردنەوەیان لە ستراتیژیی دەوڵەتە گەورەکان دا شانسی دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردیان بۆ دەرخسێ. لەمەش زیاتر بۆیان نییە لەسەر مەسەلەی ڕزگاری نەتەوەیی یان بیر لە شتی لاوەکی بکەنەوە و خۆیانی پێوە ماندوو بکەن.

"شێخ مەحموود" لەوە دا لە ئینگلیس لەبەر چی لەسەر یەکگرتنەوەی موسڵ و کەرکووک و بەستنەوەیان بە دەوڵەتی تازەی عێراق ئەوەندە پێ دادەگرێ، سەری سوور مابوو. ئەگێنا بۆ "شێخ مەحموود" دەرفەتیکی لەباری تریش ڕەخسابوو، دەستی دەدا لە وەختی دا بەقسەی "سمکو" سمایل ئاغا بکاو، خۆی لە جەزبەی سۆزی ئایینیی عوسمانییەکان و نیزیکایەتی لە مستەفا کەماڵ دوور بخاتەوە، لەسەر شێوەی حکوومەتێکی خودموختاریی کوردی لە نێو قەوارەی عێراق دا لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیس پێک بێت.لەو زەمانی دا هەڵوێستێکی بەم جۆرە، کنجاوترین شێوەی چارەسەری مەسەلەی کورد لەم بەشەی کوردستان دابوو. ئینگلیس بە ناردنی "سمکو "بۆ لای "شێخ مەحموود "لە ڕۆژی

کریسمەسی ١٩٢٢ی زایینی دا پلاتفۆرمێکی بە ناوی دەوڵەتی بریتانیا و حکوومەتی پاشایەتی عێراق بە: شێخ مەحموود "راگەیاند، بۆ یەکەم جار باسیان لە حکوومەتێکی کوردی لە گەڵ دا هێنابووە گۆڕێ:

حکوومەتێکی کوردی لە نێو سنوورێکی دیاری کراو دا دابمەزرێین، بۆ تەنزیمی پێوەندی نێوان حکوومەتی کوردی و حکوومەتی عێراق نوێنەر بنێرنە بەغدا". (١٩)

"مستەفا پاشا یامولکی" تەنیا کەسێک بوو لە تشرینی یەکەمی (ئۆکتۆبری) ١٩٢١ی زایینی دالە "چەریق" پێوەندی بە سمکووە گرت، داوای لێ کرد لە جیاتی شەر لە گەڵ ئێران، یارمەتیی کوردەکانی باکوور بدا و بە هەمووان نەیەڵن "مستەفا کەماڵ "بەسەر کورد دا زاڵ بێ. ئەمەش بەجێ ترین هەڵوێستی سیاسی بوو کە "سمکو" لەو سەربەندەی دا دەیتوانی رچاوی بکا. بەڵام "سمکو" حازر نەبوو بە خاتری ئەو یارمەتییەی کەلە "مستەفا کەماڵ " وەردەگرت پردی نێوان خۆی و مستەفاکەماڵ بروخێنێ! لەحالێکدا سمکو دەیتوانی لەسەر رێنوێنی یەکانی مستەفا پاشا،بە هانای "شێخ عبدالقادر" و باقی رێبەرانی کوردەوە بچێ و، لەو خەیاڵات و متمانە بێ جێ یانەی بە مستەفا کەماڵی دەکرا، بیان هێنێتە دەر. ئەوەی لەو کاتی دابۆ "سمکو" بەرهەمدارتر بوو، خۆ زیاتر نزیک کردنەوەی لە سلێمانی بوو تا دیاربکر. لەو سەردەمەی دا نەک هەر "سمکو"، بەڵکوو ئەرکی هەموو نیشتمانپەروەران و رووناکبیرانی کورد ئەوە بوو بۆ وەدی هێنانی دەوڵەتێکی کوردی - هەرچەند سنوورەکەشی زۆر بەرتەسک بوو - "پەیجووری"ی "پەیمانی سێڤر" بکەن و لە پشتی رابوەستن. بەڵام، سمکۆش لە قالبی رێبەرێکی کورد دا هەر لە پاڵ خۆی دا پیشی دەخوادرەوە، زیاتر هزر و بیرەکەی لە چارەنووسی سیاسی خۆی دا هیلاک و شەکەت کردبوو:

"داخوا رۆژێک دێ داخی خۆی بە عەجەمان برێژێ و تۆڵە بستێنێ؟!

### ج: پێگەیشتنی ناسیۆنالیزمە ستەمکارەکان

پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، وێرای دروست بوونی هێندێک وڵاتی تازە لە باشووری رۆژئاوای ئاسیا، تێئوری دەوڵەتداریی ئینگلیس و فەرنسە کە لەسەر پاژنێی "دەوڵەت - نەتەوە" هەڵ دەخولا، بوو بەباو. بەتایبەت لەو زەمانی ڕا ئینگلیس سیاسەتی ستراتێژیکی خۆی تەواو سەرو بن کرد. دەستی لە دواکەوتوو راگرتنی وڵاتان هەڵگرت. ئەو هەلە بۆ وڵاتانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا رەخسا خێراتر لە وڵاتانی دیکەی ئەو مەلبەندە، تێزی حاکمییەتی "دەوڵەت - نەتەوە" بێننە بەرهەم. هێندەی نەخایاند دەوڵەتەکانیان، ئیدئۆلۆژیی ناسیۆنالیزمی فەرمانرەوای تورک، فارس عەرەب یان کردە گۆپاڵ و قۆڵەچۆماغ و سەر و پوتراکی گەلانی ژێر دەستیان پێ تێک دەکردنەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## ناسیۆنالیزمی تورک

ضیاء گـالوبی "کورد،بـه ئیکهـام وەرگـرتن کۆمەڵناسـی" دورکـیم"تێـزی ناسـیۆنالیزمی تـورکی دارشـت، میللـەتی عوسـمانی مـرد و میللەتی تورک لە دایک بوو.

(تــورانچینی)(زارەفانــد) وەرکــەوتن، ئایــدیۆلۆژیا و بەرنامــە،(٢٠) یــەوە نیزامــی خەڵفــەت و ســەڵتەنەتی رامــاڵی، دەوڵــەتی عوسـمانی هەڵوەشـاند، کۆمـاری تورکیـاو دەوڵـەتی تـورکی دامەزرانـد. نەتـەوەی تـورکی کـردە حـاکم، گۆتیـان سـەران سـەری ئاسـیا مـاڵی تورکانـە! لـە مارسـی ١٩٢٤ی زایینـی دەسـتیان بـە قوتابخانـە و کـۆڕ و بڵاوکـراوە تەریقەتـە ئایینی کـان داهێنـا، نـوای کوردسـتانیان لـە کتێبـی مێـژوو و جوغرافیـا دا سـڕیەوە، مێشـکی قوتـابی یـان بـە تـورک و رەگـەزی تـورک ژاخـاودا، هـەر ئەفەندییـەکی خـۆی بـەتورک لـە قەڵـەم نـەدابا، بـە کارمەنـد و مووچـەخۆر وەرنـەدەگیرا! (٢١) لـە مـاددەی ٨٩ی قـانوونی ئەساسـیی تورکیـا دا نـەگونجا بـوو: "لـە وڵاتـی کۆمـاری تورکیـادا هـیچ کەمایـەتی یـەک نییە" (٢٢)

مستەفا کەماڵ بۆ خزمەتی ناسیۆنالیزمی تورک لە خۆی پرسیاری کرد:

"بۆچی وڵاتانی باڵکانمان لە دەست دا" هەر بۆ خۆشی وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ:

"لەبـەر ئـەوە بـوو وڵاتـانی باڵکـان ئوسـلاویەکان فێـری ئوسـلوبی لێکۆڵینـەوە و لـێ وردبوونـەوە ببـوون. لـە سـەر زمـان و فەرهـەنگ و تایبەتمەنـدی یـەکانی خۆیـان توێژینـەوەی بـە نرخیـان کـرد، خـەڵکیان وشـیار کـردەوە، شـعووری نەتـەوەیی یان گەشە پێدا، ئەمجارە ڕاپەرین و خەبات دژی سوڵتەی ئیمپراتوریی عوسمانی یان وەرێخست" (٢٣)

بیـرو بۆچـوونی و هەڵوێسـتی مسـتەفا کـەماڵ بـە کـردەوە لـە ژێـر حاکمییـەتی کۆمـاری تورکیـا دا دەڵاقـەی هەناسـە کێشـان و خۆناسیی لە نەتەوەکانی غەیری تورک، بە تایبەتی لە نەتەوەی کورد قەپات کرد.

ناسـیۆنالیزمی تـورک بـە داوای تێـک شـاندنی شۆڕشـی ئـارات لـە سـاڵی ١٩٣٠ زایینـی دا بـە قـەولی خـۆی، ناسـۆنالیزمی کـوردی لـە گۆڕنـا، بـە کـردەوە، تـورکی کـردە ئاغـا و ئـەربابی وڵات. گـەلانی غـەیرە تورکیـان کـردە غـولام و خزمـەتکار؛ تواندنـەوەی کـورد، کـۆچی ئیجبـاری، کـاول کردنـی گونـدە سـتراتیژی یـەکان، هەڵتەکانـدنی ژیـانی خـەڵک، بـوو بـە سیاسەتی رەسمیی ناسۆنالیزمی دەسەڵاتداری تورک. تورکان جارێان دانابێ لە تواندنەوە بترسێنن. کوردەکان بە

ڕەگەز توورانین، زمانەکەیان بێجگە لە تورکی کۆن و فارسی و عەرەبی و هەرمەنی شتێکی دیکە نییە. (٢٤)

## ناسیۆنالیزمی ئێرانی

لەسەدەی نۆزدە دا حکوومەتی قاجار و ڕووناکبیرانی ئێرانی لەسەر "نەتەوە" و "مسائل ملی" هیچ ڕوانگەیەکی ڕوونیان نەبوو."

مستشارالدولە" یەکێک لە ڕووناکبیرانە بوو، غیرەتی وەبەر خۆی ناوە، بۆ یەکەم جار لە ریسالە سیاسی یەکەیدا لە سەر پێوەندی ئۆرگانیزمی "ئیرادەی خەڵک" و "نەتەوە"و "دەسەڵاتی دەوڵەت" داوە. مستشارالدولە بێ ئەوەی فەرقێک بە مقوولەی: خەڵک و نەتەوە" بکا، لە پشت تیزی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ئیرادەی میللەتەوە سەرچاوە دەگرێ، ڕاوەستا، بەخاتری دەربڕینی ئەو بیرو باوەڕش بوو لە قەزوین زیندانی کرا، هێندەیان بە سەر وگوێلاکی دادا، تا بینایی یان لێ برێ. بیروڕای مستشارالدولە و ڕووناکبیرانی لە بابەتە بوو، ئاگری شۆڕشی مەشرووتەی ( ١٩٠٥ - ١٩٠٩ز ) بەرپا کرد و، نیزامی دەسەڵاتی یاسایی لە ئێران دامەزرا. بۆ یەکەم جار ئیستلاحی "نەتەوە" لە قانوونی ئەساسیی ئێران دا جێی خۆی کردەوە. لە ئەسلی ١١ی قانوونی ئەساسیی دا هاتبوو:

هەر ئەندامێکی مەجلیس دەبێ بۆ دیفاع لە ئەوسوولی سەڵتەنەت و پشتیوانی لە مافی میللەت و ئەو شتانەی پێوەندی یان بە قازانج و بەرژەوەندیی دەوڵەت و نەتەوەی ئێرانەوە هەیە سوێند بخوا. (٢٥)

بەپێی قانوونی ئەساسی هەموو ئێرانی یەک بە" خەڵکی ئێران" و ئەندامی یەک نەتەوە "نەتەوەی ئێران" ناسران و، هاووڵاتی یەتی و نەتەوەیی کرانی ئێران جل و بەرگی قانوونی پێ دەبەر کرا. بە دوای قانوونی کردنی "نەتەوەی ئێران" مەیدان بۆ خۆناساندنی هیچ نەتەوەیەکی دیکە جیا لە "نەتەوەی ئێران" لە ئارادا نەما.

ئیدەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، لە کاتی بەستنی "پەیمانی سیڤر"و، هەڵگیرسانی شۆڕشی ناسیۆنالیستیی کورد بە سەرۆکایەتیی سمکۆ و حوکمداری "شیخ مەحموود" لە هەرتی فریکە بوونی خۆی دابوو. سیاسەتی ستراتیژیی بریتانیا کە لە هێنانە سەر کاری حکوومەتێکی بەهێز و ڕێزلێنان لە سەروەریی خاکی ئێران دەوری سەرەکی دەگێرا، هۆی ئەوە ناسیۆنالیزمی ئێرانی گەشە بکا و دەور هەڵگرێ و ببێتە حاکم.

سیاسەتمدارانی ناسیۆنالیستی ئێران لەو زەمانیش دا نییەتیان لە ئاست چارە نووسی سیاسی کوردان زۆر ناپاک بوو. کوردیان پێ میللەت نەبوو، خاکی کوردستانی عوسمانیشیان بە هێ ئێران دەزانی. شازادە "نصرت الله فیروز" وەزیری

دەرەوەی ئێران هیچ هەوڵێک نەما بۆ هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەی سێڤر بە کاری نەهێنێ، بۆ کونفرانسی ئاشتی نووسیبووی:

"(کوردەکان)... قەت نەیانتوانیوە ببنە نەتەوە،بە دووریش دەزانن ببنە خاوەنی سنووری سیاسی تایبەت بە خۆیان". (٢٦)

هەر لە وەختەشدا بوو، شازادە سولیمان میرزا، لە مەجلیسی شورای میللی دا دەڵێنگی لە حکوومەتی "شێخ مەحمود "هەڵکرد و گوتی:

"کوردەکان لە هەموو کەس باشتر دەزانن ئێرانین، "شێخ مەحموود" هەر ئیددیعایەکی بیشی کات لە خەیاڵ پلاو بەلاوەتر نییە" (٢٧)

ناسیۆنالیزمی ئێرانی پاش سەری یەکەمی جیهانی لەسەر دوو لاقان پێی هەڵگرت: ئێرانیگەری لە ئیدیۆلۆژی دا و، دەوڵەتی بەهێزی ناوەندی لە مەیدانی کردەوە دا. دەوڵەتی بە هێزی رەزاخان بە پاڵپشتی مێژووی ئێران و زمانی فارسی بوو،بناغەی ناسۆنالیزمی ئێرانی دارشت. (٢٨)

رووناکبیرانی ناسیۆنالیست، لە "ملک الشعرا"ی نیشتمانپەروەرەوە را بگرە تا دەگەیشتەوە ئێرانچێتیی"کسروی، تویژێکی ئاراستە کراو بە ئیدەی ناسیۆنالیزمی تۆخی ئێرانی بوو. ئەمانە بۆ سەقامگیر کردنی حاکمییەتی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، لە پشت دەوڵەتی بەهێزی ناوەندی راوەستان و رێگا خۆشکەری بوون. تاق و لۆق کەسانی وەکوو "میرزاعیشقی" پەیدا دەبوو دەخۆی رانووسێ و لە بەرامبەر رەزاخان دا(سەردار سپه) بکۆخێ. سەردار سپه لەو زەمانی دا بە "باوکی میللەت" ناوبانگی رۆیبوو. بەڵام میرزادەی عیشقی ئازایانە نەفرتی خۆی لە باوکی میللەت دەربڕی و گوتی:

پدر ملت اگر این بی پدر است
به چنین ملت و گور پدرش باید خندید

"ملک الشعراء بهار" لەو رووناکبیرانە بوو، خەونی بە هاتنە سەرکاری حکوومەتێکی دیکتاتورەوە دەدی و دەی گوت:

... دیکتاتور یان حکوومەتیکی بە هێز و شتێکی لەو بابەتانە، هەر من وام بیر نەدەکردەوە، ئەو بیرو بۆچوونی



سەرچاوە
Serchawe

چێنیکی فامیدە و شارەزای وەزعی ئەو زەمانی بوو، هەموویان ئەوەیان گەرەک بوو... وەختێک رەزاخانی پەهلەوی هاتە مەیدان، منیش بروایەکی تەواوم بەو ئینسانە تازەکارە و ئازا و بە توانایە هێنا" (٢٩)

حکوومەتی بەهێزی رەزاشا هەرچەند داخوازی و ئاواتی رووناکبیرانی لیبراڵی ئێرانی وەدی هێنا، بەو حاڵەش وەخۆی نەگرتن. زۆربەی ئەوانەی رێگای ئیدئۆلۆژی یان بۆ هاتنە سەرکاری تەخت کردبوو، بە کوشتن و زیندانی کردن و دوور خستنەوە، لە خۆی تەکاندنەوە.

رەزاشا بۆ یەکرەنگ کردنی هەرچی زیاتر تەک نەتەوەیی کردنی ئێران، لە رێبەندانی ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی دا ئیدارەیەکی بە ناوی "پرورش افکار" دامەزراند. لە پەیرەو کردنی سیاسەتی شووینستانەی دا دەیان هەزار کوردی لە کوردستان هەڵقەند، لە مازەندەران و خوراسان و ناوەندی ئێرانی پەستاوتن، بە ئەنوەست تورکەکانی لە جێگای ئەوان دانا، بەو کارە لە نێوان دوو نەتەوەی دراوسێ ئاگری دژایەتیی قەومی خۆش کرد.

بە گشتی زۆربەی ئەو رووناکبیرانەی بیرو رای لیبراڵی و چەپییان هەبوو، رەوتی ناوەندناژۆیی یان خێراتر کرد. بۆ لابردنی کەند و کۆسپی سەر رێگای پێشکەوتنی وڵات و بۆ هێنانە بەرهەمی ئیرادەی یەکگرتووانەی خەڵک و سەربەخۆیی "نەتەوەی ئێران" پشتیان بە حکوومەتی ناوەندناژۆیی رەزاشاوە بەستبوو.

دوو گۆڤاری "ایرانشهر" و "آینده"ببوونە پێشەنگی بەرەو پێدانی بیری ناسیۆنالیزمی ئێرانی."ایرانشهر" بۆ زیندوو کردنەوەی مێژوو و فەرهەنگی کۆنی ئێرانیان قۆڵی لێ هەڵکرد بوو، گۆڤاری "آینده"ش لەسەر یەکپارچەیی خاک و بە ئێرانی کردنی هەموو ئێرانی یەک لە نێو میللەتی ئێران دا گەڵاڵە دارێژ بوو. "محمود افشار" کۆڵکە تیئۆریسیەنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، کەرەسەی بە هێزی یەکگرتوویی فەرهەنگی و سیاسی ئێران. لە سەرانسەری کردنی زمانی فارسی دا دەبینێتەوە و رەنگی نەتەوەیی یان پێ هەڵ دێنی:

"مەبەستمان لە یەکگرتوویی نەتەوەیی ئێران، یەکگرتوویی سیاسی، ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە کە لە نێو سنووری ئێستا وڵاتی ئێران دا دەژین. ئەم وتەیەش هەڵگری دوو شتە: پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و تەواویەتیی خالی ئێرانە. یەکگرتوویی نەتەوەیی زەمانێک مسۆگەر دەبێ کە زمانی فارسی لە سەرانسەری وڵات دا پەنج داکوتێ. جیاوازی لیباس و ئەخلاق وشتی لە بابەتانە لە ناوچەکان دا گەڵگیرین. پاشاگەردانی نەمێنی،لە مابەینی کورد و لۆر و قەشقایی و عەرەب و تورک و تورکمەن و هتددا، فەرق دانەنرێ، هەرکەس لە خۆیەوە جل وبەرگێک نەپۆشێ و بە زمانی خۆی قسە نەکا، دەو باوەرە دابن هەتا لە بواری زمان، ئەخلاق، جل و بەرگەوە

یەکگرتوویی نەتەوەیی نەیەتە دی، سەربەخۆیی سیاسی و تەواوەتیی خاک لە خەتەر دەکەون...

کەوابوو دەبێ هەموومان بەگیان و دڵ بخوازین و هەوڵ بدەین زمانی فارسی لە سەرانسەری ئێران دا رەسمیەت پەیدا بکا و بەرە بەرە جێ بە زمانەکانی بێگانە(!) لێژ بکا.تا قوتابخانەی سەرەتایی لە هەموو شوێنێک نەکرێتەوە و یاسای پەروەردەی گشتی رێگا بۆ خوێندنی ئیجباری و خۆرای لەسەریەک رەزاشا ئەوەی رووناکبیران چاوەروانیان دەکرد بۆی وەدی هێنان. رەزاشا لە بەرنامەی ئامووزش دا، قوتابخانەی بە سەبکی نوێ کردەوە و جێی بە مەکتبە ئایینی یەکان لێژ کرد. بۆ یەکەم جار کتیبی دەرسی بە زمانی فارسی لە چاپ دران، خوێندن بە زمانەکانی دیکە قەدەغە کرا. فارسی نەک هەر بوو بە زمانی میللی ئێران، هەرچی زمانی قەومی بوو مەنع کران. ئیزنیان بە کەس نەدا بێجگە لە بەکار هێنانی زمانی فارسی کتیب و رۆژنامە بە زمانەکانی دیکە لە چاپ بدەن. بەدەستووری سەرۆک وەزیر "فروغی" (لە پووشپەڕی ١٣١٤ی هەتاوی) بنیاتیکی نوێ یان بە ناوی "فەرهەنگستان" کردەوە، ئەرکی ئەو بنیاتە خاوێن کردنەوەی زمانی فارسی و دانانی وشەی نوێ بەی خۆش نەکا، ئەو کارەش سەر ناگرێ. (٣٠)

"عارفی قەزوینی" لە کۆپلە شێعرێکی دا شوێن پێی "مەحموودی ئەفشار" هەڵ دەگری و هەل دەکوتێتە سەر زمانی تورکی و دەڵێ:

زبان ترکی از برای ازقفا کشیدن است

صلاح، پای این زبان، ز مملکت بریدن است

دواسبە با بازبان فارسی. از ارس پریدن است

نسیم صبدم خیز

بگو بە مردم تبریز

کە نیست خلوت زرتشت

جای صحبت چنگیز (٣١)

جێی وشەی بێگانە لە نێو زمانی فارسی دابوو. (٣٢)

بەم جۆرە یەکگرتوویی نەتەوەیی لە قالبی "نەتەوەی ئێران" و "زمانی فارسی" دا ڕەگی داکوتا، ئێتر لە مەودوا سایەی ئیدئۆلۆژیی ناسیۆنالیزمی ئێرانی باڵی بەسەر وڵات دا کێشا. بە تاوانی خەیانەت و تەجزیەتەڵەبی بێرەحمانە سەرکوت دەکرا.

## ستراتیژی دەوڵەتە گەورەکان پاڵپشتی ناسیۆنالیزمی حاکم

دوو دەوڵەتی ئیستعمارگەری ئینگلیس و فەرانسە بە داهێنانی تیزی دەوڵەت - نەتەوە، سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر لە شوورەوی و کاردانەوەی تیزی لینین بۆ پشتگرتنی بورژوازیی میللیی وڵاتانی جیهانی سێهەم بوونە هۆی ئەوە ناسیۆنالیزمی عەرەب و تورک زۆر خێرا گەشە بکەن. دەوڵەتە بە هێزەکان و دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکان بەرژەوەندیان لێک گرێدرا.کاردانەوەی ئەو وەزعییەتەش پەرەگرتنی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی لە سەرانسەری کوردستان دا بوو، ئەویش دوو لایا؛ جیهانی و ناوچەیی پەلاماریان دا.

"سمکۆ" لەو رێبەرە کوردانە بوو، زۆر دەخۆی نووسا، عەتفی دەوڵەتی ئینگلیس راکێشێ، بەڵام لەو تاقیکاری یەدا تێ شکا. "سمکۆ" دوای ئەوە هومیدی بە ئینگلیس نەما، پێوەندی بە سۆڤیەتەوە گەت؛ حاز بوو لە بەرامبەر پشتیوانیی دەوڵەتی سۆڤیەت دا، کوردستان رزگار بکا و بیخاتە رێژ سێبەری ئەو کەمپە."سمکۆ" لەو کارەش داسەر نەکەوت. چۆنکە لەو گێژاوە سیاسی یە و، ئەویش لە نێو سێ سنووران دا بێ نەوا مابۆوە، سەری لێ ئەستوور ببوو، هێچ رێگایەکی تری بۆ نەمابۆوە. ئەو وەزعە ناچاری کرد لە مەجبووریان خۆی تووشی داوێک بکا کە رەزاشا بۆی نابۆوە. عەیبی سمکۆ ئەوە بوو کورد بوو، لە شاخ و داخی کوردستان گیرسابۆوە، لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی تەماح وەبەر هیچ دەوڵەتێک بنێ، قسەی نەدەرۆیشت، دەنا لە عەقڵ و شعوور و زرینگی و سیاسەت دا هیچی لە رەزاخان کەمتر نەبوو، فەرقیان هەر ئەوەندە بوو،"سمکۆ" بێ پشت و پەنا بوو، بەڵام ئینگلیس و سۆڤیەت لەسەر خۆ نیزیک کردنەوەیان لە رەزاشا کێ بەرکێ یان بوو.

هەرچی زەمان دەگوزەرا، مەسەلەی کوردیش بە گرێ و گۆڵتر دەبوو، جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی لەهەر پارچەیەک دا رووی دابا، وەک ئەوە وابوو کە لە هەموو پارچەکان رووی داوە. فەرقی پێ نەدەکرا. بەهەمووان تێی رۆدەهاتن. کاتێک پێشەوا قازی دوای برانەوەی شەڕی دووهەمی جیهانی، کۆماری کوردستانی دامەزراند، هەرچەند کۆمارەکەش لە نێو بەشێک لە خاکی کوردستانی ئێران دامەزرابوو، خودی پێشەواش لە چوارچێوەی قانوونە ئەنجوومەنە ئەیالەت و ولایەتەکان دا مافی کوردان بچەسپێنێ، کە چی ئینگلیس و عێراق و تورکیا، تەنانەت لە دەوڵەتی ئێرانیش بۆ رووخانی کۆماری کوردستان پشوو سوارتر بوون و پێکەوە گەڵاڵەی هاوبەشیان بۆ تێکەوە پێچانی دادەڕشت. بێجگە لەمانەش دەوڵەتی ئێران بۆ کۆنترۆڵ کردن و تەنگەبەر هێشتنەوەی ژینگەی کۆماری کوردستان دوو سەرلەشکر و دوو تیپی لە شاری سەقز دانابوو؛ تالە نیزیکەوە پلانی هێرش بۆ سەر کوردستان دارێژن. هاوکات لە گەڵ ئامادە باشی ئەرتەشی ئێران هەوڵنێری "رویتر" لە بەغدا رایگەیاند، عێراق دوو بەش لە سێ بەشی هێزی هەوایی و چوار لەشکری ئەرتەش وحەوت هەزار ژاندارم و سێ هەزار چەکداری کوردی، هێناوەتە سەر سنووری

ئێران و عێراق. هەموو شوێنە حەستەمەکانی ئەو ناوچەیان داگرتبوو. لەسەر پێشنیاری دەوڵەتی عێراق کە خوداسا سیاسەتی دەوڵەتی ئینگلیسی دیکتە دەکردەوە، دوای ئەوەی سێ قۆڵی پەیمانی نیزامیان بەست، بەهاوکاری یەکتر سەرانسەری کوردستانی ئێران و عێراق و تورکیایان لە ژێر چاوەدێری توندی خۆیان دا راگرت.

هەڵویستی رەسمیی سێ دەوڵەتی هاوپەیمان، (سۆڤیەت، ئینگلیس و ئامریکا) لەسەر ئەوە لە دژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بوون، قسەی تێدا نەبوو.هەرسێکیان لە بەرامبەر رێزلێنان لە سەروەریی خاکی ئێران دا بە قەرا یەک بەرپرس بوون. پێشەوا لە چاو ئەو لەندەهۆرانە لوتکەوانێک بوو لە نێو ئوقیانووسێکی خرۆشاو دا سەوڵەی لێدەدا!!. لەوە بترازێ. کەم و کوڕی یە سیاسیەکانی پێشەوا زۆر لەوە لەرتر بوون، کۆماری کوردستانیان پێ رووخابا. هیچ دەوڵەتێک فریای کۆماری کوردستان نەهات. لە حالێکدا دەوڵەتە گەورەکان بۆ نفووز پەیدا کردن لە نێو ئێران و دامەزراندنی پێوەندیی دۆستانە و پشتیوانی کردنیان لە حکوومەتی حەمەرەزاشا، بەرۆکی یەکتریان دادەدڕی.

## د.چارە نووسی ناسیۆنالیزمی کورد

کۆی هۆیەکانی شکستی شۆڕش و خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان هەمووی ناگەڕێتەوە سەر رۆلی مێژوویی رێبەرەکانیان. ئاماژەشمان بەو فاکتۆرانە کرد کە رێبەرانی شۆڕش بە تایبەتی لە رێکخستن و مودیرییەت و جیهانی بینیی سیاسی یان دا کەم و کوڕیان هەبووە.بێ لەمانەش سێ عامیلی سەرەکی وەک: "هەلکەوتی جوغرافیایی" و "سورشتی شاخاویی کوردستان" و ناتەبایی وەزعییەتی ستراتیژیکی "کوردستان"، چەرخی کارەساتی مێژووی کوردستانیان بە زیانی خەڵکی کوردستان خولاندۆتەوە.

**هەلکەوتی جوغرافیایی:** هەر لە کۆنەوە بۆ دانیشتوانی کوردستان مایەی نەگبەتی بووە. هەر شەڕ و هەڵاو بەزمێکی لە نێوان ئیمپراتورانی رۆژهەلات ورۆژئاوا و باشوور و باکووری گۆی زەوی دا رووی دابا ولە باشووری رۆژئاوای ئاسیا دا پێکەوە تێک گلابان، کوردستانیان بە پانەوە وەبەر خۆدەدا و لە پەروپۆیان دەخست ولە ماڵ و حالیان دەکرد و سەرووەت و سامانی وڵاتەکەیان لێ بە تاڵان دەبرد. بە واتایەک یاسای ژیانی ئاسایی خەڵکی کوردستانیان لە شەر و کوشتار و وێرانی داساغ کردەوە. بە هۆی نەبوونی ئەمنیەت و ئاسایش، مێشکەکان نەدەحەسانەوە، نبووغ و ئیستیعدادەکان لە خزمەتی گەشە کردنی کۆمەڵ دا ئەو جۆرەی کە پێویست بوو گەشەیان نەکرد. کۆمەڵ لە قۆناغی خۆیدا پەروەردە نەکرا و بەرەو پێش نەچوو، وڵات هەروا خاپوور مایەوە، ئاوەدانی ژیانی شارستانی یانە زۆر درەنگ رەنگ و روخساری کوردستانیان گۆڕی و لە کاروانی پێشکەوتن بەجێ ما.

لە بوارێکی دیکەشەوە کوردستان چۆنکە پاڵی وەدەریا نەدابوو، زیانێکی قورسی بە دانیشتوانی گەیاند و لەسەر

دواکەوتوویی کوردستان و دامەزرانی حکوومەتیکی سەربەخۆی کوردی شوینی دانا. خەڵکی کوردستان لەبەر ئەوە دەستیان بەدەریای ئازاد رانەدەگەیشت، نەیاندەتوانی راستە و خۆ لە گەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو پێوەندی بازرگانی دامەزرێنن. ئەمەش بووە هۆی ئەوە رەوتی سەرمایەداری لە کوردستان بە لاوازی فرچک بکری شیوەی بەرهەم هێنان لە ئاژەڵداری و کشت وکاڵی سوننەتی نەترازێ. خەڵکی کوردستان لە بازەرگانی دا دەست و پەل بەستراو بوو.

لە ئاڵوویری شتومەک و فرۆشی بەروبوی وڵاتەکەیدا سەربەست نەبوو بەمیلی خۆی مشتری بدۆزیتەوە. موحتاجی دەستی بازەرگانان و بازاری وڵاتانی دراوسێ بوو. بەتایبەتی دوایی دابەش کردنی کوردستان، سیستمی ئابووری کوردستان لە بەسترانەوەی زۆرەملانەی بە نیزامی سەرمایەی حاکم دا بەجۆرێک پەرپووت ببوو ئیمکاناتی "بالقوە" و کانگا ژێرزەوی یەکان لە خزمەتی مودنیزە کردنی سیستمی دەوڵەت - نەتەوە دا راگیران. کێشانەوەی سەروت و سامان بۆ دەرەوە و هەزاران بایی کردنی بەرهەمی کوردستان، بووە هۆی ئەوە ژیان و گوزەرانی خەڵک لە شۆرزەیی و دواکەوتوویی دا بمێنێتەوە.

کوردستان وڵاتێکی شاخاوی پان و بەرینە، وێرای ئەوە کە سروشتیکی سنووور دا ئەو وڵاتەی لە وڵاتانی دەوروبەری خۆی جیا کردۆتەوە، بەو حالەش ملی بۆ یەکگرتوویی نیشتمانی رانەکێشاوە. خاکی کوردستان لە نێو مەڵبەندی جۆراوجۆردا خەملاوە، رووبار و چیا و دۆڵ و دەرە، هۆکاری سەرەکیی دروست بوونی ئەو مەڵبەندانەن. هەر مەڵبەندەی هێندێک کەرەسەی خۆیی تێدا رسکاوە، لە کۆمەڵێک ئینسانی هاوخوێن، سەدان هۆز و عەشیرەت سەریان هەڵداوە و لەو مەڵبەندە دا حاواوانەوە. لە رەوتی سەرهەڵدانی حاکمییەتی خۆی جێی لە نێوبەندەی مەڵبەندەکان دا، نیزامی میرایەتی شکڵی گرتوە. زەمانێک وای لێهاتوە کوردستان لەنێو زیاتر لە پەنجا میرنشین دا دابەش کراوە. هەر میرەی لە جێی خۆیدا پاشایەک بووە، سەری بۆ هیچ پاشایەکی تر دانەنواندوە. لە نێو میرانی کورد دا، تەنیا ئەمیر بەدرخان یان لێ هەڵکەوت کە سنووری میرایەتی یەکەی بەزانێ و بە لێک گرێدانی میرانی کورد خەریک بوو دەوڵەتێکی فیدراڵیی کورد لە میرنشینەکانی دابمەزرێنێ. بەڵام هێرشی سوپای عوسمانی و پیلانی دەوڵەتان دەرفەتیان پێ نەدا. بە کورتی وڵاتی شاخاویی کوردستان لە لایەک و پەرەگرتنی حاکمییەتی سوننەت ناژۆی نیزامی میرایەتی، کۆمەڵێکیان تەئسیراتی گیانی و فەرهەنگی رەگەڵ خۆ هێنا، نەیانهێشت یەکگرتوویی نیشتمانی و حاکمییەتێکی ناوەندی - میللی لە نێو خاکی کوردستان دا گەشە بکا و ئاواتەکانی ئەحمەدی خانی وەدی بێنن.

چۆنییەتی هەڵکەوتی جوغرافیایی کوردستان، لەیەنی جیهانیی ستراتیژی کوردستانیشی نالەبار و ناقۆلا کردبوو؛ کوردستان چەند سەدەیە لە بەر پێی سیاسەتی ستراتیژیکیی دەوڵەتە بەهێزەکانی جیهان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست دا دەتلێتەوە. کوردەکان کراونە قۆچی قوربانیی سات و سەودای درێژخایەنی دەوڵەتە بەهێزەکان لەو ماوە

دوور و درێــژە دا کوردەکــان هــەرچیکردیان و رســتیان، تێیــدا رەنجــەرۆ بــوون و ریســەکانیان لــێ کردنــەوە خــوری. تەقــدیراتی ســتراتیژیکیی دەوڵــەتان، راوتــەکبیر و خۆمانــدوو کردنــی کوردەکــانی لــە ســەر دابــین کردنــی کیــانێکی سیاســی کردۆتــە هیچ.ئـەگینا دەبـێ لـەوە دڵنیـا بـین ئەگـەر، بەشـێکی خـاکی کوردسـتان بـە لێـواری دەریـای ئـازادەوە نووسـرابا، قـەت داستانی ژیانی سیاسی کوردان ئەو وەزعە نەدەبوو کە ئێستا تێیدا دەژی.

بــەدوای دابــەش بــوونی کوردســتان لــە خێــر و بەرەکــەتی ســازبوونی پرۆســەی "دەوڵــەت - نەتــەوە" دا ســتەمی میللــی ســەری هەڵــدا. حاشــاکردن لەهووییــەتی میللیــی کــورد لــە لایــەک و بــەرەنگار بوونــەوەی کوردەکــان بــۆ پاراســتنی هووییــەتی میللــی یان لە لایەکی ترەوە، مەقوولەی دیالکتیکی "تیز و سەنتێز" بوون، هاوکات لە بەرامبەر یەکتری دا قوت بوونەوە.

ئــەو بــێ عەداڵــەتی و نابەرابــەری یانــەی بەســەر کوردســتانیان ســەپاند، زەمینــەی یــەکگرتوویی نیشــتمانی و نەتــەوەیی یــان لــێ بــزر کــرد. نەتــەوەی کوردیــان لــە جەســتە و تــوێلکی خــۆی هێنــادەر، رەنگیــان بەرووبــەوە نەهێشــت. ئیــدعای ئــەوە کــە لــە بــەینی کــورد و نەتــەوەی حــاکم دا هــیچ جیاوازیــەک نییــە، تــەنیا لــە خزمــەتی بــەهێزکردنی نارمــانی دەوڵــەتی ســتمگردا، چەوســانەوەی نەتــەوەیی کوردەکانیــان تێــدا خێراتــر کــرد. بــە دابەشــبوونی کوردســتان بەتــەما خــۆی تیکــەوت. رێکخــراوی سیاسی خۆی پێک هێنا، دروشمی تایبەتی خۆی هەڵگرت، لە خەباتی نەتەوەیی دا تاک و تەریک تێدەکۆشا.

رووکــردن لــە شــۆڕش و خــەباتی نەتــەوەیی، بــە مانــای هــەڵبران لــە ژیــانی ئاســایی بــوو. بــە دوور لــە شــار، شــاخ و پــەناگاکان بوونــە ناوەنــدی کــۆڕی شۆڕشــگێرەکان. شۆڕشــەکان بەرگــەی گــەمارۆی ئــابووری دەوڵەتــەکانیان نــەدەگرت. لــە درێژخایــەن دا رێبــەرانی شۆڕشــەکان ناچــار دەبــوون لــە ژێــر تەئســیری تــەنگژەی خــەبات دا قودســییەت و بــێ گــەردی وەلانــێن و خۆیــان بــە یارمــەتیی مــاڵی و تــەداروکاتیی وڵاتــانی دراوســێ هەڵپەســێرن. بەســترانەوەی مــاڵی، بــە ناچــار هێنــدێک بەســترانەوەی سیاسیشــی بــە دوای خــۆی دا دێنــا. لــەو حالەتــە دا خــەباتی نەتــەوەیی، رەســەنایەتی یەکــەی لــێ کــەم رەنــگ دەبــۆوە. دەوڵــەتانی حــاکم بــە گــوێرەی بەرژەوەنــدی یــان بــۆ ماوەیــەک بێشــکەی شۆڕشــەکانیان لەگــەڵ دا رادەژانــد و کۆرپەکــەیان دەلاوانــدەوە. لــە تونــد و تــۆڵ کردنــی خــەتی پشــتی جەبهــە دا یارمــەتیی شۆڕشــگێرانیان دەدا. دوایــی هــەر ئــەو دۆســتەکانی یانــە لــێ یــان راســت دەبوونــەوە، ســات و ســەودایان لەســەر دەکــردن. خــەتی پشــتی جەبهــەیان لــێ دەشــێواندن. لــە لایــەکی تریشــەوە شۆڕشــگێرکان لــە بەرامبــەر تێکنۆلــۆژیی نیزامــی و دیپلۆماســییەتی کــارای دەوڵــەتی ســەرکوتگەر دا تاقــەتیان نــەدێنا، ســەرەنجام شۆڕشــە چەکــداری یــەکان تێــک دەشــکان و لــە پێنــاو بەرژەوەنــدیی کێشــەی دەوڵەتان دا دەتوانەوە.

لەهەر بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی داردستان دەسووتێنرا، ماڵی خەڵک وێران دەکرا، ژێنۆساید نوشتەیەک بوو بە

بەرۆکی خەڵکیانەوە هەڵ دەواسی. کاردانەوەی سەرکوتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی لە کوردستان میلیتاریزم و سەرکوت و ئیستبدادی سەرانسەریان لە گەڵ خۆ هێنا. نیزامە حاکمەکان، خسڵەت و ماهییەتی دژی گەلی یان هەڵێنا، نەک هەر ئازادیخوازی کورد و ڕێکخراوە سیاسی بە کوردی یەکان وەبەر لافاوی هێرش دەکەوتن. بەڵکوو شاڵاوی سەرکوت هەموو ئەو ئازادیخوازو ڕێکخراوە سیاسی یە سەرانسەی یانەشی دەگرتەوە کە بۆ دابین کردنی ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکانیان دا تێدەکۆشان. دەرەتانیان بە هێچ خاوەن نەزەر و نووسەرێک نەدا زمان و قەلەمیان لە دژی زۆڵم و زۆرداریی دەسەڵاتداران وەگەڕ بکەوێ.

بەرژەوندیی ستراتیژیکیی وڵاتانی بەهێز و دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکان لە ئاستی سەرکوت کردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد. لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا لێک بەستترابوون. بە جۆرێکی وەهای مەسەلەی کوردیان کردە گرێپووچکە، کە بێجگە لە خۆیان بەدەستی کەسی تر نەکرێتەوە. بارودۆخی داسەپێندراو بەسەر کوردستانیان بە بەشێکی گرینگ لە ستراتیژیی هاوبەش دانابوو. ئەگەر دەوڵەتێکی حاکم لە شەری نێوخۆیی کوردستان دا تووشی کەنەفتی و قەیرانیش بووبا بۆی نەبوو لە خۆیەوە لەنگەرەکە تێک بدا و ئیمتیارێک بۆ کوردی وڵاتەکەی قایل بێ.جیهانی دوو قوتبی لە کێشەی کورد و شەڕە نێوخۆیی یەکان دا قازانجێکی زۆریان پێ برا. بازاری فرۆشی چەک و تەقەمەنیی ئیقلیمی یان گەرم داهێنا، ئەرتەشەکانیان بە تێکنۆلۆژیی نیزامی تەیار کردن. پەیمانی "سعدآباد" و دواتر ناتۆ و سینتۆ، حالەتی هەمیشە نائاسایی یان بەسەر مەڵبەندی رۆژهەڵاتی نێوەراست دا زاڵ کرد هەرکات دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکان بۆ ماوەیەک لە سەرکوت و هێرش بۆ سەر کوردستان دەبوونەوە، ئەمجار هەر ئەو دەوڵەتە ناسیۆنالیستانە بە دنەدانی زلهێزەکان ددانیان لێک دەچێرەوە دەبرد و حالەتی ئامادەباشی نیزامی یان لە هێڵی سنوور (خاکی کوردستان) رادەگەیاند.جار و باریش ئامبازی یەکتری دەبوون. لە سەرانسەری سەدەی بیستەم دا ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست بە یەکێک لە پڕ کێشەترین ناوچەکانی جیهان دەژمێردرا. بە کورتی لە جیاتی ئەوە بە هەموان رێگا چارەیەکی عادلانە و ئاشتیانە بۆ مەسەلەی کورد بدۆزنەوە و ناوچەکە هێور کەنەوە، مەسەلەی کوردیان کردە خوێنی سیاوەش و ناتۆیەکی بەهێز بۆ ئیمتیاز لێک وەرگرتن و کرانەوەی بازارێکی پڕسوودی کڕیار و فرۆشی کەرەسە نیزامی کان.

بە وەبەرچاو گرتنی ئەو خالە لاوازانەی باسیان لێکرا، دیسانیش نەتەوەی کورد لە ئاست گێرە و کێشەکان دا ئۆرگانیزمێکی بێ هەست و گیان و، لەشێکی داوەشاوی گنجاو نەبوو. سنوورە سیاسی یەکان ئەو دیوارە کونکرێتە نەبوون کە خەڵکیان لێ نەپەرێتەوە و بۆ هەمیشە پارچەکانی کوردستان لێک داببرێنێ. هۆز و خزمانی سەر سنوور بەردوام ئەم دیو و ئەو دیو و گەرمین و کوێستانیان دەکرد. بازرگانانی کور بە قاچاخە رێیان دا پێکەوە سەودای هەمیشەیی یان هەبوو. بەشی بەرچاوی بازارەکانی کوردستان لە رێگای قاچاخچییەتی یەوە گەرم دادەهات. فەقێ و



سەرچاوە
Serchawe

مەلا و رووناکبیر یەکبین لە نێو ناوچەکانی کوردستان دا لە هاتوچۆ دا بوون. زیارەتکەران لە هەموو لایەک ڕابەرەو خانەقای "شەمزینان" و "تەوێڵە" و "بیارە" و "بورهان" و "خەلان" و زینوێ شێخی"، ریچکەیان دەبەست و سنووریان دەبەزاند. لەو نێوەدا رێبەرانی کورد، لیبراوانە و نەبەردانە بۆ لێک گرێ دانەوەی هەودا پساوەکانی ناسیۆنالیزمی کورد و بەهێز کردنی وەخۆ کەوتبوون. "شێخ عبیداڵا" و "عبدولرزاق بەدرخان" و "سمکۆ" و شێخ مەحموود" بێ ئەوەی پەکیان بە سنوورەکان بکەوێ، پێوەندی و هاوکاری یەکی زۆر دۆستانە و دڵسۆزانەیان پێکەوە هەبوو. سەرۆک عەشیرەت و نیشتمانپەرەرانی مەڵبەندی سەقز و سنە و کرماشان وەکوو "سەردار رەشید" "مەحموود خانی دزڵی" "مەحموودی کانی سانانی: راستەوخۆ پێوەندی یان بە حکوومەتی "شێخ مەحموود" ەوە هەبوو. حکوومەتەکەیان بە هێ خۆیان دەزانی، بەگیان و بە ماڵ خزمەتیان دەکرد. ئەگەر رەزاشا لە پشتەوەڕا خەنجەری لە "ئیحسان نووری پاشا" و شۆڕشی ئاڕارات داوەشاند، مەڵبەندی بارزان ببوو بە مەکۆی پەنابەرانی ئاڕارات. لەو شەڕی دووهەمی جیهانی دا "مستەفا بارزانی" و هاورێکانی بێ باکانە هێڵی سنووریان بڕی و لە کۆماری کوردستان دا ستوونی فەقەراتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان پێکەوە نا و پشتیان قایم کرد. لە کۆمەڵی کوردەواری دا ببو بە رەوتێکی ئاسایی.

بەشێک لەو فاکتۆرانەی( ژ - ک )یان دامەزراند و هێمن و هەژاریان لە بۆنەی کوردایەتی قاڵ کردەوە و ئەوانی گەیاندە لوتکەی ئەدەبیان و شاعیرانی نەتەوەیی، حاسل و بەرهەمی حیزبی هیوا و رووناکبیرانی دیوی گەرمین بوون. مامۆستا هێمن پەنجە بۆ ئەم راستی یە ڕادەکێشێ و دەڵێ:

"دەبێ بڵێم من دەستکردەی ئەحمەدی فەوزیم... ئەو هەڵیوەشاندمەوە و تێکی هەڵشێلام و سەرلە نوێ دروستی کردمەوە... بێگومان ئەگەر نەچووبامە خزمەتی فەوزی و لای ئەو مامۆستایەم نە خوێندبا، رێبازی ژیانم ئەم ریبازە نەدەبوو کە گرتم و پێی دارۆیشتم و ئێستاش بەرم نەداوە.ئەو تێی گەیاندم من رۆڵەی کوردم و کوردیش نەتەوەیەکی بێ بەش و چارەرەش و زۆرلێکراوە... بەڵام سوێندی دام قەت بە فارسی شێعر نەڵێم و هەتا بۆم دەکرێ بە کوردی بنووسم".

دامەزرانی "پارتی دێموکراتی کوردستان"یش لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی دا، ئاکامی تێکۆشانی سیاسی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" و پشتیوانی بارزانی لە دەسکەوتەکانی "کۆماری کوردستان" و رەنگدانەوەی سیاسیان لە ناو شۆڕشگێران و رووناکبیرانی کوردستانی عێراق دابوو.

دیاردەی ناسیۆنالیزمی کورد، هەر چەند ئەو دابەشبوونەی دا زۆریش زەرەرمەند بوو، دیسانیش هەتلە نەبوو،لەسەر پردە و پێشینەی خۆی دانەبڕا، لە نێو سنووری سیاسی هیچکام لەو وڵاتانە دا کوێر نەبۆوە و، تێیندا نەتواوە؛



سەرچاوە
Serchawe

بەڵکوو لە ئاستی ستمە نەتەوەیی یەکان کە کاردانەوەی دەوڵەتانی مودێرن بوو، ناسیۆنالیزمی کورد زیاتر گەشایەوە و لە جارانیش بە گوڕ و تین تر هاتە نێو کوورەی خەبات.هەتا زەبری قەمچی زۆڵم و ئیستبداد بە تەوژمتر دەبوو، کاردانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیش بەهێزتر خۆی نیشان دەدا.ناسیۆنالیزمی کورد هەرچەند لە نێو گەردەڵوولی بێ دەسەڵاتی و بێ دەوڵەتی دا بە پەرە دەکرا، دیسانیش خۆڕاگر و بەکار ما. لە خەباتی درێژخایەنی رزگاریخوازی دا قۆناخی زۆر تووش و حەستەمی بڕی. زۆر جاران هاتە هەڵدێرگەی نەمانیان دەرەتاند. بەوحالەش وەکوو فیزوو سەری هەڵداوە و رەگ و ئاژۆیی دەکرد و پیچی تری لێ دەروا، درێژەکێشانی خەباتی ناسیۆنالیستی کورد لە سەدی ١٩ و ٢٠ دا بەڵگەی زیبدوو و حاشاهەڵنەگری وزە و توانای خۆڕاگرانەی دینامیزمی ناسیۆنالیزمی کورد بوون. ئەو خەباتە چەکداری یەی دوای شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی بێ پسانەوە و لێکدالێکدا هەموو پارچەکانی کوردستانی داگرت.

راست بەمەبەستە بوون، پەتی قەیرانی مەرگهێنەری ستەمی نەتەوەیی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵن و نەیەڵن پێی بخنکینن. لەو نێوەدا رێبەرانی کورد و رێکخراوە سیاسی یە کوردیەکان لەسەر یەک بۆ لێک گرێدانەوەی هەودا پساوەکانی ناسیۆنالیزمی کورد. لە نێو کۆڕی خەبات دا، ئەوەندەی لە وزەیان دابوو، خۆیان ماندوو کرد و ئەرکی نیشتمانپەروەری یان بە جێ گەیاند. ئەوە راستە شۆڕشە نەتەوەیی یەکان بە ئاکام نەگەیشتن و پەیتا پەیتا شکستیان بەسەر دا دەهات و، مێشک و دەماری کوردیان تێک داو ولە خۆیان جاڕز کرد، بەڵام نابێ لە حەقیش بوگزەرێن دەوڵەتەکانیش چیان لە گەڵ کورد پێ نەکرا و بۆیان بە چۆک دانەهات. ئەگەر بە هەموان نەیانهێشت کورد بە مافە رەواکانی بگا، نەشیان توانی بیتوێننەوە و داوای مەفە نەتەوایەتی یەکانی پشگەزی بکەنەوە. نەک هەر نەیاتوانی دەنگی حەقخوازانە و خەباتی رەوای کورد کپ بکەن، بە پێچەوانە مەسەلەی نەتەوەیی کوردەکان وەکوو کێشەیەکی زۆر گەورەی چارەسەر نەکراوی نێو نەتەوەیی، لە مەڵبەندی رۆژهەڵاتی نێوەراست دا جێی خۆی کردەوە.

### ە: کوردستان لە نێو ئاڵوگۆڕی ژێئۆ ستراتیژیکیی دەوڵەتان دا

لەسەر چۆنیەتیی ویشکانی زلهێزی جیهان، روانگە و بیروراییی جۆرواجۆر هەیە. هێندێک پێیان وایە"ویشکانی" نەخشی سەرەکیی لەدروست بوونی زلهیزی جیهان دا دەگیرێ.هێندێک خاوەن نەزەری دیکەش رایان وایە دەریاو هەواو ئاسمان هۆکاری دروست بوونی قودرەتی جێهانین.

مێژووی کۆن لەسەر ئەوە شاهیدی دەدا، ویشکانی، ئاکامی شەری هەموو هێزە جەنگاوەرەکانی دیاری کردووە.لەشکری سوارە و پیادەی دوو لایەنی شەر، لەسەر خاکی وڵاتێک دا، بە رمب و شمشیر و نێزە و تیروکەوانان وەرگەروانە سەر و گوێلاکی یەکتری، ئەوەی بەزیوە سەرو ماڵی تێداچووە، هێزی براوەش بۆتە فەرمانرەوا و ئیمپراتۆریی ئەو شوێنانە کە دوژمنەکەی لێ تاراندوە و شکاندوویەتی. هەخامەنشیان، ساسانیان، رۆمیان، ئیسلام، مەغوول، سەلجووقیان،



سەرچاوە Serchawe

تاتار و عوسمانییەکان نموونەی ئیمپراتۆران و قارەمانانی شەڕی ویشکانی لە جیهان دا بوون.

گەشەکردنی سەرمایەداری لە ئورووپا و دۆزینەوەی بازار بۆ کڕین و فرۆشی بەرهەمی پیشەسازی و کەرەسەی خاو، بووە هۆی ئەوە ڕێگای دەریاکان بکرێتەوە و بازرگانی ئورووپایی خۆ بگەیەننە قارەکانی ئەمریکا و ئەفریقا و ئاسیا.لە پاڵ ئەوەش دا نیزامی ئیستعماری سەری هەڵدا. دەوڵەتە ئیستعمارگەرەکان شوێنە ستراتیژی یەکانی جیهانیان دۆزییەوە. ئینگلیستان بە حوکمی هەڵکەوتە جوغرافیایی یەکەی، هێزی دەریاییشی ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێز دەبوو. لە سەدەی ١٨ دا پرتەقالی یەکانی لە کەنداوی فارس وەدەرنا، هێزی دەریایی هولەندیشی ناچارکرد مل بۆ سەروەری دەریایی ئینگلیستان رابکشێ.(٣٣)

لە سەدەی نۆزدەهەمیش دا فەرانسەی تووشی پاشەکشەی دەریایی کرد. لەو سەردەمی ڕا ڕێگا دەریاکان کەوتنە رەقابەتی ڕێگا ویشکانی یەکان. لەسەرەتای سەدەی بیستەم دا دەوڵەتانی سەنعەتیی ئورووپا بۆ داگیرکردنی بازارەکانی جیهان، ململانێکی زۆر توندوتیژ و بێ رەحمانەیان لە گەڵ یەکتری دەست پێکرد. دەریاسالار"ماهان" (١٨٤٠ - ١٩١٤ز ) جوغرافیا زانی ئینگلیسی کە بە باوکی ستراتیژیی دەریایی ناونانگی رۆیبوو،بە دارشتنی تیئۆری "لە ژێر چاوەدێری راگرتنی دەریاکان"، دەوڵەتی ئینگلیسی ئەغیار کردەوە، بێتوو زاڵیەتی بەسەر دەریاکان دا نەمێنێ، دەسەڵاتی بەسەر جیهانیش دا نامێنێ. (٣٤) هەروەها نووسی:

"بەهەر دەوڵەتێک ئیمتیازێکی وا بدرێ کە بتوانێ کەنداوی فارس لە ژێر چاوەدێری سیاسی و نیزامی دا راگرێ... وەزعییەتی دەریایی بریتانیای گەورە لە رۆژهەڵاتی دوور، پێگە سیاسی یەکەی لە هیندوستان، سەرچاوە ئابووری یەکەی لەو دوو شوێنە پێوەندی ئیمپراتۆریی ئینگلیس و باشووری ئاسیا(ئوستڕالیا و زەلاندی نوێ) لە مەترسی دەخا". (٣٥)

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دووهەمین وڵات بوو لە ژێر تەئسیری تیئۆری ماهان دا (زاڵ بوون بەسەر دەریاکان) توانی زۆر خێرا هێزە دەریایی یەکەی گەشە پێ بدا. وای لێهات لە جەنگەی شەڕی یەکەمی جیهانی دا شانی لە شانی هێزە دەریایی ئینگلیس دەدا.

تیئۆری " زاڵبوونی هێزی دەریایی" ماهان لە شەری یەکەمی جیهانی دا لە فریای ئینگلیس کەوت. ئینگلیس لە سایەی سەروەریی هێزە دەریایی یەکەی دابوو،دەوڵەتی ئەڵمان و هاوپەیمانانی تێک شکاند، ئیمپراتۆریی عوسمانی لێک بڵاو کرد، نەخشەی وڵاتانی باشووری رۆژئاوای ئاسیای بە مەیلی خۆی کێشا، دەسەڵاتە جیهانی یەکەی لە زیادیی دا.



سەرچاوە
Serchawe

رووداوی شۆڕشی ئۆکتۆبر و دامەزرانی یەکیەتیی سۆڤیەتیی سۆسیالیستی لە گەورەترین وڵاتانی جیهان دا کە پتر لە ٢١ ملیۆن کیلۆمیتری چوارگۆشە بوو، بە تەواوی نەزمی ژێئۆپۆلێتیکی و ستراتێژیکیی "برقدیم"ی تێک دا. ئەو رووداوە گرینگە نەزەری پسپۆران و خاوەن نەزەران و جوغرافیزانانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. یەکێک لەو خاوەن نەزەرانە کە تیئۆریەکەی تا ماوەیەک جێی خۆی گرت،"هیلفورد مەکیندێر"(Helford Makinder) جوغرافیزانی ئینگلیسی بوو.(١٨٦١ - ١٩٤٧ز) "مەکیندێر لە ژێر تەئسیری ئەو گۆڕانکاری یە جیهانی دابوو دروست بە پێچەوانەی "ماهان" گرینگی بە ویشکانی دا نەک بە ئاو.لەو باوەڕە دا بوو کەسانیک دەتوانن ببنە سەروەر و ئاغای دنیا کە بەسەر ویشکانی دا زاڵ بن. بەو بۆچوونە بوو تیئۆریی "زاڵبوونی هێزی ویشکانی" دارشت."مەکیندێر" لە تیئۆرییەکەی دا "برقدیم" (ئاسیا - ئورووپا)ی وەکوو دوورەگەیەکی ئەم جیهانە سەیر دەکرد، دوورەگەکەی کردبووە سێ بەش:

**بەشی یەکەم:** ئوقیانووسی "منجمد شمالی"و سیبری دەگرتەوە.لەڕۆژئاوا ڕا پاڵی وەوڵگادەداو لە باشووریش ڕاتازنجیرە کێوەکانی هیمالیا لە بەریەک دەکشاوە.ئەو بەشەی ناونابوو"هارت لەند"واتە"دڵی زەوی".

**بەشی دووهەم:** کەوانەی ژووری "هیلالی داخلی" بوو، باشووری "هارت لەند"ی داگرتبووە لێواری هەموو ئاوەکانی نوقیانووسی گەورە و نوقیانووسی هیند و نو قیانووسی ئەتڵەس و صحرای ئەفریقای دەگرتەوە.

**بەشی سێهەم:** کەوانەی دەرێ "هیلالی خارجی" بوو، هەموو دوورەگەکانی دەوروبەری تورائاسیا و ژاپۆن و ئوستڕالیا و باشووری "صحرا ئافریقا"ی داگرت.

"مەکیندێر" نەزەری وابوو لە مێژە لە لایەن "هارت لەند"وە هەرەشە لە کەنداوی ژووری و دەوروبەرەکەی دەکرێ، دەیگوت:

"دڵی زەوی کلیکی دەسەڵاتداریەتیی ئەم جیهانەت دەداتە دەست".

ئەمەشی ڕاگەیاند: کەسێک بەسەر رۆژئاوادا حاکم بێ،دەبێتە "فەرمانرەوای "هارت لەند"، ئەوەی بەسەر "هارت لەند" دا فەرمانرەوایی بکا، بەسەر دوورەگەی جیهانیش دا سەیتەرە پەیدا دەکا. ئەوەی بەسەر دوورەگەی جیهان دا زاڵ بێ، بەسەر دنیاشدا حکوومەت دەکا".(٣٦)

"مەکیندێر" ژێئوپولێسەتیک بوو نەزەری لەسەر هەڵکەوتی جوغرافیای یەکیەتیی سۆڤیەت لە رادەبەدر زێدەڕۆیانە بوو. ڕاستە سۆڤیەت یەک لە حەوتی گۆی زەوی داگرتبوو،وڵاتێک بوو دوو هێندە و نێوی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام وەزعە جوغرافیایی یەکەی ئەوەندەش شاز نەبوو مەکیندێر ئاوای پێ هەڵ بڵێ بە دڵی زەوی ( Hear

Land) ناوببا. سۆڤیەت وڵاتێکی بێ شاخ و داخ بوو، شوێنێکی وا حەستەمی نەبوو دوژمنی تێداحاسێ بمێنێتەوە، ئەو سنووره ئاوەشی نەبوو لە وڵاتانی دەور و بەری جیا بکاتەوە. لە سەدەی ١٤را بێ پسانەوە ئەقوامی بیگانە هێرشیان بۆ سەر کردووە. وڵاتێک بووە زۆرجار بە هێرشەکان نەوەستاوە. خاکی داگیر کراوە، زەرەر و زیانی گەورەی گیانی و ماڵیشی وێ کەوتووە. با لە حەق دەر نەچین "مەکیندێر"لە هەڵ ومەرجی تایبەت دا کە شۆرشی ئۆکتۆبر و ئیدئۆلۆژیی کۆمۆنیزم لە سۆڤیەت دا سەرکەوتبوو تێزی ویشکانی دارشت و دەوڵەتی رۆژئاوا و ئەمریکای ئەغیار کردەوە کە بێتوو گورج بە هانای بەرژەوەندییە جیهانی یەکانیانەوە نەچن و لە بەرامبەر زێدەخوازیی یەکیەتی سۆڤیەت دا قایم رانەوەستن، هەموو شتێک دەدۆرێنن. ئێتر نابێ بە تەمای سەروەریی ئابووری سەرمایەداری لە جیهان دا بن.

بەوحاڵەش هێندەی پێ نەچوو تێئۆریی مەکیندێر لە خزمەتی ئامانجی فراوانخوازی دەوڵەتی ئاڵمان نازی و بلووکی سۆسیالیست دا کەڵکی لێ وەرگیرا.

"هاوس هوفر" جوغرافیازانی ئەڵمانی لە ژێر تەئسیری تێئۆریی "ویشکانیی" مەکیندێر دا هانی دەوڵەتی ئاڵمانی دا هێزی زەمینی بەهێز بکا و دەلینگی بۆ هەڵگیرسانی شەری دووهەمی جیهانی هەڵ کا و بۆسەر وڵاتانی ئورووپا و قووڵایی خاکی سۆڤیەت هێرش بەرێ. بەڵام ئەو تێئۆری یە بۆ ئاڵمانی نازی خێری نەداوە و تێیدا نابووت بوو.

سۆڤیەت کە "هارت لەند"ی لە ئیختیار دابوو دوای تێکشانی نازی یەکان قودرەتە رەزمی یەکەی لە ویشکانی دا لە زیادیی دا، بەرە بەرە تێئۆریی مەکیندێر بە قازانجی سوسیالیزم خۆی لە ئەمری واقیع نزیک دەکردەوە.

لە ژوویيەی ١٩٤٧ی زایینی دا سۆڤیەت دەستی بەسەر وڵاتانی ئورووپای رۆژهەڵات دا گرت، ئەمجا بلووکی سۆڤیەت لە پشتی دیوارە کۆنکرێتەکانیانەوە بانگەشەیان دەکرد: ئەگەر نیشتمانێک هەبێ بێجگە لە سوسیالیزم شتێکی تر نییە. ئەوە یەکەم جار بوو "ژدانۆڤ" تێئۆریسینی رووس جاری دەدا: "دنیا بە دوو ئۆردووگا دژی یەکتر دابەش کراوە، یەکیان ئۆردووی ئیمپریالیستەکانە بە رێبەری سەرمایەداریی پاوانخوازی ئەمریکا، کر خەریکە شەرێکی دیکەی جیهانی هەڵ دەگیرسێنێ، ئەوەی تریشان ئۆردووگای سۆسیالیستەکانە بە رێبەری سۆڤیەت کە قارەمانی ئاشتی و دێموکراسی یە". (٣٧) هێندەی نەکێشا کومۆنیستەکان شەڕی چریکی یان لە چین و بێرمە و ئەندونێزی و فیلیپین و مالیزی و هیندوچین و یۆنان وەرێ خست. ئەو وڵاتانە گشتیان لە بەشی "کەوانەی ژووری"ی تێئۆریی مەکیندێر دا هەڵ کەوتبوون. بەرفەراوانیی گۆرەپانی شەڕی چریکی ئەویش لە مەڵبەندێکی وا دوور و درێژ دا لە خۆی دا مزگێینی سەرکەوتنی ئەوتیئۆری یەیان لە ژێر ناوی شۆرشی جیهاندا گری سوسیالیزم بە خەڵکی دنیا رادەگەیاند.

"جورج کنان" مامۆستای زانستگای "پرینستون" داڕێژەری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا نووسی:

ئێمە هێزێک لە بەرامبەر خۆمان دا دەبینین کە لە بواری سیاسی یەوە زۆر دەمارگرژە، پێی وایە ئابووری لە گەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دا ناکۆکی و وێک هەڵ ناکەن. خەریکە وەزعی ئاسایی نێوی خۆی کۆمەڵ مان لێ تێک بدا و ژیانە کەمان لێ بشێوێنی، دەزانێ دەوڵەتەکەمان حاکمییەت و ئەمنیەتی سۆڤیەت لە خەتەر داوێ، ئەویش ناچارە لە سەرانسەری جیهان دا پێش بە نفووزی ئێمە بگرێ. کە وابوو نابێ گومانمان هەبێ خاڵی سەرەکیی سیاسەتی ئەمریکا بە دژی رووسیەی سۆڤیەت دەبێ لەسەر ئەوە دابمەزری پێشی فراوانخوازیی کۆمۆنیزم لە درێژجایەن دا بگرین". (٣٨)

تیئۆریی یەکانی جێ و بانیان بۆ دوو بلووکە کردنی جیهان داخست: ئورووپای رۆژ ئاوا و ئەمریکا بوونە نوێنەری کاپیتالیزم لە جیهان دا. سۆڤیەت و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئورووپا و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیاش لە سەرانسەری جیهاندا بە ئاڵا هەڵگری سوسیالیزم ناسران. زۆرینەی مەکتەبە سیاسی یەکان بە سەر دوو مەکتەبی کاپیتالیزم و سوسیالیزم دا دابەش بوون، وڵاتانی سەرمایەداری بە پاڵپشتی ستراتیژیی قودرەتی دەریایی، وڵاتانی سوسیالیستیش بە کەڵک وەرگرتن لە ستراتیژیی قودرەتی ویشکانی لەبەرێک دامەزران. بەرە بەرە ئەمریکا و سۆڤیەت لە دنیا دوو بلووکە دا وەکوو دوو :ابرقدرت" واتە "زلهێز" لە بەرامبەر یەکتریدا راوەستان. هەڵکەوتی جوغرافیایی ئەو مەشقەی بۆ سۆڤیەت و وڵاتانی سوسیالیستی دانابوو، کە ستراتیژیی نیزامی یان لەسەر قایمەی هێزی زەمینی رابگرن. بەڵام وڵاتانی رۆژئاوا لەبەر ئەوە زۆربەیان دوورەگە و شێوە دوورەگەن ستراتیژیی نیزامی یان لەسەر ئەساسی هێزی دەریایی دارِشت.

لە جەریانی شەڕی سارد دا نفووزی سۆڤیەت بۆ لای ئاوەگەرمەکانی باشووری ئەو وڵاتە لە داخزین دابوو. دەرکەوت رۆژئاوا و ئەمریکا هێندەیان گوێ نەداوەتە کاردانەوەی تیئۆریی مەکیندێر ئیدەئۆلۆژیی کۆمۆنیزم لە حالەتی هێرش دابوو، لەزۆر شوێن جێی بە نفووزی وڵاتانی رۆژئاوا لێژ کردبوو. لەو دەمی داخاوەن نەزەرێکی ژێئۆپۆلیتیک بە ناوی "سپایک مەن" سەری بەرز کردەوە، بۆ نەجاتی گیانی سەرمایەداریی جیهانی، تیئۆریی "ریم لەند"(Rim Land)ی داهێنا. "سپایک مەن" بە پێچەوانەی "مەکیندێر" نەزەری وابوو ئەوە"مارت لەند" نییە زلهێزی جیهانی دروست دەکا بەڵکوو ئەوە وڵاتانی ئاسیا و ئورووپای سەر لێواری دەریاکان، بیچمی "ابرقدرت"ی جیهانی لە مەڵبەندی "ریم لەند" دا دادەتاشن هەر ئەو هێرەشە چارە نووسی جیهان دیاری دەکا. (٤٨) ئەم تیئۆری یە خزمەتێکی گەورەی بە ئورووپای رۆژئاوا و ئەمریکا کرد. بەم جۆرە لە گەرمەی قۆناخی شەڕی سارد دا دوو مەڵبەندی ژێئۆستراتیژیکی "هارت لەند" و "ریم لەند" لەبەرێک دامەزران برەیان لەسەر یەکتر هەڵ نەگرت.



سەرچاوە
Serchawe

تـەوژمی تـەبلیغاتیی کۆمۆنیسـتەکان و تێکۆشـانی سیاسیی کـۆرو کۆمەڵـە چەپـەکان و پـەرەگرتنی خێـرای بزووتنـەوە چـەپ و رزگاریخوازەکان، ناوچەی "ریم لەند" یان لە تەپ و تۆزی شەری رزگاریخوازی وەردا.

رۆژئـاوا هـەم دەبـوو بەسـەر ئـەو قۆرتانـە دا بـاز بـدا کـە کۆمـۆنیزمی نێونەتـەوەیی دەی خسـتە سـەر رێگـای، هـەمیش پـر بایـەخترین شـوێنی "ریـم لەنـد" کـە رۆژهـەڵاتی نێوەراسـت بـوو زیـاتر لـە ٤٠%ی نـەوت و گـازی رۆژانـەی دنیـای دابـین دەکرد.، (٣٩) دەبوو بیپارێزێ و نەیەڵێ بلووکی سۆڤیەت هەڵی لووشێ.

وڵاتـانی سـەرمایەداری بـە هێژمـۆنیی ئـەمریکا لـە ٤ی ئـاوریلی ١٩٤٨دا پێکـەوە "پـەیمانی ئـەتلانتیک"یـان مـۆر کـرد. پێـک هـاتنی ئـەم کەمپـە بـۆ یەکـەم جـار دەسکەوتێکی بـە نـرخ بـوو، کـە بەشـێک لـە ناوچـەی "ریـم لەنـد"ی یـەکگرتوو کـرد. پـەیمانی ئـەتلانتیک پـەیمانێکی عـادی نـەبوو لـە نێوانیـان دا بسـترابێ، پـەیمانێک بـوو لـە بەرامبـەر کۆمـۆنیزم دابـبوو بـە ئالاهەڵگری دیفاع لە ئامانجی دێموکراسی و شارستانیەت و پێشکەوتنی هەموو لایەنەی وڵاتانی رۆژئاوا. (٤١)

بـەدوا بەسـتنی ئـەم پەیمانـەدا، ئـەمریکا بـە بەسـتنی پـەیمانی "سـینتۆ" (ئـاوریلی ١٩٥٤) و "سـینتۆ"(فیوریەی ١٩٥٥) جەمسـەری هێڵـی دیفـاعیی وڵاتـانی رۆژئـاوای لـە مەڵبەنـدی ئاتلانتیـک و ئوقیانووسـی گـەورە دا وێـک خسـتەوە. پشـتیندێکی ئەمنیـەتیی بـۆ بەربەسـت کردنـی نفـووزی کۆمـۆنیزم بـەدەری باشـووری سـۆڤیەت و بـاقیی وڵاتـانی سۆسیالیسـتی دا کێشا. (٤٢)

کوردسـتان کـەوتبووە نێـو حەسـتەمترین شـوێنی "ریـم لەنـد"، کـە باشـووری رۆژئـاوای ئاسیا بـوو. شـوێنێک بـوو سـۆڤیەت و وڵاتـانی سۆسیالیسـتی لـە نیزیـک و دووررا بەسـێرە تـێ گـرتن دەیـات هـەنگاوت. زۆریـان بـە قـازانج بـوو لـە درێـژەی سیاسـەتی فراوانخـوازی خۆیـان دا ئـاڵۆزیی تـێ بخـەن. ئورووپـای رۆژئـاوا و ئـەمریکاش بـە چـەکی تـاکتیکی و سـتراتیژیکی یـەوە لـە زەوی و ئاسـمان و دەریـاو ژێـر دەریاکـان را ئـەو ناوچـەیان لـە ژێـر چاوەدێری یـەکی تۆنـدا راگرتبـوو. دوو هێڵـی ژێئۆسـتراتیژیکیی ویشـکانی و دەریـایی لـە بـاکووری خـاکی کوردسـتان دا لێـک دەسڵەمێنەوە، شـوێنێک بـوو بەقـەولی کـورد گوتـەنی: "کـەڵ بـە مـووی بەنـد بـوو" هـەوڵی خـەباتی رزگـاریخوازی کـوردان لـە سەرانسـەری سـەدەی بیسـتەم دا فیـدا ئـەو دوو ژێئۆسـتراتیژیکی یـەی دەوڵەتـە زلهێزەکـان ببـوو. لـەو نێـوەدا بـە تایبـەتی ئینگلـیس و دواتـریش ئـەمریکا هۆکـاری سەرەکیی شکست و هەرەس هێنانی خەباتە نەتەوەیی یەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا بوون.

ئـانتی تێـزی روونـاکبیران و خـەباتگیرانی نیشـتمانیی پارچـەکانی کوردسـتان لـە ئاسـتی ئـەو تراژیـدی یانـە دا روو وەرسـووڕاندنیان لـە وڵاتـانی سـەرمایەداری بـوو. لـە بەرامبـەر دا ئوردووگـای سۆسیالیسـتی و لـە سـەرووی هەموانـەوە یەکیـەتی سـۆڤیەتیان کـرد قیبلـەگای ئامـانجی ئینسـانیی کـوردان. سـۆڤیەت ببـوو بـە تـاجی سـەریان. هـەر رێکخراوێکـی



سەرچاوە
Serchawe

سیاسی لە کوردستان سەری هەڵدابا، رەنگی لایەنگری لە سۆسیالیزم و خسلەتی چەپ ئاژۆیی بەخۆوە دەگرت. مادام وانەبان بە دواکەوتوو و نۆکەری ئیمپریالیزم لە قەڵەم دەدران. ئیمپریالیزمی جیهانیان بە سەرکردەیی ئەمریکا بە دوژمنی سەرەکیی گەلانی بن دەستی ئازادیخواز و،ولاتانی سۆسیالیستی و یەک لەوان سۆڤیەت یان بە دۆستی ستراتیژیکیی نەتەوەی کورد دادەنا. بەو حاڵەش ئەحزاب و رێکخراو و رێبەرانی شۆرشی رزگاریخوازیی نەتەوەیی لە پارچەکانی کوردستان خێرێکیان لەو دۆستایەتی یە نەدی. گێرە و کێشەی جیهانی یەکان دوو جەمسەری رۆژ بە رۆژ بە پێچ و پەناتر دەبوون و لەسەر یەک کەلەکە دەکران. لەو گێژاوە دا ئەحزاب و رێکخراوە کوردی یەکان سەریان لێ دەشێوا و دەریان نەدەبرد و نەدەگەیشتە ئامانج.

ململانێ پێک هەڵپرژانی ژیئۆستراتیژیکیی ئەو دوو زلهێزە بە رادەیەک تەوژم ئاسا بوو، نەی دەهێشت هاوار و گازەندەی کوردەکان لە سەر وەزعی لە رادەبەدەر پەریشانیان لە نێو کۆرو کۆمەڵە نێونەتەوەیی یەکان دا رەنگ بداتەوە و بە جێیەک بگا. زۆرجاریش وای لێ دەهات لە چەپ و راست ڕا دەیان کوتا. کوردەکان هەر دوو دینان ببوون. هەم بەدەسکردی کۆمۆنیزم و دەرویشی کرملین لە قەڵەم دەدران و بەو بیانووە سەرکوت دەکران، هەمیش بە عامیلی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم تاوانبار دەکران و لێ دەدران. دەبوو لەهەر دوو لاڕا باجی خۆیان بدەن. با پێ لە راستییەش بنێنن هەر چەند دروشمە ستراتیژی یەکان نێشاندەری مانیفیستی رێکخراوە کوردی یەکان بوون، بەلام لە مەیدانی کردەوە دا بۆیان نەدەلوا تا سەر لە یەک خەت و بەرەدا خۆ رابگرن، زۆرجار بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن لە نێو ئەو دوو ستراتیژی یە قەببانەدا بێنەو بەرە و سات و سەودایان پێ دەکرا. وێنە هەر زیندوو شۆرشی سەرانسەریی کوردستانی عێراق بە رێبەری "مستەفا بارزانی" بوو کە لە سەرتای ۱۹٦۰ دا هەڵگیرسابوو، بەلام پاش ۱۵ساڵ خەباتی بێ پسانەوە، ولاتە زلهێزەکان کردیانە خوراکی سیاسەتی ستراتیژی یەکانیان تراژیدیای ئەم شۆرشە بە قەیرانێ دەستی پێکرد کە شۆرشی دژی ئیمپریالیستیی گەلانی ئاسیایی تووشی ئەمریکایان کردبوو. ئەمریکا تا ملان لە زەلکاوی شەڕی "وییەتنام" ڕاچوبوو، برستی ئەوەی لێ بڕابوو راستەو خۆ دەگێرە و کێشەکانی ولاتانی کەنداو وەربدا. ئینگلیسیش لەبەر زەعفی بونیەی مالی بریاری دابوو لە ۱۹۷۱ دا هێزە نیزامی یەکەی بە یەکجاری لە ولاتانی شەرقی "سوئیز" بکشێنێتەوە. (٤٢) دەسکەوتی سەفەری نیکسۆن - کسینجێر لە مانگی مای ۱۹۷۲ دا بۆ تاران ئەوە بوو، بۆشایی "نەبوونی هێزی نیزامی"ی رۆژئاوایان بە هێنانە مەیدانی "حەمە رەزاشا" پڕ کردەوە. حەمەرەزاشایان کردە شتێکی تر، بەفیزەوە سواری پاپۆری "بایەخی ستراتیژیکیی ئێران"یان کرد. بە گەرانەوەی دۆلارەکانی نەوتی ئێران بۆ نێو بانکەکانی خۆیان، ئەرتەشی شاهەنشاهی یان بە نەنواعی چەکی پێشکەوتووی ناهەستەیی رۆژئاوا ئاراستە کرد. ئەو ئەرتەشە بوو بە گژ داچوونەوەی ولاتانی رادیکاڵی عەرەب و یەک لە وان عێراق کە بە پێگەیەکی بەهێزی دژی رۆژئاوا دەزانرا، تەواو تەیار ببوو.

لەو نێوە دا هەرچەند شۆرشی بارزانی بۆ کوردان وەکوو چرایەکی رزگاریدەری نەتەوەیی لە درەوشینەوە دابوو،بەڵام دوو بەرداشی زلهێزی شەرق و غەرب لە هەر دوولا ڕا دەیان هاری، سوڤیەت لەبەر عێراق و وڵاتانی رادیکاڵی عەرەب، "مەلا مستەفا"ی لە خۆی تەکاند بۆوە،رۆژئاوا و شای ئێرانیش کاتێک لە رێگای گفت پێدان و دانی یارمەتییماڵی بە بارزانی پەلیان بۆ ناو شۆرش هاویشت، ئەوجار کوردستانی عێراقیان کردە میکانیزمێک بۆ تەنگاو کردنی دەوڵەتی عێراق و شڵ کردنەوە و فەشاڵ پێ هێنانی برشتی سیاسەتی ستراتیژیکیی دەوڵەتی سۆڤیەت لە ناو وڵاتانی کەنداو دا.سەرئەنجام سناریۆی سات و سەوداکانی بە مۆر کرانی رێککەوتننامەی "ئەلجەزیرە"لە نێوان دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق لە مارسی ١٩٧٥ دا سەری گرت.دەوڵەتی ئەمریکا و شای ئێران بە ئاواتەکانیان گەیشتن.شۆرشی کوردستانی عێراق سەری تێدا چوو. نە "جرالد فۆرد" و نە "هنری کسینجر" وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هیچکامیان بە هانای بارزانی و دەیان هەزار کوردی ئاوارەوە نەچوون. دەوڵەتی ئەمریکاش لە ئاست خەیانەتی ئاشکرای حەمە رەزاشا بە کوردان چاوی نوقاند.

"ویلیام سافیر" رۆژنامە نووسی ئەمریکایی لە فیوریەی ١٩٧٦ دا لەژێر دەردێری "خەیانەتی گەورە بە کوردان" کسینجر و جرالد فۆردی مەحکووم کرد و نووسی:

ئەگەر سەرۆک کۆمار دەیەوێ لە خیانەتەی بە کوردان کرا،شا بە تاوانبار بناسێ مەیلی خۆیەتی،بەڵام مادام بیەوی پاکانە بۆ کردەوە چەوت و دژە ئەخلاقی یەکەی ئەمریکا بکا، واباشترە ئەو موشاویرەی کە هێندە لەسەر بەرێوەچوونی ئەو کارە پێی دادەگرت(مەبەست کسینجرە) هەڵپەسێردرێ. "ئەدموند قەریب" رۆژنامە نووسێکی دیکە دەڵێ:

بارزانی متمانەی بە شا نەبوو.پێی وابوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتی بەرنادا. هێچ نەبێ لایەنگرەکانی دەپارێزی،کاتێک لە سپتامبری ١٩٧٦ دا لەسەر ئەم مەسەلەیە پرسیارم لە بارزانی کرد،دەسبەجێ گوتی " ئێمە بەو بەلێنیەی ئەمریکا پێمانی دابوو پشت ئەستوور بوین،ئەگینا قەتمان بروا بە شا نەبوو. بەبێ گفتی ئەمریکا هەنگاوێکی لێ نزیک نەدەبووینەوە".

"مەلا مستەفا بارزانی" ماوەیەک پێش لە فەوتی لە وەڵامی ئەو پرسیارە دا؛ هەڵەی گەورەی چ بوو؟! دەق و دۆغری مەبەستەکە دەپێکێ و دەڵێ: مەتمانەم بە دەوڵەتی ئەمریکا هەبوو، ئەمیش خەیانەتی پێ کردین". (٤٣)

لە قۆناخی شەڕی سارد دا، دەیان وڵاتی بێ نەتەوەی ئاسیا و ئەفریقا ئاڵای سەربەخۆیی یان هەڵکرد و دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراند، بەڵام ئەگەر جار و باریش بە هەڵکەوت فایلی کوردەکانیان لە نێو ئارشیوی تۆزاوی دینا



سەرچاوە
Serchawe

دەر، بۆ ئـەوە بـوو وەكـوو دەسكەللایەک یـاری پـێ بكـەن. ژێنوسـاید، سـرینەوەی نـاوی كـورد، بـێ نـاو نیشـان كردنیـان... بەرهەمی دژایەتی بە ژێئۆستراتیژی یەكان بوو.

## گۆرانی ژێئۆستراتێژی

هـەرەس هێنـانی یەكیـەتیی سـۆڤیەت و كـەمپی سوسیالیسـتی لـە جیهـان دا، كێشـە و ململانیـی نێـوان دوو ژێئۆسـتراتێژیی "هـارت لەنـد" و "ریـم لەنـد"ی هێـور كـردەوە. جیهـانی دوو قـوتبی لـەئارادا نـەما. ئـەمریكا بـوو بـە تاقـە زلهێـزی ئـەم جیهانە.

كۆمارەكـــانی قرقیزستان،قەزاقستان،ئۆزبەكستان،تاجیكســـتان و توركمەنســـتان لـــە رۆژهـــەڵاتی دەریـــای خـــەزەر و، كۆمارەكـانی ئازەربایجـان، گورجسـتان، هەرمەنسـتان لـە رۆژئـاوای ئـەم دەریایـە لـە ژێـر سـوڵتەی سـۆڤیەت هاتنـەدەر.بـەو گۆرانكـاری یـە، ژێئۆسـتراتێژیی "هـارت لەنـد" بـە هـۆی لەدەست دانـی وڵاتـانی ئاسـیای میانـە و شـوینە سـتراتێژی یـەكانی قەفقاز تێک رووخا.

دۆزینـەوەی سـەرچاوەی تـازەی نـەوت و گـاز لـە ئاسیای میانـەدا كـە بـە دووهـەمین مەیـدانی نـەوت و گـازی جیهـان مەزەنـدە كـراوە و سـەرمایەگوزاریی كومپانیـا نـەوتی یـەكانی ئـەمریكا لـە مەیـدانی نـەوتی ئاسـیای میانـە و مەڵبەنـدی خـەزەردا. سنووری هـەریمی "ریـم لەنـد"یـان لـەبن گورچـووی مەڵبەنـدی "هـارت لەنـد"شین كـردەوە. بـەو گۆرانكـاری یـە كەنـداوی فـارس وەک ناوچەیـەكی ژێئۆسـتراتێژیكیی تاقانـە لـە رۆژهـەڵاتی نێوەراسـت دا گرینگیـی رابـردووی لەدەسـت دا.لـە بەرامبـەر دا رۆژهەڵاتی دەریای مەدیتەرانە كیانێكی تازەی پێ بەخشرا.

## كەندوای فارس و گیرو گرفتەكانی

كەنـداوی فـارس لـە بـواری نرخـی ئـابووری هێڵـی پێوەنـدیی فەرهـەنگی و سـتراتێژیكی یـەوە هەمیشـە ناوەنـدی چاونـەزێران و تێكـەوەگلانـی هێـزە مەزنـەكانی ئـەم جیهانـە بـووە. هـەركات ئاڵوگۆرێـک لـە وڵاتێكـی كەنـداو دا رووی دابـێ و لەنگـەری نێـوان هێزەكـانی شێواندبێ، دژ كـردەوەی سیاسـی، ئـابووری، نیزامـی یـەكان نـەک هـەر وەزعـی ئاسـایی ناوچەكـە، بـەڵكوو وڵاتانی جیهانیشیان شێواندوە.

هـەتا ئێسـتاش كەنـداوی فـارس بـە پرپیـت تـرین ئـەنباری نـەوتی دنیـا ناسـراوە.تەئسـیری راسـتەوخۆی لەسـەر شـل و خێـرا سـوورانی چـەرخی ئـابووری دنیـا بەتایبـەت دنیـای سـەنعەت دا هەیـە.پاشـەكەوتی نـەوتی كەنـداوی فارسـیان لـە سـاڵی



سەرچاوە
Serchawe

١٩٨٨ دابـە هـەزار و ٦٥٥ ملیـیـون بۆشـکە مەزەنـدە کـردەوە، ئـەویش دەکاتـە نیزیکـەی ٦٥/٥%ی پاشـەکەوتی نـەوتی هـەموو دنیـا. ئـەو نەوتـەی لـە جیهـان دا هـەڵ دینجـری،٢١%ی هـی مەڵبەنـدی کەنـداوی فـارس بووە. پاشکەوتی لـە سـاڵی ١٩٨٧ دا بـە ١٧ / ٣١٠١٠میلیـارد میتـری موکەعـەب مەزەنـدە کراوە.ئـەم میزانـەش مەسـرەفی سـەدان سـاڵەی وڵاتـان دابـین دەکا. (٤٤)

نـەوت کیشـەکان بـۆ بـارکردن و راگوسـتنی نـەوتی کەنـداوی فـارس بـۆ وڵاتـانی سـەنعەتی رۆژئـاوا، دەرووە سـتراتیژی یـەکانی "هـورمز" "بابولمەنـدەب" و سـوئێز". وڵاتـانی میحـوەری ئـەو رێچکـە دەریاییـە بـەهۆی کێشـە ئـایینی و نـاکۆکی یـە قـەومی - فەرهـەنگی یـەکانیان و حاکمییـەتی نیزانـی چەنـد لایەنـەیان و فـرە دەوڵەمەنـدیی هێنـدێکیان و فـرە فـەقیریی بەشـێکی تریـان و هـەروەها کاریگـەریی سیاسـی - نیزامـی زلهێزەکـان لـە سەرانسـەری نیـوەی دووهـەمی سـەدەی بیسـتەم دا،وڵاتـاتی جیهـانی سـێهەمیان تووشـی قـۆرتی زۆر چـەتوونی سیاسـی،نیزامی،ئابووری کـرد.شـەڕ و کێشـەی بـەردەوامی ئیسـرائیل و وڵاتـانی عـەرەب، شۆرشـی ئێـران و حاکمییـەتی بونیادگەرایانـەی کۆمـاری ئیسـلامیی، شـەڕی ئێـران و عێـراق، بەدوای ئەویشدا شەڕی کەنداو،چەند جاران دنیایان تا هەڵدێرگەی شەڕی جیهانی برد.

کاتێـک سـاڵی ١٩٩٠ی زایینـی دا شـەڕی کەنـداو قەوما،ئـەمریکا و رۆژئـاوا هەسـتیان کـرد سـامانی نـەوتی کەنـداو، بـە تایبـەتی هـی "کویـت" و عەرەبسـتانی سعوودی لـە خـەتر کـەوتووە. لـە لایـەن وڵاتـە جۆراوجۆرەکـانی رۆژئـاوا و رۆژهـەڵات و جیهـانی سـێهەم و وڵاتـە عـەرەبی یـەکان و لـە ژێـر رێبـەری ئـەمریکا هێرشـێکی گشـتی بـۆ سـەر کەنـداوی فـارس دەسـت پێکرا. لەو گەلەکۆمەگی یەدا چەند شت دەبینرا؛

**یەکـەمیان؛** هێزەکـان تێکـەڵاو بـوون لـە هێـزی نیزامـی ٧ وڵاتـی موسـوڵمان، ١٦ وڵاتـی رۆژئـاوا و دوو وڵاتـی رۆژهـەڵات.

**دووهەمیان؛** ئەو هێزانە لە چوار قورنەی دنیا ڕا بۆ ناوچەکە هاتبوون.

**سێهەم؛** هێزی زەمینی و هێزی دەریایی پێکەوە نەخشیان دەگێرا.

**چـوارەم؛** هـەرچی هێـزی سـەربازی و کەشـتیی چـەنگی و فرۆکـە و تانـگ و تـۆپ و چـەک و کەرەسـەی شـەڕ بـوو.لـە رێگـای دەرووی هورمزەوە بۆ کەنداوی فارس دەنێردران.

**پێنجـەم؛** زۆر بـوونی رادەی بەشـدار بـوون لـەو شـەڕەش دا جێـی لـێ وردبوونەوەیـە، چۆنکـە تـا ئـەو کـاتیش لـە جیهـان دا بـە دەگمـەن بینرابـوو، لـە قـەیرانێکی ناوچـەیی دا ٢٤ وڵاتـی دنیـا بێجگـە لـەو دەوڵەتانـەی بـە پـارە یارمـەتیی گەلەکۆمەگیەکـەیان دەدا وەکـوو ئاڵمـان و ژاپـۆن و... بـە گـەورە و بچـووک خۆیـان لـە شـەڕیکی وا وەردابـێ.ئەمـەش لـە خـۆی دا ئەوە دەسەلمێنێ کە کەنداوی فارس و دەرووی هورمز بۆ دنیای ئەمرۆ چەند بەبایەخ و گرینگن؟! (٤٥)

ئـەمریکا لـەحالی حـازریش دا بـە حـوکمی دەیـان پایگـای هـەوایی - دەریـایی لـە دیگوگارسـیا و عومـان و عەرەبسـتانی سـعوودی و بـەحرین و پاکسـتان و ئیسـرائیل و سـومالی و کینیـا و جیبـوتی و جـەزیرەی رینونیـون و پایـەگای ئینجرلیـک لـە

تورکیا (٤٦) داو سەرفی ساڵانە دەیان ملیارد دوڵار، توانیویەتی ئەمییەتی هێڵی نەوت کێشەکانی کەنداوی فارس بپارێزێ.بێجگە لەمانەش هەروەک دیتمان لە شەڕی "کویت" دا هێزەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ئیمکاناتی بەندەری و فرۆکەخانەی وڵاتانی دۆستی ئەندام لە شوورای هاوکاریی کەنداویش دا، کەڵکیان وەردەگرت.

لەسەریەک هەر ڕووداویک لە کەنداوی فارس دا بقەومێ، تەواو وەزعی ئابووری ئەمریکا دەشیوێنێ. وەزیری خەزانەداریی ئەمریکا دوای قەیرانی "کویت" رای گەیاند: "قەیرانی کەنداوی فارس دەتوانێ هەڵدانی ئابووریی ئەمریکا بگەیەنێتە نیزیک سیفر". (٤٧)

## ئەمریکا و ستراتیژیی نۆێ

هەڵکشانی سنووری"ریم لەند" بۆ ئاسیای میانە و ڕۆژهەڵاتی ئورووپا ئەو ئیتمینانەی بە کومپانیا نەوتی یەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا دا بۆ دۆزینەوەی نەوت و گاز لە حەوزەی خەزەر دا سەرمایەگوزاریی درێژخایەن بکەن. پسپۆران و زەوی ناسان وایان مەزەندە کردوە سامانی نەوت و گازی ئاسیای میانە، دوای کەنداوی فارس لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە پترە.سێ ڕەقیبی گەورەی ناوچەکە - ڕووسیا،ئێران و تورکیا - دەیانەوێ لەو گۆرانکاری بە ستراتێژیکی یەدا بەرژەوەندی ئابووری - سیاسی درێژخایەن بۆ وڵاتەکانیان دەستەبەر بکەن.

ڕووسیا ئێستاش نفووزیکی زۆری بەسەر کۆمارەکانی ئاسیای نێوەراست و قەفقازەوە هەیە. هەڵکەوتی جوغرافیایی و وەزعییەتی ئابووری و نیزامیی ئەو وڵاتانە،ئەوە هەڵناگرێ یەک دا بە دوو خۆیان لە وڵاتی ڕووسیا بپچڕێننەوە. سیاسەتی ئابووری کۆمارەکانی قەفقاز و ئاسیای نێوەراست بەرامبەر بە وڵاتانی هەریم و ڕۆژئاوا و ئەمریکا و پرۆژەی سەرمایە گوزاریی کومپانیا نەوتی یەکان لەسەر دیاری کردنی شوێنی خەتی لوولەی نەوت و گازی مەڵبەندی خەزەر بۆ بازارەکانی دەرەوە و سیاسەتی ستراتێژیکیی ئەمریکا لەو پێوەندی یەدا بە مانای لە سەنگ و بەردنانی ئابووری وڵاتی ڕووسیایە.دەوڵەتی ڕووس لە سیاسەتی نێونەتەوەیی و مانۆردانی سیاسی دا خاوەن ئەزموونێکی زۆرە. ئێستا دەزانی لە هێزو دەسەڵات دا ئەوە نیە،وەکوو ڕابردوو خۆی لە قەرەی ئەمریکا بدا، بۆیە زۆر نەرم و هێدی دەجووڵێتەوە. وێرای ئەوەی هەوڵ دەدا ئەمریکا لە خۆی نەتۆرێنێ،ئەوەش بە ئەمریکا بڵێ باشترین و ئەمنترین شوێن بۆ ڕاگوێزانی نەوت و گازی حەوزەی خەزەر بۆ بازارەکانی دەرەوە ئەو خەتە لوولەیە کەبە خاکی ڕووسیا دا دەچێتە سەر دەریای ڕەش.

ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە زۆر دەلیلان موافیقی نەزەری ڕووسەکان نین، ڕاستە تێزی "هارت لەند" تێک شکاوە و یەکیەتیی سۆڤیەت لەبەریەک هەڵوەشاوە، بەڵام هەر ئێستاش ڕووسیا لە باری خاکەوە گەورەترین وڵاتی دنیایە، لە بواری

چەکی ستراتیژیکی شەڕەوە دوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهێزترین وڵاتە. لە روانگەی ئەمریکا و رۆژئاواوە بەسەرانەوەی وڵاتانی ئاسیای ناوەراست و قەفقاز بە رووسیا هەمیشە ئەو مەترسی یەی لێ چاوەروان دەکری، ئیمپراتۆریی یەکیەتیی سۆڤیەت لە قالبێکی دیکە دا و بە نێوێکی دیکە سەرلەنوێ سەرهەڵ بداتەوە.

جارێکی دیکەش وەکوو یەکەم حەریفی ئەمریکا بگەرێتەوە نێو مەیدان. بێجگە لەوەش شەڕی چێچانستان شوێنی راگواستنی نەوت و گازی ناوچەی خەزەری لە رێگای بۆری یەوە زۆر نائەمن کردەوە.هیچ تەزمینی ئەوەش ناکرێ وەزعی ناوچەکە لە داهاتوو دا هێور ببێتەوە. بۆ ئەمانەش خودی تورکیا کۆسپی هەرە گەورەی سەر رێگای ستراتیژیی خەزەر - دەریای رەشە. رووسیا قەت ناتوانی هاتووچۆی ئاسیای پاپۆرە نەوت هەڵگرەکان لە دەریای رەش ڕا بۆ دەریای مەدیتەرانە لەسەر خۆی مەحتە بکا.چونکە دەوڵەتی تورکیا نایەڵێ دەرووەکانی "بوسفۆر" و "داردێل"لەوە زیاتر بارگرانیان بکەوێتە سەر و ئاو و هەوای شاری میتروپۆلی دە میلیون کەسی ئیسامبۆلیان لێ پیستر بکا.بۆیە ئەگەری شکستی ستراتیژیی خەزەر - دەریای رەش هەر لە ئێستاوە چاوەروان دەکرێ.

تێک خستنەوەی نەوت و گازی حەوزەی خەزەر و کەنداوی فارس لە مەسلەحەتی سیاسەتی درێژخایەنی دەوڵەتی ئێران دایە. بێتوو ئەم ستراتێژی یە جێ بگرێ، لەو نێوە دا ئەوە ئێرانە لە هەموان پتر قازانجی پێ دەبرێ. دوای ئێران "ئیمکرە شرقی "بەتایبەتی وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی "ئاسیا" و "ژاپۆن" و "ئۆستورالیا" لە بواری دابین کردنی ئێنیرژیی نەوت و گازەوە کاریان هاسانتر دەبێ. لەو بەینەدا ئەوەی خاوەن مەتلەبە، وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکان. ئایا بەو ستراتێژی یە قایل دەبن؟ یان لە دژی رادەوستن؟ بەرژەوەندیی دوارۆژی وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکا لەوە دایە، سیاسەتی ستراتێژیکی یان تەنیا لە تەوەری ستراتێژی تاقانەی کەنداوی فارس دا خول نەخوا.هەرلەبەر ئەوشە ئێستا خەریکن بناخەی ستراتێژی یەکی دووانەی مەدیتەرانە - کەنداوی فارس دادەرێژن. رۆژئاوا و ئەمریکا نایانەوێ حەوزەی خەزەر باوێژێتە سەر کەنداوی فارس؛ چونکە لە لایەک ئێرانیان لێ پشوو سوارتر دەبێ، لە لایەکی دیکەش ڕا ئاستی جیهانی کەنداوی فارس ئەوەندەی دیکەش بارگەان و ئاڵوزاوی و بە گیچەل تر دەکا.

لەبواری جوغرافیای سیاسی یەوە هیچ وڵاتێک بە قرا وڵاتی ئێران، هەڵکەوتەکەی بۆ کۆمارەکانی قەفقاز و ئاسیای نێوەراست لەبار نیە،لە رێگای دەریای خەزەر ڕا پێوەندی راستەوخۆی بە بەشێکی ئەو کۆمارانەوە هەیە. بەرێگای ماشێن و قەتار دا زۆر هاسان هاتوو چۆی ئەو کۆمارانە بۆ دەریای ئازادی کەنداوی فارس و دەریای عومان دابین دەکا. دوای لێک هەڵوەشانی یەکیەتی سۆڤیەت و تێکچوونی پارەسەنگی ستراتێژیکیی دوو هێزی گەورەی جیهانی، ئێران بهاتبا و بە وردبینی یەوە هەنگاوی هەڵێنابا، شانسی بۆ پرکردنەوەی بۆشایی دەسەڵاتی سۆڤیەت لەو کۆمارانە دا لە هی وڵاتانی دیکە زیاتر دەکرد. هێندێک سیغەی هاوبەش لە نێوان ئێران و کۆمارەکانی ئاسیای نێوەراست داهەن



سەرچاوە
Serchawe

کە دەرگا بۆ یەکتری دەکەنەوە بۆ ئەوەی پێوەندی یەکی نوێ لە نێوانیان دا، دابمەزرێ،وەکوو:

پێوەندی مێژوویی و فەرهەنگی و ئایینی و ریندوو کردنەوەی جادەی ئاوریشم لە لایەک و، پێویستیی ئەو وڵاتانە بە بازاری یەکتری و ئیمکانی دەست پێراگەیشتنی کۆمارەکانی ئاسیای نێوەراست بۆ دەریای ئازاد لە ئێرانەوە.بەڵام زیدەخوازیی ئێران لە زیندوو کردنەوەی داب و نەریتی کۆن و بەهێزکردن و زیاتر برەوپێدان بە ئایینی ئیسلام و دانانی مەکتەبی قورئان و دروست کردنی مزگەوت و بەرێوەبردنی رێ و رەسمە ئایینی یەکان و دانانی بنکە و بنیاتی لەو کۆمارانە دا، هیچ کامیان تا ئێستاش نەیتوانیوە ئامانجی ستراتیژیکیی ئێران کە کۆکردنەوەی کۆمارەکانی حەوزەی خەزەر لە نێو یەکیەتیی جەماهیری ئیسلامی دایە بهەنگیون. (٤٨)

ئامانجێک کە مسیۆنیزە مەسیحی یەکانیش لە سەدەی ١٩دا لە نێوان وڵاتی کاتی رۆژهەڵات دا تاقیان کردبوون، بەڵام تێیدا حاسێ مابوونەوە.دەوڵەتی ئێران بیری لەوە نەکردبۆوە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ناوچەی ئاسیای نێوەراست(بێجگە لە شیعەکانی بوخارا و هێندێک شیعەی ئیسماعیلی دانیشتووی تاجیککستان)حەنەفی مەزهەب و سوننین. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ئایینیەوە سیاسەتی فراژۆیان لە ئاسیای نێوەراست دا دەست پێکرد. بەڵام تەنیا رەنج بە خەسار مانەوە و حکوومەت و خەڵکی ئەو وەڵاتانەیان لە خۆیان دردۆنگ کرد.بێتوو ئالاهەڵگرانی ئایینی وەهابیگەری و شیعەگەری دەست لە سەرمایە گوزاری کێشە ئایینی یەکان هەڵنەگرن، دوور نیە لە داهاتوو دا سوننی یەکان لە شیعەکان راست ببنەوە. (٤٩) ئەو جار ململانیی توندی نێوان دوو ئایینی شیعە و سوننی لە رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی ئێران ڕا شوێنی خۆی بۆ باکووری ئێران رابگوێزێ.

ئێران دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کە چەکی ئیدئۆلۆژیی ئایینی بڕناکا و ناتوانێ مێشکی خەڵک بکرێ و بازاری ئەو وڵاتان پاوان بکا، ئەوچار لە رێگای چالاک کردنی رێکخرای "اکۆ"وە وەخۆ کەوت.

"اکۆ" رێکخراویکە ئێران، تورکیا و پاکستان لە ساڵی ١٩٧٥ دا بۆ گەشەپێدانی بازرگانی نێوخۆیی دایان مەزراند. دوای ئەوەی تۆماری ژیانی ئیمپراتۆریی بەهێزی کۆمۆنیزم لەسۆڤیەت تێکەوەپێچرا، کۆمارەکانی قەزاقستان، ئازەربایجان، قرقیزستان، تاجیکستان و ئۆزبەکستان و لە ئاخریش دا ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٩٢ی زایینی دا هاتنە نێو: اکۆ". ئەوەش بووە هۆی ئەوە نرخی ستراتیژیکیی ئەو مەڵبەندە زۆر خێرا بەرەو ژوور هەڵکشێ. رێکخراوی: اکۆ" بە ٣٠٠ میلیون نفووس پێوانەی ١٨%ی قارەی ئاسیا، بوو بە گەورەترین رێکخراوی ناوچەیی لە جیهاندا. بەوحاڵەش "اکۆ" لەبەر ئەوە لە ئەندامانی تێکەڵ پێکەڵ پێک هاتووە، ناتوانی کارامەیی هەبێ ئەندامانی چالاکی "اکۆ" ئامانجیان هەر ئەوە نیە بازرگانی نێوخۆیی یان پەرە پێ بدەن، بەڵکوو دەیانەوێ لە بەرێ کردنی گاز

و نـەوتی حـەوزەی خـەزەر بـۆ بەنـدەرگاکانی دەریـای ئـازاد بەشـی خۆیـان بپچـڕن و لـە رادەی بەسـترانەوەی ناوچـەیی وڵاتـانی مەڵبەنـدی خـەزەر بـە رووسـیا کـەم بکەنـەوە.بەهـەر تەقـدیر،ئامانجی جۆراجـۆری سیاسـی ئەنـدامانی "اکـۆ" و دەسـتێوەردانـی وڵاتـانی دەرەوە و کومپانیاکـان، نـەیان هێشـتووە "اکـۆ" بـۆ ئێـران خێربداتـەوە.تـا ئێسـتاش نەخشـی رێکخراوی "اکۆ" لە بووژاندنەوەی ئابووری ناوچەکەدا زۆر لاواز دەبینرێ.(٥٠)

بێجگـە لـەو شتانە، نیزامـی ولایـەتی فـەقیهیی کۆمـاری ئیسلامی ئێران، هێنـدێک تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، وێهـەڵکردن و وەخـۆگرتنی هێنـدەش ئاسـان نیـە.لـە سیاسـەتی ئـابووری دا تـا ئێسـتاش بـڕوای بـە بـازاری ئـازاد نیـە.لەسیاسـەتی دەرەوەدا گێژەڵووکـە دەکـا.سنووری دۆسـتایەتی یەکـەی روون نیـە.بەئەنقەسـت بـێ یـان بەراسـتی بێ،دژایـەتی یەکـەی بەرانبـەر بـە ئـەمریکا لەرادەبـەدەر زیدەرۆیانەیـە، ئێـران ولاتێکـی پـڕ سـامانە،خاوەنی ١٤%ی پاشـەکەوتی گـازی دنیـا (٥١) و نیزیـک ١٤/٥%پاشـەکەوتی نـەوتی کەنـداوی فارسـە.(٥٢) لـە خـۆی دا وڵاتێکـی ئـاژاوەگێر و پرکێشـە و رووداو خوڵقێنـە. ناسیۆنالیزم و ئـایین دوو ماکـەی بـەهێزی کۆمـاری ئیسلامین. بـەکارهێنانی ئیـدئۆلۆژی و چەکـدار بـوونی ئێـران بـە چـەکی ستراتیژیکی سـارۆخی بالیسـتیک هەمیشـە دەتـوانن وڵاتـانی ئەنـدامی شـووڕای هاوکـاریی کەنـداو و ئـەمریکا تـەنگاو بکـەن. ئـەو وەزعـە نائاسـایی یـەش زۆر خێـرا ئـاڵۆزیی سیاسـی و قـەیرانـی ئـابووری،خۆ پەرچـەک کـردن و شـەڕی ناوچـەیی بـەدوای خـۆی دا دێنـێ. وڵاتـی ئێـران سەرانسـەری لێـواری بـاکووری کەنـداو و دەرووی هورمـوز و دەریـای عومـانی داگرتـووە. لـەباری ژیئـۆ پـۆلێتیکی یـەوە لـە ناوچـەی رۆژهـەڵاتی نێوەراست دا هەڵکـەوتێکی شـاز و نایـابی هەیە،مەیـدانی مانۆردانەکـەی فـرت و فەراوانـە. لـە ئاسـتی شـەڕ و ئاشـتی داو،خـاو و گشـت کردنـەوەی وەزعییـەتی ناوچەکـە و دەنـەدان و هێورکردنـەوە و تێکـدان و سـازان و حاڵـەتی ئاسـایی و نائاسـایی دا دەتـوانی وەکـوو لایـەنێکی بـەهێزی ناوچەکـە دەور بگێـڕێ. زەوینـەی دەسـەڵات نـاژۆیی ئێـران لـە ناوچەکـەدا هەمیشـە دەتـوانێ مەڵبەنـدی یـەکجار گرینگـی کەنـداوی فـارس و رۆژهـەڵاتی نێوەراست بشـەمزێنێ و بەرژەوەنـدیی رۆژئـاوا و ئـەمریکا لـە مەترسـی بـاوێ. ئـەو رووداوانـەی بوونـە هـۆی ئـەوە لـە دوو دەیـەی دوایـی دا وڵاتـانی کەنـداو پێکـەوە تێـک بگلێنـی، سـەڵماندیان کەنـداوی فـارس و دەرووی هورمـوز لـە تێکـدانی پارەسـەنگی هێـخـی سـەروەر دا فـاکتۆرێکی تێکـدەرن. سـەرەرای ئەمانـە، ئێـران دەتـوانێ بـە وردبوونـەوە لـە جوغرافیـای سیاسـی و ژیئۆپـۆلیتێکی و ژیئۆسـتراتێژیکیی ناوچەکە،پارەسـەنگەکان بـەقازانجی خـۆی بگـۆڕێ بـۆ وێنـە لـە بەرانبـەر یـەکگرتنی کۆمارەکـانی ئازەربایجـان و تورکیـا و ئیسـرائیل دا، پێوەنـدی خـۆی لـە گـەڵ کۆمارەکـانی تاجێکسـتان و هەرمەنسـتان و سـووریا و یۆنـان بـەهێزتر بکـا، هـانی ئـەو هێـز و رێکخـراوە سیاسـی یانـەش بـدا کـە لـە دژی حکوومەتەکانی ئازەربایجان و تورکیا و ئیسرائیل خەبات دەکەن.

هێنـدێک پسپۆر و لێزانـی سیاسـی لـە مەسـایلی ئێران،پێیـان وایـە بـە سـەرکەوتنی بـاڵی "اصلاح طلب" لـە حاکمییـەتی ئێـران دا سیاسـەتی نێوخـۆیی و دەرەوەی ئێـران ئـاڵوگۆڕێکی زۆریـان بەسـەردا دێ.پاراسـتنی بەرژەوەنـدی ئـابووری و



سەرچاوە
Serchawe

ستراتیژیکی وا لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکا،واز لە سەروەریی ئیدئۆلۆژیکی بێنن و لەگەڵ رەوتی نوێ جیهان خۆیان رێکخەن بەوحاڵەش رێی تێ ناچێ ئێران لەو ئەزموونەش دا سەرکەوێ و بتوانی بەسەر رەهەندی خەزەر - کەنداو دا پردێک لێ بدا.

جیا لە رووسیاو ئێران، دەوڵەتی تورکیا لەو دەوڵەتانەیە شانسی بۆ گەیشتن بە ئامانجی ستراتیژیکی ئاسیای نێوەراست - مەدیتەرانە لە هەمووان نیزیکترە، زۆر بە توندی خەریکە وڵاتی تورکیا و کۆمارەکانی ئاسیای نێوەراست لێک دەدروێ. خەڵکی ئەو کۆمارانە لە رەگەز و زمان و ئایین دا زۆر لێک نزیکن. لەبواری سیاسی شەوە تورکیا بەخۆ دوورخستنەوە لە پان ئیسلامیزم و بونیاتگەرایی ئیسلامی، لە بواری ساختاری پلۆرالیزمی سیاسی و حکوومەتی پارلمانی و ئابووری سەرمایەداری و رەقابەتی ئازاد دا بۆ ئەو رەوتە نوێ یەی کە کۆمارەکانی حەوزەی خەزەر دەبیێون، تورکیا مودیلێکی لەبەر دڵان و رەزاسووکە. تورکیا لە دیپلۆماسییەتی نێونەتەوەیش دا سەرکەوتووە، ئەندامێکی کارامەی ناتۆ و کاندیدای چوونە نێو یەکیەتیی ئورووپا و لە بەرەی رۆژئاوا و ئەمریکا دایە. تورکیا بە تایبەتی وەکوو نووکی کەوانەی ئەمریکا بۆ پەل هاویشتن بۆ نێو قەفقاز و وئاسیای نێوەراست دا کار دەکا."سلیمان دمیرل" سەرۆک کۆماری پێشووی تورکیا لە وتووێژێکی رۆژنامەنووسی دا دەڵێ:

" ئێمە لەو بارودۆخەدا لە خۆمان دا رادەبینێنن لە حەوزەی جوغرافیایی دەریای مەدیتەرانە ڕا تا دەگاتەوە سنووری چین، بەرپرسایەتی یەکی متمانەی سیاسی وەئەستۆ بگرین. مەبەستمان لەو بەرپرسایەتی یە ئەوەیە خزمەتی پتەوکردنی هاوکاریی نێونەتەوەیی و ئاشتی جیهانی بکەیە."

دەوڵەتی تورکیا بە دروشمی یان تورکیزم و دامەزرانی دەوڵەتێک لە ئیستامبول ڕا هەتا دەگاتەوە وڵاتی چین، هاتۆتە مەیدان، بەئایین و رەگەز و زمانی هاوبەش و وەچوو، توانیویەتی عەتفی کۆمارەکانی قەفقاز و ئاسیای نێوەراست بۆلای خۆی راکێشێ. پاش ساڵی ١٩٩٢ پێوەندی نێوان تورکیا و دەوڵەتی ئەو کۆمارانە زۆری زیاد کردوە.هاتووچووی هەوایی رۆژانە، بڵاوکردنەوەی بەرنامەی تەلەویزیۆنیی تورکیا بۆ ئەو کۆمارانە، دانانی شرکەت و بانکی تورکیی لە وڵاتەکانیان و، ساغ بوونەوی نوێنەرانی دەوڵەتیی وڵاتە تورک نشینەکان لەسەر ئەلف و بێی لاتینی تورکی بە هێندێک دەسکاریەوە،ئیمزا کردنی رێککەوتنامەیەک لە گەڵ کۆماری ئازەربایجان سەبارەت بە راکێشانی لوولەی نەوتی باکۆ - تفلیس - جەیحان (ساڵی ١٩٩٢ز)و، کرینی گاز لە تورکمەنستان و، راکێشانی لوولەیەک بە درێژایی دوو هەزار کیلومتر بۆ تورکیا (٥٣) سەرمایەگوزاری یەکی بەرفەراوانی ئابووری لە تورکمەنستان و ئازەربایجان و قزقیزستان و شوێنەکانی تر.ناردن و وەرگرتنی خوێندکار، ناردنی پسپۆرانی نیزامی (٥٤) ششمین کنفرانس کشورهای ترک زبان) قورسایی ژئێوپۆلێتیکی تورکیای لەو مەڵبەندە دا زۆر بردۆتە سەر.ئەو دەسکەوتانە

لەسەر یەک هەندەرێکن بۆ ئەوە ئەمریکا لە هەموان زیاتر پشت بە تورکیا ببستێ و بێکاتە پردێک لە نێوان خەڵکی ئاسیای نێوەراست و رۆژئاوا دا.

هەر ئێستا تورکیا لەسایەی وەزعیەتی شازی ژئێوپۆلێتیکی و پشتیوانیی ئەمریکاوە، خەریکە دوو حەریفی خۆی رووس و ئێران لەسەر پاوان کردنی بازاری نەوتی خەزەر دا لە مەیدان دەباتە دەر، بەو جیاوازی یە کە رووس و تورک زۆر لە ئێران زیاتر پێویستی یان بە هاوکاری یەکتری لە ناوچەکە دا هەیە، هەردوو لا ناچارن دڵی یەکتری رابگرن. (٥٥) ئێستاش زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو کۆمارانە لەوە حاڵی بوون کە رێگای مومکین بۆ بەرێکردنی گاز و نەوتیان بۆ بازارەکانی ئورووپا و ئەمریکا، دەریای مردیتەرانەیە، نەک دەریای رەش یان کەنداوی فارس.

دوو شیرکرتی گەورەی ئەمریکا "شورن" و "موبیل"، ٧٠%ی سەهمی پرۆژەی گەورەی دەرهێنانی نەوتی دەریای خەزەریان وەئەستۆ گرتووە.

سەرکەوتنی پرۆژەی "Pipelines" ئابووری تورکیا بە جارێک دەگەشێنیتەوە. کەنداوی ئەسکەندەرون دەگاتە گەورەترین بەندەرگەی نەوت - هەڵگەرەکان.بێجگە لەو پارەیەی بابەتی ترانزیت وەری دەگرێ، ساڵانە پتر لە ٥ میلیارد دۆلار داهاتی پێ زیاد دەبێ.

قەرارە بە ٧ خەتی لوولە دا نەوتی خەزەر بۆ مەدیتەرانە بەرێ بکەن. هەموو ئەو لوولانە کە دەگاتە تورکیا، بەسەر خاکی کوردستان دا تێدەپەرن و دەگەنە بەندەری جەیحان.

## ئەرکی ئەمریکا لە پێگەیاندنی ستراتیژیی نوێ دا

نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم بە دامەزرانی حکوومەتی ئیسرائیل و ئاوارە بوونی زیاتر لە ٧٥٠ هەزار عەرەبی فەلەستینی (٥٦) و قووڵ بوونەوەی کێشەی عەرەب و جوولەکەکان و شێوانی وەزعی ئاسایی ناوچەکە و، بەردەوامیی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەیی لە پارچەکانی کوردستان دا دەستی پێکرد. رۆژهەڵاتی مەدیتەرانە کە رۆژگارێک ناوەندی رمیناڵی بۆرییە نەوتەکانی کەرکووک - حیفاو کەرکووک - ترپیۆلی و بانیاس و هێڵی بۆرێی "تایپ لاین"ی عەرەبستان بۆ ترمیناڵی مەدیتەرانەی زەهران لە بەندەری "صیدون"ی لوبنان دا بوو بە هۆی نائەمنیی ناوچەکە و دەست پێکردنی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل لە کار کەوتن (٥٧) لە ئاکامدا رۆژهەڵاتی دەریای مەدیتەرانە گرینگیی ستراتیژیکی و ژئێۆپۆلێتیکی پێشووی لەدەست دا. ئەمریکا لەو مەڵبەندە دا کە بەشێکی حەساسی ژئێۆستراتیژیکیی "ریم لەند"ی لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دا دەگرتەوە، بەدەست کۆڵەبارێک لەو گێرەو کێشانەوە پێوە ببوو. لە ئاخری



سەرچاوە Serchawe

دەیـەی هـەفتادا، رووداوی کـوت وپـری شۆڕشـی ئێـران و بـەدوای وی دا، هەڵگیرسـانی شـەڕی ئێـران و عێـراق و شـەڕی کەنداوی

فـارس. لەنگـەری سـتراتێژیکیی ناوچەکـەی هێنـدەی تـریش بـە زەرەری ئـەمریکا تێکـدا. لـەو کـاتی ڕا بـوو سـتراتێژیی ئـەمریکاش گـۆرانی بەسـەردا هـات. ئـەمریکا بەتایبـەتی بـە دوای لێـک بڵاوبـوونی بلـووکی سـۆڤیەت،لە تەنیشـت سـتراتێژیی نیزامی دا، ستراتێژیی سیاسیشی بەهێز کرد.

ئـەزمونی شـەڕەکانی هینـدو چـین و وەرەگرتنـی نفـووز و پێشـرەوی ئیـدئۆلۆژیی کومـونیزم و سۆسیالیزم لـە ئاسیا و ئـەفریقا و ئـەمریکای لاتـین نیشـانیان دا، تـەنیا کەڵەوەکێشـی و قـۆدرەتی نیزامـی ئـەمریکا هـەموو شـێتک دیـاری ناکـا و لـە هـەموو وەختێـک دا رەفتـاری وڵاتـان بـە قـازانجی وی نـاگۆرێ. زۆر جـاری واش هەیـە تونـد و تیژیـی کـردن ئاکـامی خراپـی بـەدوا دادێ. کارامـە کردنـی پێوەنـدیی دیپلۆماسـی و نفـووزی فکری،تـەبلیغاتی بـەربڵاو بـۆ راکێشـانی بیـروڕای گشـتی، یارمـەتی مـاڵی بـە وڵاتـان، رفتـاری دۆسـتانە و هـاوبیروڕا بـوون لەسـەر مەسـایلی نێونەتـەوەیی و لـە نیهایـەت دا گـەف لێکـردن و گـەمارۆی ئـابووری و بـە چـۆک داهێنـانی نـەیاران بـە هێـزی نیزامـی: وێنەیـەکن لـەو کەرەسـانە کـە ئـەمریکا ماوەیەکـە وەکـوو تاکتیکی رۆژ کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

لـەم رۆژگـارە دا سـێ کۆچکـەی خـەزەر، کەنـداوی فـارس، رۆژهـەڵاتی مەدیتەرانـە بـۆ ئـەمریکا گرینگتـرین و پڕبایـەخترین شـوێنن.ئـەمریکا بـە لـە ژێـر چـاوەدێری ڕاگرتنـی ئـەو سـێ شوێنە،سـوکانی وەزعییـەتی ژێئۆپـۆلیتیکیی و ژێئۆسـتراتێژیکیی ناوچـەی رۆژهـەڵاتی نێوەراسـت و ئاسـیای نێوەراسـتی بـە تـەواوی دەکەویتـە دەسـت. ئـەمریکا لـە پێرەویـی سیاسـەتی درێژخایـەنی دا دەسـتی ئاوەڵـە بۆتـەوە ناوچەکـە لـە گـرژی و دژایـەتی یـە ئـایینی و رەگـەزی یـەکان بپـاڵێوێ. بـۆ دوایـی هێنـان بـە سـناریۆی دراماتیکی کێشـەی پـەنجا ساڵەی جوولەکـە و عـەرەبان هـەوڵ بـدا، بـۆ هێـور کردنـەوەی شـوێنە



ئالۆزەکان و یەک لەوان، کوردستان پایەگای دژەفرین دابنێ و بۆ زیندوو کردنەوەی شکوی رابردووی مەدیتەرانە و وەگەڕخستنەوەی ترمینالە نەوتی یەکەی بەرنامەی درێژخایەن دابرێژێ.

بەپێچەوانەی ئیدیعای هێندێک خاوەن نەزەری ئێرانی، رۆژهەلاتی مەدیتەرانە بۆ بارکردنی نەوت بۆ ئورووپا و ئەمریکا نزیکترین و هەرزانترین شوێنە. لە رابردوو دا بەشێکی بەرچاو لە نەوتی عەرەبستانی سعوودی و "کویت" و عێراق بە بۆڕی دەگەیاندرانە سەر بەندەرگاکانی "صیدون"ی لوبنان و "حیفا"و طرابلس" و بانیاش". هەموو ئەو هێڵانە ئێستاش ئیستعدادی وەکار خستنەوەیان هەیە. کاتێک شەڕی ئێران وعێراق دەستی پێکرد و کەنداوی فارس قەیرانی بەسەر داهات، کومپانیا نەوتی یەکان بۆ ڕاگوستنی نەوتی کەرکووک بۆ دەرەوە لەساڵی ١٩٨٤ی زایینی دا بە راکێشانی بۆری نەوتەکەیان گەیاندە بەندەری سەیحان و کەنداوی ئەسکەندەروون. زەرفییەتی ئەو بۆری یانە ١/٥ میلیون بەرمیل نەوت لەرۆژ دایە و دەتوانن زەرفییەتەکەی تا ٢ میلیۆن بەرمیل بەرنە سەر. (٥٨) راستە بەرێ کردنی نەوت بە بۆری لەسەرەتا دا سەرمایەگوزاری یەکی زۆر هەڵدەگرێ و هێندێک گیرو گرفتی بەسترانەوە بەو ولاتانەی کە بۆری نەوتیان پێ دادەڕوا دێنێتە پێش، بەلام لە درێژخایەن دا زۆر بە قازانج تەواو دەبێ.بۆ کومپانیای "تیکزاس" وای قەبلاندوە هەر بەرمیلێک نەوت کە بە پاپۆر لە رێگای کەنداوی فارس ڕا بۆ دەریای نێوەراست (دەریای مەدیتەرانە)بار بکرێ، ٤٥ تا ٨٥ سەنت خەرج هەڵ دەگرێ، لە حاڵێکدا هەمان بەرمیل نەوت ئەگەر بە بۆری بگوێزرێتەوە ١٨ سەنتی تێدەچێ.بێجگە لەمەش لەبەر ئەوە نەوت بە بۆری دا بێ راوەستان و خێراتر دەگاتە مەقسەد لە رادەی نەوت هەڵگرەکان و دروست کردنی نەوت هەڵگری زیادی کەم دەکاتەوە. (٥٩)

بەشێک لە ستراتێژیی نوێی ئەمریکا تێکخستنەوەی مەیدانی نەوتی "خەزەر و ولاتانی خاوەن نەوتی باشووری رۆژئاوای ئاسیا بۆ دەریای مەدیتەرانە"یە، کوردستان لە نێوبەندی ئەو ستراتێژیی یە نوێ یە دا شوێنی تایبەت بە خۆێ هەیە؛ ولاتێکی پان و بەرینە، کەوتوتە نێوان چوار ئاوی خەزەر، دەریای رەش، دەریای مەدیتەرانە و کەنداوی فارس. زۆر ئاسان دەتوانی لە قورسایی باری کەنداوی فارس و دەریای رەش کەم بکاتەوە، بە قازانجی مەدیتەرانە نەخشی کانالیزاتور بگیرێ و لەنگەری ستراتێژیکیی نێوان خەزەر و کەنداوی فارس و ئەسکەندەروون رابگرێ. کوردستان چەند ئیمتیازی دیکەشی هەیە: دەروازەی نێوان دوو قارەی ئاسیاو ئورووپا و رێگای گەیشتن بە مەڵبەندی "سوق الجیشی" قەفقازە. ئاڵ و والا بوون و جۆراوجۆریی سروشتیی کوردستان، لە رازاوەترین دیمەن دا چوار وەرزی ساڵیان لێک جیا کردۆتەوە. لە هەمان کاتیش دا کەش و هەوای نێوە قوتبیی چیا گەردەن کەشەکان و ناوچە دەشتایی یەکانی گەرمێن لە باشووری کوردستاندا، ئەو ولاتەیان هەمیشە گەشاوە و زیندوو راگرتووە. کوردیش لە نێو ئەو سروشتە دا سەرەرای ئەو هەموو چارەڕەشی یەی بەسەری هاتووە بەوحاڵەش نەتەوەیەکی لەش ساخ و ژیر و بەوزە و دڵ زیندوو و هەمیشە شاد و دەم بە پێکەنین و غەریبەگر بارهاتووە و زۆر هاسانیش دەتوانێ لە گەڵ

گۆرانکاری یەکان خۆی رابێنێ.

کوردستان وڵاتێکی خاوەن نەوتە، هەر ئێستا کانگا نەوتەکانی کەرکووک دەتوانن رۆژانە دوو ملیۆن بەرمیل نەوت بۆ دەرەوە بەرێ بکەن. لەباری "ئاو"یشەوە دەوڵەمەنترین وڵاتی ناوچەکەیە، بەشێکی بەرچاو لە چارەنووسی خەڵکی وڵاتانی سووریا و عێراق بە تایبەتی بە ئاوی کوردستان بەستراونەتەوە.

بەو حاڵەش نابێ لەسەر دۆزی کورد خۆمان تووشی بیرکردنەوەیەکی ئیدئالیستانە بکەین. کوردستان و کورد لەبەر ئەوەی لە وڵات و نەتەوە دا یەکپارچە نین، بۆیە وەکوو نەتەوەیەک لەناو یەک نیشتمان دا تا ئێستاش روانگەیەکی یەکگرتووی جیهانی یان بۆ نەرەخساوە، وەکوو واحیدیکی جوغرافیایی و سیاسی لە نێو مەعادلاتی جیهانی دا جێ یان بۆ نەکردۆتەوە. سنووره سیاسی یەکان لە درێژایی زەمان دا لەسەر شیرازەی ئابووری و سیاسی خاک و نەتەوەکەی کاردانەوەیان بوون. هەر پارچەیەکی کوردستان وەکوو بەشێک لەخاکی وڵاتێک و، کوردەکانیش وەکوو دانیشتوانی هەر وڵاتەی لە ژێر رەکیفی حاکمییەتی غەیرە کورد دا ماونەوە و بە پێی قانوونی ئەساسیی ئەو وڵاتانە بە مەقوولەی "لای تجزا"ی خەڵکی ئەو وڵاتانە ناسراوان کە وەکوو میوان یان هاووڵاتی لێی دەژین.

لەحاڵی حازر دا ئەمریکا پێویستی بەوە هەیە بەر لە هەموو شتێک وەزعییەتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەراست و بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژی، فورمۆلە بکا. بەر لە هموو شتێک ئەو گرژی و ئاڵۆزیەی لە نێوان خۆی و دەوڵەتەکان دا هەیە لە نێو ببات و ئاشتی و تەبایی یان لە گەڵدا پێک بینێ. بەدوای ئەوەشدا وڵاتانی خاوەن کورد تەشویق بکا بۆ دێموکراتیزە کردنی ئۆرگانەکانی حاکمییەت، واز لە ناوەندئاژۆیی بێنن، رێگا بۆ گەشەپێدانی ئازادی و دێموکراسی ئاوەڵە بێلنەوە، دەست لە سەرکوت و چەوسانەوەی کورد هەڵگرن، رێگاچارەی نیزامی و سیاسەتی میلیتاریستی وەلانێنن، و تووێژ و دیالۆگ بکەنە کەرەسەی چارەسەری کێشەی کورد. دەرفەت بە کوردەکان بدەن لە فەزایەکی سەربەست و ئاواڵە دا لەسەر مافی چارە نووسی سیاسی خۆیان ئازادانە بریار بدەن و گشتیان بەو ئاکامە گەیشتبن کە ئێتر زەمانی چەوسانەوەی نەتەوەیی بەسەر چووە.هەر لەسەر ئەو ئەساسە بوو، بیل کلیتۆن سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە قسەکانی ١٥ی نوامبری ١٩٩٩ لە مەجلیسی ئەعلای میللیی تورکیا دا، ئەوەشی بە نوێنەرانی مەجلیس گوت: "حاکمییەت نابێ لەسەر ئەساسی ترس و خۆف دابمەزرێ..." بۆ کوردەکانی تورکیا لە رێگای سەر لە نوێ وەست هێنانەوەی بنەڕەتی ترین مافە رەواکانیان - ژیانێکی ئاساییانە - خەریکن چارەسەری بکەن. ئەم پرسیارەش لە گۆڕێ دایە : تۆ بڵێی رۆژئاوا و ئەمریکا لە رەوتی سەرخستنی ستراتێژیی نوێ و داکوتانیان لە پایەگای ئنجرلیک دا شتێکی دیکەیان بۆ کورد لە چەنتک دا نەبێ؟ ئەوەی راست بێ لە زانستی سیاسەت و کۆمەڵناسی دا ئەوەی: هونەری مومکین "ە جەبر و ئیختیارات بەتاڵ دەکاتەوە، دروستیش هەر ئەوەیە وەلامی پرسیارەکە بۆ دەیەی



سەرچاوە
Serchawe

یەکەمی سێ هەزار پاساو بدەیتەوە کە هەڵ و مەرجی تازەتری تێدا دەخوڵقێ.

**سەرچاوەکان**:

١- بارودۆخی کوردستان لە سەدەی ١٦، نووسینی شمس الدین و اسکندەر، وەرگێران شوکرمستەفا،لاپەری ١٣٠)
٢- زندگی شاعەبباس اول جلد٣. تالیف نصرالله فلسفی لاپەری ٨٩٩).
٣- شێخ علوی و تشیع صفوی، ٢٠٦ و ٢٠٧ و توضیع المسائل شفا، لاپەرەکانی ١٨١ و ١٨٤)
٤- وەرگێراو لە کتیبی بیری نەتەوەیی کوردی جەمال نەبەز ١٩٨٤ی هەتاوی ٢٥٩٦ی کوردی. لاپەری ٣٦)
٥- شەرفنامە،لاپەرەی ٨٤٧)
٦- مێژووی ئەردەڵان، مەستوورەی کوردستانی لاپەرەی ٤٣)
٧- مسافرت بە ارمنستان و ئێران. پ.ام.ژوبر. وەرگێرانی محمد مصباحب لاپەرەکانی ١٢١تا ١٢٣)
٨- کوردە ئیمپراتوری یەکان عوسمانی لاپەرەی ١٨٠)
٩- مێژووی میری سۆران حوسێن حوزنی موکریانی لاپەرەی ٨٦
١٠- وەرگیرقەفنان لاپەرەکانی ٢٤٥ و ٢٤٦)
١١- کوردەکان ئیمپراتوری عوسمانی،جەلیلی جەلیل،وەرگیر قەفنان لاپەری ٢٤٧)
١٢- بروانە کتیبی بررسی تاریخی،جعفر ولدانی، لاپەرەکانی(٣٣ و ٣٤)بەو رێککەوتنە، ئەمارەتی بابانیش سەری تێدا چوو. (بروانە کتیبی تاریخی معاصرخاورمیانە، جلداول، موسسە مطالعات تاریخ خاورمیانە، لاپەرەی ١٤٢)
١٣- شکست شاهانە، روانشناسی شخصیت شاە. ماردون زوینس. وەرگیرانی عباس مخبر، لاپەرەکانی ٣١٠ و ٣١١).
١٤- ریشەهای تاریخی اختلافات، دکتر منوچهر پارسادوست، چاپ چهارم، لاپەرەی ٧٧)
١٥- وەرگیراو لە "فرهنگ و علوم سیاسی". تالیف غلامرزاوالی بابایی -دکتربهمن آقایی. کتاب اول واژه سیاسی،شرکت نشرویس، تهران. وصیت نامە پطرکبیر، لاپەرەی ٨٢٨)
١٦- بروانە کتیبی ئیمپراتوری عوسمانی. لاپەرەکانی ٢٨٥ و ٢٨٦)
١٧- راپەرینی کورد لە ساڵی ١٨٨٠، جەلیلی جەلیل. لاپەرەی ٧٦)
١٨- بیرەوەریی عبدلرزاق بەدەرخان. وەرگیرو ئامادەکار جەلیلی جەلیل، شوکرمستەفا کردویە بە کوردیی باشوور، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لاپەرەی ٢٧)
١٩- بروانە کتیبی کردها، ترکها، عربها، ادمونز،لاپەرەکانی: ٣٤٠ و ٣٤٢ و یاددشتەکانی شێخ لەتیف، لاپەرەی ١١٠ و مێژووی کورد. کریس کوچیرا، بەیاننامەی ئینگلیس لە نوبلی ١٩٢٢، لاپەرەی ١٢٣)
٢٠- وەرگیر ئەبووبکر خۆشناو، لاپەرەی ٢٨) مستەفا کەماڵ لە ساڵی ١٩٢٣ی زایینی
٢١- بروانە شۆڕشی نەتەوەی کورد لە تورکیا، نووسینی ئیحسان نووری، وەرگێرانی جەمیل رۆژبەیانی، لاپەرکانی ١٩ و ٢٠)

٢٢- بروانە كردها، كندال نزان، عصمت شریفوانلی، مصطفی نازدار، بقلم ماكسیم رودنسون، وەرگیرانی ابراهیم یونسی لاپەرەی ٣٨)

٢٣- دوكتور ئیسماعیل بیشكچی، كردستان مستعمره مشترک چند دولت، برگردان ع.بابان، چاپ اول سوید ١٩٦٦، بروانە جوهر مساله كرد، تقسیم و توزیع كردستان، لاپەرەی ٥١)

٢٤- بروانە كردها. كندال نزان، عصمت شریفوالی، مصطفی نازدار، لاپەرەی ١٩٨)

٢٥- آزربایجان در ایران معاصر، تالیف دكتر تورج اتابكی، ترجمه محمد كریم شراق، ایرانیان، یک ملت. یا یک اهالی اند. لاپەرەكانی ٣١ تا ٣٣)

٢٦- اسناد محرمانه وزارت خارجه بریتانیا، لاپەرەی ٢٢٢)

٢٧- تاریخ بیست ساله ایران جلد دوم. مقدمات تبیر سلطنت. حسن مكی، لاپەرەی ٢٧٤)

٢٨- شاهرخ مسكوب، كتاب باستان و ادبیات و سرگذشت اجتماع، تاران ١٧ - ٣٧٣، لاپەرەی ٣١)

٢٩- شاهرخ مسكوب، كتاب داستان و ادبیات، لاپەرەكانی ٢٦ و ٢٧)

٣٠- آذربایجان در ایران معاصر، تالیف دكتر تورج اتابكی، ترجمه محمد كریم شراق، سیاست تمركز گرایی، لاپەرەكانی ٦٦،٦٧،٦٨،٦٩)

٣١- آذربایجان در ایران معاصر، تالیف دكتر تورج اتابكی، ترجمه محمد كریم شراق، سیاست تمركز گرایی، لاپەرەكانی ٦٦،٦٧،٦٨،٦٩)

٣٢- آذربایجان در ایران معاصر، تالیف دكتر تورج اتابكی، ترجمه محمد كریم شراق، سیاست تمركز گرایی، لاپەرەی ٧٠)

٣٣- بروانە كتیبی اهلی همایون،خلیج فارس و مسائل آن،لاپەرەی ٤٨)

٣٤- خلیج فارس و نقش استراتژیک تنگه هرمز.لاپەرەی ٤١٦)

٣٥- خلیج فارس در عصر استعمار،لاپەرەی ٨٣).

٣٦- خلیج فارس و نقش اسیراتژیک تنگه هرمز،لاپەرەی ٤٢١)

٣٧- تاریخ جنگ سرد،آندره فوتن، جكد دوم از جنگ كرده تا بحران اتحادها، ترجمه عبدالرضا هوشنگ مهدوی (١٩٦٣- ١٩٥٠)، نشر نو، لاپەرەی ٤٢٨)

٣٨- تاریخ جنگ سرد، آندره فوتن، جكد دوم از جنگ كرده تا بحران اتحادها، ترجمه عبدالرضا هوشنگ مهدوی (١٩٦٣- ١٩٥٠)، نشر نو، لاپەرەی ٤٢٤)

٣٩- بررسی های بین المللی نفت، اپک،سند ٢، شماره ٣، سال ١٣٦٨، لاپەرەی ٥٢)

٤٠- تاریخ عمومی جریانهای بزرگ تاریخ معاصر،جلد پنجم نضهت استقلال طلبی آسیاو آفریقا، تالیف ژان پیرن، ترجمه مهندس رضا مشایخی، انتشارات امیر كبیر، تهران ١٣٥٧، لاپەرەكانی ١٢١٤ و ١٢١٥)

٤١- تاریخ عمومی جریانهای بزرگ تاریخ معاصر،جلد پنجم نضهت استقلال طلبی آسیاو آفریقا، تالیف ژان پیرن، ترجمه مهندس رضا مشایخی، موسسه انتشارات امیر كبیر، تهران ١٣٥٧، لاپەرەكانی ١٢١٤ و ١٢١٥)

٤٢- (شكست شاهانه، روانشناسی شخصیت شاه، ماروینزۆینس، وەرگیرانی عەباسی، لاپەرەی ٢٦٢.)

٤٣- (تاریخ سیاسی بیست و پنج ساله ایران، از كودتا تا انقلاب، تالیف سرهنگ غلامرضانجاتی،لاپەرەی ٣٢٦)



سەرچاوە
Serchawe

٤٤- عزتی عزت الله، جغرافیای نظامی ایران. دانشکده افسری ایران تهران ١٣٦٦، لاپەری ١٤٤ )

٤٥- بروانە کتیبی"خلیج فارس و استراتژیک تنگە هرمز"، لاپەرەی ٤٣٩ )

٤٦- خلیج فارس و استراتژیک تنگە هرمز"، لاپەرەی ٤٥٨،٤٥٩ و ٤٦٠ )

٤٧- رۆژنامەی کیهان ٢٥ - ٩ - ١٣٦٩، لاپەرەی ١٨)

٤٨- (بۆزانیاى زیاتر بروانە"شورا"، ماهانەی شورای ملی مقاومتی ایران، دوره دوم،شماره ٤، مهر ١٣٧١، نگاهی بە جمهوریهای آسیای میانە و منطقە، قفقاز، مهدی سامع لاپەرەی ٥١)

٤٩- بۆزانیاری زیاتر بروانە "اطلاعات سیاسی - اقتصادی"، شمارە ٨٨ - ٨٧ ، ایران و جمهوریهای خراسان بزرگ و آسیای مرکزی، دکتر پرویز ورجاوید، لاپەرەی ٦١).

٥٠- بروانە بولتەنی خەبەری، ژمارە ٤٤٣، قسەکانی فریبرز رئیس، کارشناس مسائل اقتصادی ایران).

٥١- خلیج فارس و نقش استراتیژیک تنگە هرمز. جلد ١- ٢)

٥٢- خلیج فارس و نقش استراتیژیک تنگە هرمز. جلد ١- ٣)

٥٣- بولتەنی خەبەری ١ - ٣ - ١٣٧٨، ژمارە ٤٣٤٨).

٥٤- بولتەنی خەبەری ٢١ - ٣ - ١٣٧٨،ژمارە ٤٣٤٨)،

٥٥- بۆ زانیاری زیاتر بروانە، تورکیا زلهێزیکی ئیقلیمی نوێ کۆن، خەلیلمنگنوس کاراەیلی، سیاسەتی دەولی، ژمارە ١٢ لاپەرەی ٧٠).

٥٦- ناسیونالیزم، قرن بیستم گان جی بارکلی، مترجم یونس شکرخواه، لاپەرەی ١١١)

٥٧- بۆ زانیاری زیاتر بروانە. جغرافیای سیاسی خاورمیانە و شمال آفریقا، لاپەرەی ٤٦١ و ٤٦٧).

٥٨- جوغرافیای سیاسی خاوەرمیانە و شمال افریقا، لاپەرەی ٣٤٦)

٥٩- بروانە سیاسەتی دوەلی. ژمارە ٤، ساڵی سێهەم. کانوونی دووهەمی ١٩٩٥، دەربارەی گوستنەوەی نەوتی کوردستانی عێراق بۆ دەرەوە، دوکتور ئازاد نەقشبنەندی. لاپەرەی ٣١)

سەرچاوە: کتێبی (کوردستان و ستراتێژی دەوڵەتان)

تایپ کردنەوە: رەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe

## ناساندنی کتێبی "کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان" لەنوسینی حسێن مەدەنی




ئا: بارام سوبحی

کتێبی کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان، لەنوسینی حسێن مەدەنی، سێ بەرگەو لەلایەن دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات لەساڵی (٢٠١٤) لەهەولێر چاپو بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبە گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی بەئاکام نەگەیشتنی جوڵانەوەو بزاڤە چەکدارییەکانی کوردە لەماوەی پێنج سەدەی رابردودا، کە بەبڕوای نوسەر بەرژەوەندییە سیاسیو ئابورییەکانی دەوڵەتانی زلهێزی دنیاو وڵاتانی ناوچەکەو ناکۆکی ناوخۆیی کوردانو جوگرافیای کوردستان، لەمپەری سەرەکی بەردەم دروستبونی قەوارەی سەربەخۆی کوردیی بون.

### کوردستان.. سێیەم وڵاتی جیهان

بەرگی یەکەمی کتێبەکە لەشەش بەش پێکهاتوەو تایبەتە بەباسکردنی رێژەی دانیشتوانو مێژوی کوردو کورد لەسەدەکانی شانزەو نۆزدەو دو دەیەی سەدەی بیستەمو شۆڕشی ناسیۆنالیستی لەسێ پارچەی کوردستاندا. نوسەر بۆ نوسینی ئەم کتێبەی پشتی بەزیاتر لە(١٧٠) سەرچاوەی کوردیو فارسی لەکتێبو رۆژنامەو گۆڤار بەستوە.

لەبارەی ناوی کوردستانەوە، نوسەر ئاماژە بەوەدەکات بۆ یەکەمجار سوڵتان سەنجەری سەلجوقی بەشێکی لەئەیالەتی جیبال (کرمانشانیشی دەگرتەوە) جوێ کردەوەو ناوی نا کوردستان. هەروەها دەڵێت "تا سەدەی حەوتەمی کۆچی هیچ جوگرافیزانێکی ئێرانیو عەرەب لەکتێبو نوسراوەکانیاندا ناوی کوردستانیان نەبردبو، (حەمەدوڵا مستەوفی ٧٤٠ کۆچی) بۆ یەکەمجار لەکتێبەکەیدا بەناوی "نزهە القلوب" ناوی کوردستانی هێناوەو سنوری وڵاتەکەشی دیاریکردوە.

دەربارەی روبەری خاکی کوردستان، نوسەر ئاشکرای دەکات لەکۆی (١٩٤) وڵات کە ئەندامی رەسمی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانن، روبەری کوردستان لەهی (١٦٤) وڵات زیاترەو لەڕیزی سێیەمین وڵاتی جیهان دەوەستێ. هەروەها دەڵێت "نۆزدە

وڵاتی بچوکی خاوەن دەوڵەت هەن، بەهەموویان بەقەزا ناوچەی موکریان نابن".

بەپشتبەستن بەبۆچونی هێندێک لەمێژونوسان، نوسەر دەڵێت: وشەی کورد لەگوردەوە هاتوە، واتا چوستو چالاکو ئازا. ئەمەش لەخاڵە بەهێزەکانی کەسایەتی کوردەو توانای داوەتێ خۆی لەبەر چەقی لافاوی داگیرکەراندا راگریێو نەتوێتەوە. دواتر دێتە سەر باسی زمانی کوردیو دەڵێت: هەرچەند زمانی کوردی لەچاو زمانە زیندوەکانی ئەوروپا، زمانێکی هۆزایەتیی وەرزێریو ئاژەڵدارییە، بەڵام زمانێکی پاراو و لوسو رەوانو جوانو چەڵەنگو پڕمانایە. لەمەیدانی ئەدەبو پەندو حیکمەتدا، بەرێژەوترین زمانەکانی ئەم سەردەمە دەژمێردرێت.

سەبارەت بەشوێنەوارەکانی کوردستان، نوسەر لەزاری دیکسۆنەوە کە سەروبنی کوردستانی کردوە، دەڵێت: کەم وڵات لەدنیادا پەیدا دەبێ ئەوەندەی کوردستان شوێنەواری وێرانو شورەو قەڵای کۆنی لێ بەجێمابێ. کوردستان بۆ دێرینەناسان لەڕاستیدا بەهەشتێکی بەرینە.

کوردستان بەحوکمی پێگە جوگرافیەکەی بەردەوام مەیدانی شەڕو شۆڕی نێوان وڵاتانی زلهێز بوە، ئەفسەری ئەڵمانی ڤۆن مۆڵتکە کە بۆ سەرکوتی بەرخودانی کوردان بەهانای سوپای عوسمانیەوە دێت، دەڵێت: کوردان بۆ پاراستنی شەرەفو کەرامەتیان سینگیان دەکەنە قەڵخانی گوللەی دوژمنو سەربەرزانە گیانیان بەخت دەکەن. بەڵام تەنیا داخم ئەوەیە کە کورد لەنێو خۆیاندا یەک نینو لەپێناوی سودی بێگانە وەکو گورگی هار وان.

### سەدەی بیست: سەدەی نائومێدی کوردان

لەچارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دەوڵەتی عێراق دروستدەکرێت، لەسەر دەستی ئینگلیز خەونی سەربەخۆیی کورد لەچاڵ دەنرێت. لەئێرانیش کۆتایی بەسەردەمی قاجارەکان دێتو پەهلەوییەکان دێنە دەسەڵاتو دەکەونە چەوسانەوەی کوردان. بۆیە نوسەر بەرگی دوەمی کتێبەکەی تایبەت کردوە بەم قۆناغە، لەچوارچێوەی سێ بەشدا باس لەدروستکردنی دەوڵەتی عێراقو شۆڕشی شێخ مەحمودو شێخانی بارزان دەکات، لەبەشێکی دیکەدا باس لەئێرانی سەردەمی قاجارەکانو پەهلەویو شۆڕشی سمکۆی شکاکو دروستکردنی کۆماری مهابادو دۆخی ئەوکاتەی ئێران دەکات.

لەم بەرگەدا نوسەر بەدەر لەگێڕانەوەی روداوە مێژوییەکان، هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ کەسایەتیەکانیش دەکات، دیارە یەکێک لەکەسایەتیە دیارەکانی ئەو قۆناغەش شێخ مەحمودی مەلیک بوە. لەبارەی کەسایەتی شێخەوە، نوسەر دەڵێت: شێخ مەحمود وێڕای ئەوەی کە لەمێرخاسیو دڵسۆزیو رەوشتبەرزیو نیشتیمانپەروەریدا بێ هاوتا بو، مخابن لەحکومەتداریدا بێ ئەزمون بو. سەرودەرێکی وای لەکونو کاژێری سیاسەتی ئەو سەردەمە دەرنەدەکرد. شێخ مەحمود یەکەم مرۆڤی کورد بو کە دەوڵەتێکی زلهێزی

جیهانی بەڕاست یان بەدرۆ روی تێکردبو موافەقەتی لەگەڵ کردبو، حکومەتێکی کوردی دابمەزرێنێ. هەلێکی سیاسی باشی بۆ رەخسابو، بەڵام بۆی نەهاتە بەرهەم. لەجیاتی ئەوەی کار بەکارزانان بسپێرێ‌و دامودەزگای حکومەتیان پێ رێکبخاو نەزمو نیزامێک بۆ ئیدارەکردنی وڵات دابمەزرێنێ، دۆخی سیاسی وڵاتانی براوە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاوتوێ بکا، چارەنوسی خۆی‌و حکومەتەکەی زیاتر بەقەزاوقەدەر سپاردبو.. شێخ لەهێزیدا نەبو خەباتی نەتەوەیی کورد لەو تەنگژەیەی تێیدا عاسی ببو دەرباز بکاو گەلی کورد لەکوردستانی باشور بەمراد بگەیەنێ.

نوسەر لەبارەی کەسایەتی سمکۆی شکاک، دەڵێت: سمکۆ لەقاڵبی رێبەرێکی کورددا هەر لەپاڵ خۆیدا پیشی دەخواردەوە، زیاتر هزرو بیرەکەی لەچارەنوسی سیاسی خۆیدا هیلاکو شەکەت کردبو: داخوا رۆژێک دێ داخی خۆی بەعەجەمان بڕێژێ‌و تۆڵە بستێنێ".

بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتی کورد، نوسەر تەنها بۆچونی خۆی باس ناکات، بەڵکو لەوبارەیەوە بۆچونی کەسانی دیکەش دەخاتەڕو. لەوبارەیەوە وتەیەکی سیسیل جی ئەدمۆندز لەبارەی کوردی عێراقەوە دەهێنێتەوەو دەڵێت: کوردەکانی خوارو بەهاسانی بەگژیەکدا دەکرێن، ئەوان لەبەرانبەر بەهێزتر لەخۆیان هەڵدێن یان خۆ بەدەستەوە دەدەن.. کورد بێجگە لەقودرەت لەهیچ شتێک ناگا، دەبێ بەزەبری زۆرداری رامی بکەی... هەر حکومەتێکی عێراقی کە بیەوێ رێز لە خۆی بگرێ، پێویستە حیساب بۆ ئەوە بکا کە نابێ بەهیچ جۆرێک کەرکوک لەسەر کوردستان حیساب بکرێ".

نەوت ئەگەر بۆ هەردو دەوڵەتی ئێرانو عێراق بوبێتە خاڵی بەهێزو دەستکەوت، ئەوا بۆ کورد بوەتە مایەی نەهامەتی. بۆیە نوسەر دەڵێت: ئەگەر "باباگوڕگوڕ" گڕی نەگرتباو کورد خاوەنی نەوت نەبا، ئینگلیز چ پەکی بەکەرکوکو عێراقێکی یەکگرتو لەژێر سەروەری عەرەباندا دەکەوت؟ ئەگەر تەماحی نەوت نەیگرتبا قەت بەخاتری دامەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بەزمی بەکورد نەدەگرتو وابێڕەحمانەو نامرۆڤانەش دەگژ "شێخ مەحمودی حەفید"رانەدەچووە.

## کوردو چاڵدێران: دیوارێک لەگۆشتو خوێن

بەرگی سێیەمی ئەم کتێبە لەسێ بەش پێکهاتوە، تیایدا باس لەدرستبونو پێگەی پارتی ژیانەوەی کوردستان "ژێکاف"و دروستبونی حیزبی هیواو حیزبی دیموکراتی کوردستانو رۆڵی مستەفا بارزانی‌و روخانی کۆماری مهاباد دەکات، هەروەها باس لەتایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی‌و ئاکامی گشتی مەسەلەی کورد لەماوەی چوار سەدەی (١٥١٤- ١٩١٤) دەکات.

نوسەر هێما بۆ ئەوە دەکات لەدوای شەڕی چاڵدێران لەساڵی (١٥١٤)، کە بۆ یەکەمجار کوردستان کرایە هەردو بەشی کوردستانی عوسمانی‌و کوردستانی ئێرانی، هەر شەڕێک لەسێ سەد ساڵی دوایی لەنێوان پاشاکانی ئێرانو سەڵاتینی عوسمانی قەومابا، لەسەر



سەرچاوە
Serchawe

زەوی کوردستان رویاندەداو لەشکری کوردانیش لەهەرلایەک بان دەبونە کەواسوری پێش لەشکرەکان. بەقەولی سولێمانی قانونی: دیوارێکی گۆشتو خوێن لەنێوان سەفەویو عوسمانیەکاندا لەکوردەکان دروستکرابوو.

نوسەر باس لەوەش دەکات لەدوای روخانی ئیمپراتۆری عوسمانی، سەرکردەکانی کورد بۆ پچڕینی بەشە میراتیان لەئیمپراتۆری عوسمانی بەڕادەی پێویست شارەزا نەبون. بەدەق دەڵێ: راوێژکاری سیاسی ئەوتۆیان نەبو رێنوێنیان بکاو پێیان بسەلمێنێ کە کوردەکان تەنیا لەدارشتنی پلانێکی سیاسی هاوبەشیانداو بەخۆنزیککردنەوەیان لەستراتیژی دەوڵەتە گەورەکاندا شانسی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیان بۆ دەڕەخسێ. لەمەش زیاتر بۆیان نییە لەسەر مەسەلەی رزگاری نەتەوەییان بیر لەشتی لاوەکی بکەنەوەو خۆیانی پێوە ماندو بکەن.

بەبۆچونی نوسەر میرەکانی کورد لەپاڵ خاڵە لاوازەکانی نێوخۆییدا، هێندێک خاڵی لاوازی دەرەکیشیان هەبو کە چارەنوسی دوارۆژی ئەوانی دیاری دەکرد، کە بریتی بون لە: شارەزاییان لەسەر هێزی دوژمن زۆر کەم بو، هەمیشە هێزی دوژمنیان بەکەم دەگرت، سنوری دۆستو دوژمنیان لێ تێکەڵ دەبو، روانگەی جیهانبینی زۆربەی میرانی کورد زۆر لاواز بو، نەیاندەزانی لە چ دەورو زەمانێکدا دەژین، دەوڵەتە گەورەکان کامانەن؟ نفوزیان لەسەر ئێرانو عوسمانیو کورد تا کوێیە؟

نوسەر ئەوە روندەکاتەوە کۆی هۆیەکانی شکستی شۆڕشو خەباتی نەتەوەیی لەکوردستان هەموی ناگەڕێتەوە سەر رۆڵی مێژویی رێبەرەکانیان، بەڵکو هەر سێ عامیلی: هەڵکەوتی جوگرافیاییو سروشتی شاخاویی کوردستانو ناتەبایی وەزعیەتی ستراتیژی کوردستان، چەرخی کارەساتی مێژوی کوردستانیان بەزیانی خەڵکی کوردستان خولاندۆتەوە. بۆیە دەڵێت"دەبێ لەوە دڵنیابین ئەگەر بەشێکی خاکی کوردستان بەلێواری دەریای ئازادەوە نوسابا، قەت داستانی ژیانی سیاسی کوردەکان ئەو وەزعەی نەدەبو کە ئێستا تێیدا دەژی".

## کورد لەشەرەفخانەوە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی

کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا نەبوە خاوەنی دەوڵەتو بوە نەتەوەی ژێردەست، لەبەرانبەردا نەتەوەکانی فارسو عەرەبو تورک بونە خاوەن دەوڵەتو نەتەوەی سەردەست. نوسەر لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ توێژینەوەیەکی واڵکەر کۆنێر کە لەسەر (١٣٢) دەوڵەتی نەتەوەیی ئەنجامیدابو، کە تیایدا بەو ئاکامە گەیشتبو کە تەنها (١٢) دەوڵەتی نەتەوەیی لەباری قەومیەوە یەکدەستو یەکرەنگن، ئەوانیتر تێکرا دەوڵەتی نەتەوەیی نەگونجاون. تەنانەت لە (٣٩) وڵاتدا پڕنفوزترین بەشی قەومیان لە (٥٠%)ی نفوسی وڵاتەکەشیان کەمترن، زۆربەی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانە فرە قەومینو لەحاڵەتی ئاشتی یان شەڕدا پێکەوە دەژین".

نوسەر دەڵێت: روداوەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ئەوەیان سەلماند زۆربەی ئەو نەتەوانەی تەنیا بەسیاسەت دروستبون،

بەڵام خاوەن رەگەزی رەسەنی نەتەوەیی نین و لەباری ویسعەتی خاکو نفوسو هەستی نەتەوایەتیەوە لاوازن، زۆر زەحمەتە بتوانن تاسەر لەبەرامبەر کێشە نێوخۆییەکان و داکۆکی لە نەتەوەو خاکیاندا خۆڕاگرو سەرکەوتو بمێننەوە.

لەکۆتایی کتێبەکەیدا، نوسەر دەگەڕێتەوە بۆ بۆچونێکی مێژونوسی ناوداری کورد شەرەفخانی بەدلیسی، کە پەنجە بۆ هێندێک خاڵی لاوازی کوردان رادەکێشێ و دەڵێت: کوردەکان پێیانوایە ئەگەر بیر لەدوارۆژی خۆیان بکەنەوە ترسنۆک دەبن، بۆیە قەت بیر لەدوارۆژیان ناکەنەوە... هەر کەس بیر لەسەربەرزی خۆی دەکاتەوە، بەتێکڕایی بیر لەسەربەرزی تێکڕایی یەک ناکەن و پشتی یەکتریی ناگرن و نابنە یەک... داگیرکەری کوردستان هەرکێ بوبێ هەرکاتێک دەستی بۆ ئەم ئاگرە بێ ئەمانە درێژکردوە هەر پەشیمان بۆتەوە، دوای داگیرکردنیشی چاری نەبوەو هەر بەخاوەنی پێشوی ئەسپاردۆتەوە.

هەروەها کلۆدیۆس جیمس ریچ لەزاری یەکێک لەبابانەکان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: بێتو دوبەرەکی و ناکۆکی بنەماڵەیی لەنێوان سەرۆکەکانمان هەڵگیرێ، نە تورکو نە ئێرانی ناتوانن بەسەرماندا زاڵ بن.. لەڕاستیدا ئێمەی کورد درەنگ تێدەگەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ٨ی دیسەمبەری ٢٠١٥

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# کۆمەڵێک دید بۆچوون لە چەند دیمانە دا

## "دۆزی کورد لە نێوان بیری نەتەوەیی‌و ئایین‌دا"

**ئامادەکردنی: ئارام عەلی سەعید**

**پرسیار: بە بۆچوونی تۆ وەک پسپۆرێکی بواری جیۆپۆلیتیکی سیاسی، بۆچی کورد کیان‌و قەوارەیەکی سەربەخۆی‌خۆی نییە؟ لەکاتێکدا لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە زیاتر لە ٤٠ میلیۆن کەسە؟**

**وەڵام:** نەتەوی کوردو کوردستانیش وەک نیشتمانی نەتەوەی کورد دوو ئەکتەری خولیای مێژینەی سرووشتو کۆمەڵ مرۆی بەستێنی جوگرافیای ئەم گۆی زەوییەن کە تێیدا گوراونەتەوە، وارە تایبەتییەکانیان لە رووی مۆرفۆلۆجی‌و مرۆییەوە سرنج راکێشن لە ئاوێتە بوونی پێکهاتەی سروشتی مرۆیی‌و سیستەمە سیاسی‌و ئابوورییەکاندا پانۆرامای مێژووی سیاسیی کورد نەخشێندراوە، لەو نەخش‌و نیگارەدا خاڵە پۆزەتیڤ‌و نێگەتیڤەکان راگرو پاڵنەری پێناسە کردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانن لە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا خۆی دەردەخاتو هەتا بەرەو هەڵکشانی لووتکەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی لە ئافراندندایە، بە گشتی هۆکارەکان بە تاکو بەکۆمەڵ شوێندانەربوون.

وەک نموونەیەک لەم بابەتەدەکرێ ئاماژەبە نەبوونی کەناراوی دەریایی لەکوردستاندا بکەین، دەتوانین وەک لاوازترین خاڵیش توێژینەوەیەکی چڕوپڕیشی لەسەر بکەین، کوردستان لەبەرنەبوونی رێگای بە دەریا ئازادەکانی جیهان تووشی گەمارۆی سەرزەمینی‌و قەیرانی جیۆپۆلیتیکی بووە، لە نێو بازنەی هێڵی سنووری وشکانیی وڵاتە دراوسێکانی‌دا قەفی خواردۆتەوە، کە هەرکام لەوانە شانازی بە هەڵکەوتی شازی جوگرافیایی‌و مێژووی ئوستوورەیی‌و جسناتی رەگەزییان دەکەن‌و لە دەربڕینی سۆزی ئایینی‌و خۆپەرستییاندا کەم وێنەن. لەسەر یەک؛ چاخی ئیمپراتۆرییەتی سێیانەی ئێران‌و عەرەب‌و عوسمانی شوێندانەر بوون لەسەردامرکاندنی مەشخەڵی پڕهیوای کوردەکان لەم ئاقارە ئیقلیمییەدا؛ ناسیۆنالیزم‌و ئایین دوو چەمکی بەهێزی ئەم چاخە نوێیەن، کە خاک‌و نەتەوەی کوردیان کردۆتە پاشکۆی شکۆداریی ئیمپراتۆرییەتی وڵاتەکانیان لە دوو هەزارەی رابردوودا.!!!

لەبەکگراوندێکدا ئەگەر سەیری مێژینەی کوردستانیش بکەین بەدوای رووخانی ئیمپراتۆرییەتی مادو پاشەکشەی مادەکان بۆ ناوچە شاخاوییەکانی زاگرۆس، کوردستان‌و کوردەکان بە یەکپارچەیی لە ناو کیانی نیشتمانی‌و نەتەوەیی خۆیاندا نەماونەتەوە، ئەو ٤٠



سەرچاوە Serchawe

میلیۆن حەشیمەتە کوردەی کە ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن، مخابن ناکرێ وەک نەتەوەیەکی یەکگرتووی ٤٠ میلیۆن کەسی لەحاڵی ئێستادا سەیری بکەین، نەتەوەیەکی بە ئانقەست پارچە پارچە کراوە، لەناو تەوژمی لافاوی ناسیۆنالیزمی فەرمانڕەواکاندا پەلەقاژەی خۆدەربازکردنێتیو ئێستا لە ئاستانەی خۆبووژاندنەوەیدایە، جارێ مەودای گەیشتنی بە ستراتیژییەکی یەکگرتووی نەتەوەیی نەبڕیوە، پرۆسەکە هێشتا دەڵەمەیەو نەیتوانیوە ببێتە پۆتانسێلێکی (جهد، قدرە) بەوزەی نەتەوەیەکی ٤٠ میلیۆن کەسی، ئەگەر وا خەلەست با لە قەوارەی نەتەوەیەکی پڕ حەشیمەتدا ڕەوڕەوەی مێژووی ژیارەکەی ڕەتێکی دیکەی دەبرد، ئەو تانوپۆ کۆمەڵایەتیی سیاسییەی کە ئێستا بۆتە وارشەی ژیانی سیاسیی کوردو لە مافە نەتەوەییەکانی دووری خستۆتەوە دەبێ وەک دیاردەیەکی نا ئاسایی‌و سەیرو سەمەرەی ئەم سەردەمە سەیری بکەین.

**پرسیار: ڕووبەری جوگرافی کوردستان لە ٥٠٠ هەزار کیلۆمەتر دووجا زیاترە کە لە ڕووبەری هەریەک لە وڵاتانی (بەریتانیا، هۆڵەندا، بەلجیکا، سویسرا، دانیمارک) زیاترە، بۆچی ئەو ڕووبەرە فراوانە دەوری نەبینیوە لە بونیادی کیانێکی سیاسی‌دا بۆ کورد؟**

**وەڵام:** حکوومەتو ڕووبەر دوو ماکی ڕەسەنن بۆ دامەزراندنی قەوارەی هەر کیانێکی سیاسی‌و دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەم جیهانەدا، چەندی‌و چۆنییەکەیان لەسەر هێزو دەسەڵاتی وڵاتان ڕاستەوخۆ شوێندانەرن ئەو فاکتە نەریتیانەی لە بارەی حەشیمەتەوە سوڕی نالەبار لەکوردستاندا دەگێڕن بۆدانیشتوانی کوردستانیش هەمان ڕێسا پێڕەو دەکەن، لەحاڵێکدا کە نەتەوەی کورد لێک دابڕاوەو هەرکوتەی لەژێر پۆستاڵی داگیرکەراندا دەچەوسێندرێتەوە، ئۆتۆپیایەک بە جەستەی یەکگرتووی نیشتمانی لە ئارادا نامێنی، کەواتە ئەم کوردستانە بەخەیاڵ یەکگرتوو ناکرێ‌و بە پێوانەی ٥٠٠ هەزارکیلۆمیتری چوارگۆشەش فەرمییەتی سیاسی‌و دیپلۆماتیکی نێونەتەوەیی پێ نابەخشرێ، لە ئەمری واقیعدا سنوورێکی دەستکردو ناسروشتی خاکەکەی لێک دابڕ دابڕ کردووەو لە ڕوانگەی ڕیئاڵ پۆلیتیکییەوە یاسای نێودەوڵەتیش فەرمییەتی سیاسی‌و جیهانی لە نێو دەوڵەتە میللی‌یەتەکانی ناوچەکەدا بە پارچە پارچە کراوی پێناسەکراوە. هەر پارچەیەکیش لە ژێر کارتێکردی نیزامێکی نادیموکراتیکی دژگەلی چەوساوەتەوە، میکانیزمی جۆشدانەوەی ئاڵقە لێکترازاوەکانو وەرێخستنی فەرمانی تاک حکومی لەسەریان وێنای کیانێکی سیاسیی لە ناو ئەو گێژاوە سیاسییانەدا، لێ دەربازبوونی نەک کردێکی ساناهی نییە، بەڵکوو زۆریش زەحمەتە، بێتوو سنووری وڵاتانی ناوچەکە گۆڕانی تێدا نەخوڵقی‌و بە شێوەیەکی لۆژیکی‌و لەسەر بنەمای ئیتنیکییەوە دانەڕێژرێتەوەو بەو پێودانگە دەوڵەتە میللییەکان بنیات نەنرێنەوە، قەوارەی یەکپارچەیی کوردستان هەروا لەخەیاڵدا دەمێنێتەوە، بەر لەوەش کوردستان لە ڕووی حەشیمەتو ڕووبەرەوە بە یەکێک لەوڵاتە گەورەکانی جیهان دەژمێردرێت، بەڵام لە بارەی کولتووری‌و ئابوورییەوە جێی ڕامانو لێ ورد بوونەوەیە . باو بوونی دیالێکتەکانی زمانی کوردی و جووتساید بوونی پیتی لاتینی - عەرەبی لەکوردستانی باکوورو کوردستانی باشوور لەخۆیدا ڕێگای بۆ جۆرەسیستمێکی دیسانترالیستی فۆرمێکی کۆنفیدڕالی کردۆتەوە، دەبێ لە تێزی ستراتیژیەتی یەکگرتووی نەتەوەییدا ئەم تایبەتمەندییەی کە لە نێو پارچەکانی کوردستاندا هەیە وەبەرچاو بگرین، تەنانەت تا ئێستاش ئیدارەی هەرێمی کوردستان

لەسەر ستاندارد كردنی خوێندنی زمانی كوردی، جۆری بۆچوونەكان ناڵێكن، سیستمی پەروەردەیی هەرێمی كوردستان هەروا بە سەقەتی ماوەتەوە لەسەر یەكگرتوویی زمانو ئەدەبی كوردیو بە فەرمی كردنی یەكێك لەدیالێكتەكانی سۆرانی یان بادینی كێشەی كلتووری هەیە، ئەمەش بۆتە كۆسپێكی ناوازە كە كورد وەكو خۆی خستوویەتە سەر رێگای سەقامگیر بونی ماددەی چواری دەستووری عێراق كە زمانی كوردیو عەرەبی كردۆتە هاوتای یەكتریو بە رەسمییەتی ناسیون.

**پرسیار:** پێتوایە هۆكارەكان زیاتر پێوەندییان بە سەردەمو قۆناغە جیاوازە مێژووییەكانەوە هەیەكە دەرفەتەكان نارەخسێت، هەر لە هۆكارەخودیەكانەوە تاوەكو بابەتییەكان یان رەوتی مێژوو بواری گۆڕانی بۆ نەڕەخساندووە؟

**وەڵام:** هۆكارە ئەكتیڤەكان دووبەشن: سروشتیو مرۆیی، هۆكارە سروشتیەكان نەگۆڕن، هەروا نەگۆڕیش دەمێننەوە، هۆكارەمرۆییەكانیش بە پێچەوانەوە بەردەوام لە حاڵەتی گۆڕاندان، قۆناغ بە قۆناغ ریز دەبەستنو دێنە مەیدان، بەدوای رووداونیشیان فۆرمێك بەرهەمدێننو رێسایەك بەدوای خۆیاندا رادەكێشن، دەبنە پاژنەی خولدانەوە لە مێژوودا، رووداوەكان لە خولەكاندا وێستگەی وچاندانیان هەیە، لە وچانەكاندا دەرفەت دەرەخسێنن، دەرفەتەكان دوورەهەندین، هێندێكیان خود ئاسایین، بەشەكەی تریشیان لاوەكینو لەلاوەڕا خۆ دەگرن، كەشو هەوا دەڵقێنن، لەو بوارەدا گرینگ ئەوەیە تاكی كورد لە پلەی كەسایەتیی سیاسیداو كۆمەڵی هۆشمەندیش لە حەزی پەرەستێنیدا بتوانن دەرفەتەكان بقۆزنەوەو لەكیسی نەدەن. ئەگەرراستیمان گەرەكە، زۆرجار لەقۆناخەكانی مێژوودا دەرفەت بۆ كورد هەڵخراوە، بەڵام كوردەكان لەتوانایاندا نەبووە لەو دەرفەتانە كەلك وەرگرن نموونە زۆرن، دوای شەڕی چاڵدێران سوڵتان سەلیم دەستی میرەكوردەكانی ئاوەڵە هێشتەوە لەنێو خۆیاندا میری میران هەڵبژێرنو ئەمارەتێكی یەكگرتوو دابمەزرێنن، بەڵام نەخشی نەباوی مەلا ئیدریسی بدلیسی نەیهێشت ئەمارەتە كوردەكان یەك بگرنەوەو لە بەرامبەر دوو ئیمپراتۆریی عوسمانیو سەفەویدا ببنەجەمسەرێكی یەكگرتووی سەربەخۆ!! پاش جەنگی یەكەمی جیهانی جامیعەی میلەل بە بەستنی قەراردادی سێڤر، بریاری دامەزراندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆی كوردیی دا، ئەوكاتیش دەمارگیریی ئایینی شیخ عەبدولقادری نەهری لاگیری لە سیاسەتەكانی كەماڵ ئاتا تورك كرد، كەلەهیچ بارێكەوە لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەیی كورد نەدەهاتەوەو هەلە زێرینەكەی لەكیس كورد داو پەیماننامەی سێڤری زیندە بەچاڵ كرد، بەو پێودانگە دروست نییە لە روانگەی عاتفییەوە بیر لە رەوتی مێژوویی خەباتی رزگاریخوازانەی كورد بكەینەوە. رەوتی مێژوویی پرۆسەیەكی بێ گیانو نەزۆكو خۆڕسك نییە كە لە خۆوە هەڵقوڵابێو بەسەر چارەنووسی كورددا سەپابێ، هەر هێزو دەسەڵاتدارێكی توانیبێتی لە راستای دابینكردنی بەرژەوەندییەكانیان چالاكترو دەقیقتر خۆیان نیشان بدەنو هەلومەرجەكە بوێننەوە بەرگی براوەشیان لە ئامێز گرتووە، ئەوانەی ئامانجەكانیان نەپێكابێ بەدۆڕاوی مێژوو دادەنرێنو بەرپرسایەتییەكەیان دەكەوێتە ئەستۆی سیاسەتە غەڵەتەكانیان، كەوابوو رەوتی مێژوو لە ئاستی تێك شكانیان هیچ تاوانێكی لە ئەستۆ نییە، ئەوە سەركردەكانن دەبێ باجی بۆچوونی غەڵەتو هەڵوێستە سیاسییەكانیان بدەنەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: کە ئێمە نەمانتوانیوە سوود لە دەرفەتەکان وەرگرین، کەواتە کێشەی نەتەوایەتیمان بۆ مێژوویەکی کۆنتر دەگەڕێتەوە؟

**وەڵام**: هەروەک باس کرا پرسی نەتەوەیی لەکوردستان بە گشتی دوای شەڕی یەکەمی جیهانیو دامەزرانی دەوڵەتە میللییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتە ئاراوە، پێشتر چەوسانەوەی نەتەوەیی بە پێوانەکانی سەردەم لە نێووڵاتانی ناوچەکە لەگۆڕێدا نەبووە، کێشەی نەتەوەییش کە پاساودانەوەی چەوسانەوەی نەتەوایەتی بێ لە گۆڕێدا نەبووە، لە ناوکی دەوڵەتە میللییەکاندا چەوساندنەوەی نەتەوەیی وەک ئامانجو هزرێکی فرەخوازی کە نەتەوەیەک بکاتە سەروەرو باڵادەستی نەتەوەکانی تر، هاتە ناو شەقامی حاکمییەتو فەرهەنگی سیاسیی حکوومەتەکان لە ناوچەکەدا، کاتێک سیستمی ئیداریو پەروەردەیی نەتەوە باڵادەستەکان سەقامگرتوودەبێ. کێشەی نەتەوەییش قووڵترو زەقتر خۆی دەردەخاو لە پێناو داکۆکی لە پێناسەی نەتەوەییدا بەتەوژمترو رادیکاڵتر هاتۆتە ناو کۆڕی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەیی.

لەسەریەک لە ئاوێنەی مێژوودا ئەگەر سەیری کوردو کوردستان بکەین بەگشتی تووشی دووجۆر کێشە بوون، یەکیان ئەوەیە کە هەر لەشکرێکی بێگانە پەلاماری کوردستانی دابێت، کوردەکان زۆر بە توندی بەگژیدا چوونەتەوە. بە واتەیەک هیچ بێگانەیەک لەخاکەکەیدا نەحەساوەتەوەو سەرەنجام چۆڵی کردوە یان پاشەکشەی پێکراوە، هێندێک جاریش دەسەڵاتداران بە ئەرکی ئایینی بەرەنگاریان بوونەوەو بێدەسەڵاتی کردوون، لە قۆناغەگەشەسەندنی سەرمایەداریی جیهانیو سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمو سانترالیزە کردنی دەوڵەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەمارەتەکوردییەکان سەریان تێدا چوو، بەڵام شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەییش لە کوردستان دا سەری هەڵدا، دەتوانین خاڵی سەرنج راکێش لەو بزاڤە دا شۆڕشی شێخ عوبەیدللای نەهری لە ساڵی ١٨٨٠ز ناوبێنین کە بۆ یەکەمجار بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەر بەخۆ شۆڕشی کرد.

**پرسیار**: ئەوەش هەیەلە پاش دەرکەوتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستان، کورد توانی چەندین ئەمارەتی سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆ پێک بهێنێ، بەڵام پیلانی دوژمنانو دووبەرەکیو شەڕە ئیمارات وایانکرد یەک لە دوای یەک ئەو ئیماراتانە لە ناو بچن؟

**وەڵام**: دوای هەرەسهێنانی خیلافەتی ئومەوییەکان، عەباسییەکان شاری بەغدایان کردە ناوەندی جیهانی ئیسلام، وڵاتی کوردستانیش بوو بە شارێی ئەوکۆمەڵە خەڵکە موسوڵمانەی کەلە چوار قوڕنەی ئەم جیهانەدا دەچوونە زیارەتی مەککەو مەدینە، شارێگاکانی بوونە هۆکاری ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و گەشە سەندنی شارو شارستانییەت و بەهێز کردنی هەستی وڵاتپارێزی لە کوردستان و پێشوەچوونی زانستو هونەر، هاتنە سەرکاری حکوومەتی شەددادەکان، حەسنەوییەکان، مەروانییەکان لە نێوان سێدەسەڵاتداری بە هێزی وەکوو ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمی شەرقی، خولەفای عەبباسی، حکوومەتی ئالی بوویە(بوەیهییەکان) کە حوکمڕانانی بە هێزی ناوچەکەبوون، دامودەزگای بەهێزی حوکمڕانییان دامەزراند بوو، بەڵام هێرشی تورکە سەلجوقییەکان بۆ ئاسیای ڕۆژئاوا (سەدەی پێنجی کۆچی) وەزعی دیموکرافیاو شارستانییەتی ناوچەکەی بە تەواوی تێکدا، کوردستان لەونێوەدا

زیانێکی گەورەی بەرکەوت، نەیتوانی پشتی خۆی راست بکاتەوەو خۆ بگرێتەوە، کاتێک ئالی عوسمانیش لەئاسیای بچووک بوونە ئیمپراتۆریەتی بەهێزی عوسمانی، کوردستان چەند قاتی تریش نوشوستی هێنا، ئەمارەتەکوردییەکانیش مەخابن هەتا بلێی ناتەباو لەگەڵ یەکتری نەگونجاو بوون، لەرکەبەریی ئایینی نێوان شیعەی سەفەویو عوسمانییە سوننەکاندا نەیانتوانی کەلک وەرگرن و تێدا چوون، میرەکوردەکان بە حوکمی ئەوەی سوننی بوون، دەبوا پشتی عوسمانیەکانیان گرتبا لە حاڵێکدا بێ ئەوەی ئامانجێکی روونی سیاسییان هەبێ، لە نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆرەدا ئەمبەرو ئەوبەریان دەکرد، بێجگە لە رەنج بەخەسار بوونیان هیچ دەسکەوتێکیان تۆمار نەکرد.

**پرسیار**: مێژووی دوورو درێژی کوردیش وابووە سەرکردەو دەسەڵاتدارەکانی میر نشینو شۆڕشو راپەڕینەکان کەسایەتیی ئایینی بوون، ئایا بۆچی ئەمانە نەیانتوانیوە تەنانەت لەژێر کاریگەریی ئایینیشدا بێت بیر لە پرۆژەیەکی لەو شێوەیە بکەنەوە کەمیللەتەکەیان لە قەیرانی نەبوونی قەوارەیەک ڕزگار بکەن؟

**وەڵام**: میرەکوردەکان خۆیان گیرۆدەی سۆزی ئایینی نەکرد، زۆرتری سەرقاڵی حوکمڕانی میرنشینەکەی خۆیان بوون، نزیکەی ٥٠ میرنشین لە کوردستاندا بوون هیچ کامیان پێوەندییەکی سیاسیی ستراتژیکیان بۆ پارێزگاری لێکتر، لە نێو خۆیان دانەمەزراندبوو، جیهانبینییەکەیان لە سنووری جوگرافیای میرایەتییەکەیان تێنەدەپەڕی، ئەو بیرتەسکییە قەت نەیدەتوانی ئامانجێکی بەرزی نەتەوەیی کە هەموو کوردستان دابگرێ وەبەر خۆی بدات. پرسی ئایینی بۆ میرەکوردەکان کە بتوانێ یەکگرتوویی نەتەوەیی دەستەبەر بکات، هیچ رۆڵێکی نەدەبینی.

هەرچەند لەوەش نکۆڵی ناکرێ تا ئەم سەردەمەش نەخشی رێبەرانی دینی لە بزاڤی رزگاریخوازی کورد دا زۆر زەقو بەرچاو بووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر خوێندنی ئەو زانستانەی کە لە حوجرەکان فێریان دەبوونو دەوریان بۆ دەکردەوەو پێی ڕادەهاتنو شعووری نەتەوەپەرستیو وڵاتپارێزییان تێدا دەگوورا، بەڵام ئەوانیش لە ژێر فەرمانی ئەو ترادسیۆنە کۆمەڵایەتییەی بەسەر کوردستاندا زاڵبوو، نەیدەتوانی سنووری فەرمانڕەواکەی بەرفراوانتر بکات، لەم بەشەدا حەزدەکەم ئاماژەیەکی کورت بە دیاردەی شێخایەتیو نفووزی رووحی شێخ لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا بکەم:

شێخەکان لەنێو خەڵکدا مەعنەوییەتێکی بەرزیان هەبوو، بێجگە لە توێژی ئاغاوەت بەفەقیرو دەوڵەمەندەوە رێزیان دەگرتن، شێخەکان ببوونە پەناگای لێقەوماوان، بێجگەلەمەش شێخەکان لە بەرامبەر تەشەنەکردنی ئایینی مەسیحییەت لە کوردستاندا بوونە لەمپەر، لە ئاستی مسیۆنێرەکاندا بەرهەڵستکارێکی بەهێز بوون، هەر لەبەر ئەوەش بوو دەوڵەتە ئورووپاییە مەسیحییەکان زۆر بە توندی موخالیفی نەخشی شێخەکان لەکوردستان بوونو بەردەوام لە دژیان دەخوێندن.

حکوومەتەکانیان لە شێخەکان هان دەدا، هەر کاتێکیش شێخەکان شۆڕشی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییان وەڕێ خستبا بەرەنگاریان دەبوونەوە، وەکو شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ رەزای دێرسیم، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، حکوومەتی شێخ مەحموودی حەفید، شێخانی بارزان، سەرباری ئەمانەش پێویستە بڵێم، پرسی نەتەوایەتیو راپەڕینو شۆڕشی رزگاریخوازی نەتەوەیی پرۆسەیەکی مۆدێرنە کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی پێی هەڵگرتووەو خۆی ناسیوە، کوردستان لەچاوگەلانی زوڵم لێکراوی ناوچەکە، لە بواری رەهەندی زمانیو شوێنگەوە خۆڕاگرو بەوزەو پێشەنگی کاروانی خەباتی نەتەوەیی بووە، بەو حاڵەتە پۆزەتیڤەش لەناو رێگەکەدا چەقبەستوو ماوەتەوە.

**پرسیار**: سێ هۆکاری گرنگ بنەمای دواکەوتنو ماڵوێرانی بوون بۆکورد هەندێکیان لەمێژەو هەندێکیان نوێیە کە بریتین لە هۆکارە نێو خۆییەکان (شەڕی نێوخۆو خۆ خۆری)، هەروەها هۆکارە ئیقلیمییەکان (نەگونجانی وڵاتانی دراوسێ)، هۆکارە دەرەکییەکان یاخود نێو دەوڵەتییەکان کە ئەمەیان نوێترە، هەر وەکوو م. س. لازاریێف دەڵێ: مەسەلەی کورد وەکوو کێشەیەکی نێودەوڵەتی لە سەرەتای چەرخی نۆزدەوە سەریهەڵداو لە سەدەی بیستەمیش دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بایەخی زیاتر بوو، پێتوایە تاوەکو ئەمرۆ ئەو سێ هۆکارە ڕۆڵ دەبینن لە دواکەوتنو وەستانی قەزیەی سیاسیی کورددا، یاخود بە هۆی گۆڕانو پێشکەوتنە خێراکانی دنیاوە گۆڕانیش لەسەر ئەمانەدا دێت؟

**وەڵام**: ئەو سێ هۆکارەگرینگەی ئێوە ناوە دەبەن، هەتا ئێستاش بە هێندێک تێبینییەوە هەر لەسەر جێی خۆیان ماونەتەوە، رۆڵی نالەباریش دەگێڕن، ناتەبابوونی کوردو کێشەو شەڕی ناوخۆیی نەریتێکی نەرێنی نێوخۆیین، زادەی دەسەڵاتە خۆجێییەکانی میرەکانن لە کوردستاندا لە کە پاوانی بنەماڵە - هۆزدا قەتیسیان کردبوو - ئەهلی ویکهەڵکردنو یەکگرتوویی سەرەنجام بەرفراوانتر کردنی دەسەڵاتە خۆجێییەکانی کوردی نەبوون، هەروا لەناو بازنەی بەرتەسکی دەسەڵاتداریتییاندا خۆیان حەشار دەداو گیانی لێبوردەییان لەگەڵ یەکتر زۆر لاواز بووە، ئەو کولتووره ئێستاش هەر لە ناو رێبەرانی کلاسیکی کوردیدا کاردانەوەی هەیە. بەرژەوەندیی تاکو رێکخراوەیی لەبان بەرژەوەندیی نەتەوەییدا خۆیان فەرز دەکەن، زۆرجار سنووری بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئالۆز دەکەن، حزبایەتی لە ئامرازەوە دەبێتە ئامانج، لە جێگۆڕکێی ئەو ساختارەدا بەرژەوەندیی رێکخراوەیی ئەوەندە پیرۆز رادەگیرێت، کە بەتەواوی جێ بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی لێژ دەکات، ئەو دیالێکتەش جەوهەری بەرژەوەندییە نەتەوەییەکەمان لێ بزر دەکات، لە حاڵێکدا بۆ ئێمەی کورد بە تایبەتی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەبێ ببێتە ئەستۆنکێک لە ژێر سێبەری رەشماڵەکەیدا خۆمان بدۆزینەوە، با خاوەن ئیدەو بۆچوونی رێکخراوەیەکیش بین، نابێ دەمارگرژیی رێکخراوەیی لێمان ببێتە مڵە، کێڵگەی بەرژەوەندیی نیشتمانیمان لەسەر خاکی کوردستان بنکۆڵ بکات، پیویستە لە ئەرکی رێکخراوەییدا هونەری سیاسەت لە راستای دەستەبەرکردنو داکۆکی لە بەرژەوەندیی نەتەوەییمان مسۆگەر بکردرێت، مخابن ئەو شێوازە هونەرە سیاسییە لەنێو ئەحزابی کوردیدا دەگمەنو لاوازە، بێجگە لە نێگەتیڤ بوونی هۆکارە نێوخۆییەکان، هۆکارە دەرەکییەکانیش تا ئێستا لە بەلاڕێدا بردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورددا پراکتیزە کراون، رەوتەکە لە سەدەی ١٩ ڕا بە دەخالەتی دەوڵەتە ئورووپییەکان دەستی پێ کرد بە

تایبەتی ئاڵمانییەکان بە هانای سوڵتان مەحموودی عوسمانی‌یەوە هاتن‌و بەگەلەکۆمەکێی رووسیای قەیسەری‌و قاجارەکان هێرشیان بردەسەرمیرنشینی رەواندزو تێکیان شکاندو رووخاندیان، بە گشتی دەخالەتی کولۆنیالیە ئوروپییەکان‌و هاوکاری وڵاتە دراوسێکان‌و راوێژکاری مەلا ئیدریسی بەدلیسی‌و فتوای مەلای خەتێ وەک هۆکاری نێوخۆیی دەستیان داوەتە دەستی یەکتری، میر نشینە کوردەکانیان تووشی هەرەسهێنان‌و فەوتانی هەمیشەیی کرد، بە تایبەتی سیاسەتی کولونیالیستی ئینگلیس دوای براوەی شەڕی یەکەمی جیهانی بەرامبەر بە کوردستان لە هەموان بەژانترە، شێخ مەحموودی حەفید لە ١٩٢٣ی ز دا لە شاری سلێمانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دامەزراندبوو، بەڵام چونکە شێخ مەحموود نەبوتە ژێردەستی ئینگلیسەکان، حکوومەتەکەیان لێ تێک دا، هاوچەرخ لە کوردستانی ئێرانیش ئەو سیناریۆیەیان لە دژی شۆڕشی سمکۆ دووپات کردەوەتەوە، بە یارمەتی‌دانی ماڵی‌و نیزامی پشتی رەزاخانیان گرتو رێگای تێکشکاندنی شۆڕشی سمکۆیان خۆشکرد، لە سەروبەندی کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانیش بە رێبەری پێشەوا قازی محەممەد کۆماری کوردستان دامەزرا، ئەو کۆمارەش هەر بە فیکی دەوڵەتە ئیقلیمییەکان‌و زلهێزی جیهانیی ئەوکات لەناو بردرا، لەو کۆبوونەوەشدا وڵاتە دراوسێکان‌و دەوڵەتە رۆژئاواییەکان تا ئێستاش لە شوێن دانەمەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی کۆدەنگو موخالیفی بوون، هەنووکە پرسەکە بە نیسبەت عێراق‌و هەرێمی کوردستان وەرچەرخانێکی بەسەردا هاتووە کە جێی رامانی زیاترە.

سەرهەڵدانی دوو دیاردەی سیاسی‌و ترۆر لەرۆژهەڵاتی ناوین‌و رووداوی ١١ی سپتامبر لە نیویۆرک، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوای ئەغیار کردەوەو بە دیپلۆماسییەت‌و سیاسەتی ستراتیجیکی ناوچەکەدا چوونەوە، عێراقی دوای سەددام حوسێن‌و هاتنە ئارای هەرێمی کوردستان‌و ئەزموونی سەرکەوتوانەی ئەم هەرێمە لە سەر دابین کردنی ئاسایش‌و ئاوەدانکردنەوەی ئەم هەرێمە کێشی کوردیی کردۆتە فاکتێکی گرنگ لەسەر بونیاتنانەوەی عێراقێکی دێموکراتی فیدراڵی دیپلۆماسییەتی رێبەرایەتیی کورد لە هێڵی کلاسیکی ترازاوەو خەریکە بەرەو جیهان بینییەکی نوێ لەگۆڕەپانی سیاسەتدا خۆی دەبینێتەوە.

ئێستا پارامێترێکە بۆ دەستەبەر کردنی ئاسایش‌و سەرخستنی سیاسەتەکانی "پرێزدێنت بۆش" لە ناوچەکەدا، کەواتە رەوتی موناسباتە دیپلۆماسییەکان خوێندنەوەیەکی ئەمرۆیی گەرەکە، پێویستە لەوە ئاگا بین بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو ئاڵوگۆڕەکان خێراتر هاتوونەتە گۆڕێ‌و لە داهاتووشدا شاهیدی ئەو جۆرە گۆڕانکارییانە دەبین، بۆ وێنە خەڵکی کوردستان چاوەڕوانیی ئەوە دەکەن کە لە ئاستی پلەی ژیانی سیاسی‌دا دەسکەوتی زۆر لەوە بەبایەختر تۆمار بکەن، ئیتر بە وەبەرچاوگرتنی هەموو تێبینی یەکان پێویستە بەرپرسان‌و سیاسەتوانانی کورد لە هەرێمی کوردستان پێوەندییە دیپلۆماسییەکانیان لەسەر بنەمای سات‌و سەوداکانی رابردوو تەنیا راگرتنی سەری خۆیان تۆمار نەکەن، هەق وایە بەرژەوەندی نەتەوەیی بخەنە بان هەموو بەرژەوەندییەکانی تاکەکەسی‌و رێکخراوەیی، ئەمەش بزانن تەنیاو بە پلەی یەکەم دەبێ پشت بە نەتەوەی کورد ببەستن‌و لە هزری نەتەوەیی یاندا کۆمەڵگای کورد لێک هەڵناوێرن‌و فەرق‌و جیاوازییان لەنێودانەنێن.



سەرچاوە Serchawe

**پرسیار**: پێتوایە کولتووری داگیرکەران کاریگەریی نێگەتیڤی لە سەر کولتورە فەرهەنگی کوردی بەجێ هێشتبێ.

**وەڵام**: لەوە حاشا ناکرێ کە بەتایبەتی لە درێژایی یەک سەدەدا کولتوورو نیزامی داگیرکەری‌و زەبری نەتەوەی حاکم‌و سەرەڕۆیی نەتەوەیی بەسەر دەروون‌و گیان‌و هزری کورددا خۆی سەپاندووە، بەم کارتێکردنەش خەسارێکی فرەی بە شیرازەی یەکگرتووی نەتەوەیی کورد گەیاندووە، کورد لەخۆی نامۆ کراوە، زمان‌و نووسینیان لێ شێواندووە، بڕوابەخۆ بوونیان لێ بزر کردوە، زۆریان بەگوێدا خوێندوە، کە کورد قەت نابێ بە هیچ!! کوردستانی بوونی کوردو کوردی بوونی کوردستان دارکاری کراوە، کوردەکان لەباتی ئەوە بە کوردستانی بوونیان پێناسەبکرێن بە من ئێرانی، تۆ عێراقی، ئەو سووریایی ناو دێر کراوین، ئەمەش نەخۆشییەکی بەژان‌و کوشندەیە، کە هەموو ئەندامەکانی لەشی کوردی گرتۆتەوە، عیلاج‌و دەرمان‌و ویرووسی ئەم ئاریشەیە تەنیا بە خودی کورد دەکرێت، ئەگەر من‌و تۆو ئەو لەنێوخۆماندا یەکدەنگ بین‌وبە خشڵی نەتەوەیی خۆمان ئاراستە بکەین‌و لەبوارەکانی هونەری، مێژوویی‌و ئەدەبییەوە بەخۆماندا بچینەوە، وێدەچێ لەدەیەکانی داهاتوودا نەوەکانمان رەنگی تەواو کوردستانی بوونی هەڵێنن، لەخۆمانەوەدەست پێ بکەین‌و بۆ خۆمانی بکەین‌و لەناو کوردستان دا گشتگیری بکەین.

**پرسیار**: مەسەلەیەک هەیە دەڵێ: هەرکەس کۆنتڕۆڵی هەموو کوردستان بکات باڵادەستی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆخۆی دابین دەکات، ئەوەش بووەتە زیان بۆکورد، ئەی کورد بۆ خۆی ئەو سوودەی لێ نەبینێ؟

**وەڵام**: هەرکەس کۆنتڕۆڵی هەموو کوردستان بکات بەڵادەستی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بۆ خۆی دەستەبەر دەکات، ئەم مەعریفەیە هەڵگری خاڵێکی زۆر بەهێزە، سەنگو قورسایی کوردستان لەحەستەمترین شوێنی ئەم جیهانە بە تەرازووی زلهێزە جیهانییەکان هەڵدەسەنگێنێ.

ئەگەر ئەم دەستەواژەیە بە فاکتی ئیستانداردی جیۆپولیتیکی‌و ستراتیجیکی ببنە پاڵنەر لەو حاڵەتەدا دەستی رێبەرانی کورد ئاواڵە دەبێتەوە، دەتوانن بە ژیری‌و وریایی مانۆڕی سیاسیی بدەن‌و سەرنجی زلهێزەکانی پێ راکێشن‌و ئیمتیازی پێ وەرگرن‌و لە ئاستی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا کەلکی لێ وەرگرن، کوردستان لە ئاوو پێترۆڵدا دەوڵەمەندو سرنجڕاکێشە، لە ستراتیجییەتی وشکانی لە ناوچەکەدا بێ رەقیبە تەجرووبەی شەڕی ئەفغانستان‌و عێراق بە ئەمریکاو ئورووپای سەلماند تێکنۆلۆجیای نیزامی هەموو شتێک نییە، لە تیۆریی زاڵ بەسەروشکانی‌دا هۆکاری دیکەش هەن دەبنە شوێنەواری سەرەکی‌و ئاکامی شەڕەکە بە لای خۆیاندا دەشکێننەوە بۆ وێنە تێکنۆلۆژیای پێشکەوتووی ئامریکا توانی لە چەند رۆژێکدا هەردوو حکوومەتی تالیبان‌و سەددام حوسێن لە ئەفغانستان‌و عێراق بڕووخێنێ‌و هەردوو وڵاتەکە داگیر بکات، بەڵام کێشەکانی پاش داگیر کردن نەیهێشتووە ئاسایش بگەڕێتەوە ناو ئەو دوو وڵاتە. ئەوە راستە هێزی ئاسمانی‌و دەریایی ئەمریکا لە جیهاندا بێ رەقیبە، بەڵام کە دێتە سەر وشکانی تووشی تەنگو چەڵەمەیەکی بێ ئەژماردەبێ، بە وەرگرتنی ئەم تێزەی باسم کرد دەتوانین لەسەر دینامیزمی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe

خوێندنەوەیەکی ئاکادیمیانەو هاوچەرخمان هەبێ، بواری ستراتیجیکیو جیۆپۆلیتیکی کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناویندا قورسایی خۆی هەیە، زلهێزەێکی وەک ئامریکاش نیازی بەو شوێنە گرینگانە هەیە، کە پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی ئامریکا بکات، بە کورتی ئامریکا پێویستی بە کوردستانە، کوردیش پێویستی بە پشتیوانیی سیاسیی ئامریکا لە ناوچەکەدا هەیە، ئەو پێوەندییە دوولایەنیە فۆرمۆلی سیاسیی خۆی هەیە بە "دان"و ستان"ەوە سەردەگرێ لەو "دان"و "ستان"ەشدا جۆرە هاوکێشیەک بۆ راگرتنی لەنگەری بەرژەوەندییە سیاسیو ئابوورییەکان پێویستە لە نێوان هاوپەیمانێتی دابمەزرێ، ئەم فۆرمۆلە لە بەشێکی خاکی کوردستان کەهەرێمی کوردستانە بۆتە ئەمرێکی واقیع کە ئێستا هەمووما بەچاوی خۆمان دەیبینین، لە پاڵ ئەم باسەدا پێویستە سەرکردایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە شرۆڤە کردنی زانستو ئەزموونی سیاسی بارودۆخی ناوچەکە هەڵسەنگێنی، ئەوەش بزانێ مانەوەی هێزەکانی ئامریکا لە ناوچەکە درێژخایەنە کوردستانیش لەناو بازنەی سیاسەتی ستراتیجیکی ئەمریکا لەحاڵی خولدانەوەیەو لە ناو هێڵەکەدا دەمێنێتەوە بەو پێودانگە نابێ رێبەرانی کورد لە ئاست ئامریکادا لاوازی بنوێننو دەست بە گۆچان بڕۆنو پێیان وابێ ئامریکای خێرۆمەند لە باری مرۆییەوەدەیانپارێزێت، لەو شێوە خوێندنەوەیەدا بە نەتیجەیەک دەگەین، **یەکەمیان**: لەوەدا کە رێبەرانی هەرێمی کوردستان ئامریکایان لەم قۆناغەدا بە دۆستی خۆیان هەڵبژاردوە نەک هەڵەیان نەکردوە هەڵوێستێکی درووستیشیان لە پێناو پێکاندنی ئامانجی نەتەوەییدا رەچاو کردوە، ئەو دەسکەوتانەی تا ئێستاش وەچنگ هەرێمی کوردستان کەوتوون لەو رێبازەوە بەرهەمدار بووە، مەرجیش ئەوەیە کورد لە هەرێمی کوردستاندا نەخۆی بەکەم بگرێو نە بێ منەت لە خۆدەرچوونیشی پێوە دیار بێ، هێمنانەو ژیرانە لەگەڵ رووداوەکان هەڵسووکەوت بکاتو مەنتیق نەدۆڕێنێو سۆزەکانیش ئاوێتەی کاری سیاسییو دیپلۆماسییەت نەکات.

**دووهەم**: بەسوودی هەرێمی کوردستان نییە لە ئاستی دراوسێکانیدا رەوشتی پەسیوبوون لە سیاسەتدا رەچاو بکاتو ئیمتیاز بە لایەنەکانی تر بدات، ئەوەش راستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئیختیاری هەڵبژاردنی وڵاتە دراوسێکانی نییە، تەنیا دەبێ بە سیاسەتی حەکیمانە لەگەل دراوسێکانی هەستانو دانیشتن بکاتو سنوورەکان ئەمنو ئارام رابگرێو بیانوو نەداتە دەستیان، ئەو بەرپرسیارەتییەش هەر لەلای حکوومەتی هەرێمی کوردستان درووست نابێ، هەموو لایەنەدراوسێکان لەم بارەوە بە قەد یەکتری ئەو بەرپرسیاریەتییەیان دەکەوێتە ئەستۆ، بۆوەی هەرێمی کوردستان خۆی لە قەیدی بەسترانەوەی ئابووری بە وڵاتانی دراوسی بێنێتەدەر، پلانرێژی بۆ گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووریی نیشتمانی ئەرکی هەنووکەیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، هەتا پلانەکە بەرەو پێشتر بڕوات لە رادەی بەسترانەوەی بازاری کوردستان بە وڵاتە دراوسێکان کەمتر دەکاتەوە، ئەم پرۆژەیەی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان بۆ پتەوکردنی سیاستی سەربەخۆیی نەتەوەیی یارمەتیدەرێکی پۆزەتیڤە کە ئیرادەی نەتەوەییمان بەهێزتر دەکات، بێ لەمانەش ئەوەندەی هەرێمی کوردستان پێویستی بە دەرگای ئاوەڵەی سنوورەکانەوە هەیە، ئەوەندەش زیاتر وڵاتە دراوسێکان موحتاجی کرانەوەی سنوور بۆ ئاڵوێری بازرگانیو سەرمایەگوزاریو ناردنی هێزی کار بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستانن، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پارێزەری ئاسایشی سنوورەکانێتی؛ لە چاو رێژیمەکانی پێشووی عێراق قەت سنوورەکان ئەوەندەی ئێستا ئاسایشی بە خۆیەوە نەبینیوە ئێرانو تورکیاش زیاتر نیگەرانیی خۆیان لە بوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

نەشـــاردۆتەوە، بە بیـــانووی دزەکردنـــی گریلاکـــانی پەکەکە بۆنێوخـــاکی وڵاتەکانیـــان بەردەوام ســـنووری هەرێمـــدەبەزێنن‌و بەبۆردوومانکردنی ناوچە سنوورییەکان ئاسایشی دانیشتوانی سنوورەکانیان تێکداوەو ئاڵۆزییـان خستۆتە نـاو هەرێمی کوردستان‌و سنووربەزێنی تورکیـاو ئێران بۆ نـاوچە سنوورییەکانی خـاکی هەرێم، بەرهەڵستێکی ئاشکرای ئەو دوو دەوڵەتە لە دژی حزووری نیزامی ئامریکا لە ناوچەکەدا نیشان دەدات.

تێبینی: لەسەر یەک بارودۆخی ناوچەی رۆژهەڵاتـی نـاوین‌و سیاسەتی زلهێزە جیهانییەکان لە چاودەیەکانی رابـردوو بۆ کـورد زۆر لەبارتر هـاتۆتە ئـارا، گرینگ سیاسەتوانانی کوردستانن چۆن ئەم دەرفەتە زێـڕینە دەقۆزنەوە، بەر لە هەر کارێک دەبێ گیـانی کوردایەتی دەمەزەرد بکەینەوە، تیژتـرو وریـاتر کوردستان بهـزرێنین، لە نـاو سنووری بەرتەسکی هەرێمایەتیدا ئۆمـانیزمی کـورد قەتیس نەهێڵینەوە، ئەمڕۆ تاکی کورد دەبێ بە چەکی کوردایەتی‌و عەقڵی سەردەم تەیـار بکرێت‌و بەرەو لـوتکەی ستراتیجییەتێکی یەکگرتووی نەتەوەیی شەقاو بەرز بکاتەوە.

پرسیار: هەست دەکەیت شکستییەک لە دەرونی کورد دا هەبێت، هەمیشە خۆی بەکەم‌و مەزڵووم‌و بێهێزو دۆڕاوزانیوەو داوای مـافی خۆکردنی کەمبووەو بەرگری زۆر بووە؟

وەڵام: دەبێ پێ لەو راستییە بنێین، باری دەروونیی کورد بەهۆی جەزرەبەی رۆژگار ناسازگارە، شادەمارەکانی لەشی تێک بەزیـون، پشووی سوارەو تووشی دڵەڕاوکێ بووە، پێی دەوێ خۆی لەو گیـرۆدە نەفس نـزمییە رەهـا بکـات. کەسایەتییەکەی تـا بڵێی دارکـاری کراوەو مەینەت‌و ئازاری چێشتووە، زەمانی دەوێ ببوژێتەوەو خۆی دابڕێژێتەوە لەسەر جەستەی رەسەنایەتی خۆی، لە خۆڕا نییە کوردەکان لە ئاستی نەتەوە باڵا دەستەکانی فارس‌و تورک‌و عەرەبان خۆی بەکەمدەگرێ‌و سەروەریی ئەو نەتەوانە بەسەر خۆیدا بە شتێکی فەرزکـراوی هەمیشـەیی دەبینـێ، لە کـاروکردەوەی رۆژانەشـدا مـۆرکی نزمبـوونەوەکەی پێـوە دیـارە، بەتـایبەتی تـاکی کـورد زەبـوونی‌و ژێردەسـتەیی لە روخســاری ناشـاردرێتەوە، بە راسـتی لە ئاسـتی لایەنـی بەرابەردا گێلـومەنگە لە بەرامـبەر ئەو دۆش داماوییەو دەروونڕووخاوییەدا تەنیا توانیومانە لە خۆمـان داکـۆکی بکەیـن، بەڵام لە داکۆکی کردن لە مـافە ڕەواکـانی نەتەوەییمـان دوور کەوتـووینەتەوە، ئەمەش تراژیـدیایەکی ترسـناکە لەئاسـتی مـافی دیـاریکردنی چارەنووسـی سیاسیی بـۆ نەتەوەی کـورد. لەو حاڵەتەدا دەردەکەوێ ماکەی خەتلاقییەت‌و داهێنەرمان جارێ هەروا بەکاڵ‌و کرچی ماوەتەوەو خۆی نەگرتـووەو پێـی هەڵنەگرتـووە، زۆرجـار بە ئانقەست "تەجزیە تەلەبی"یـان لـێ کردووینەتەمۆتەکە. بـۆوەی مـۆرکی جیـایی‌خوازیمـان پێـوە نەنووسـێ، ئێرانچێتـی، تورکچێتی، عێراقچێتییـان ئەوەندە پێ تۆخ کردووین، شەرم دامان دەگرێ‌و لەداخوازییە رەواکانی نەتەوەییمان بە سوودی نەیـاران پاشەکشە دەکەیـن، ئەوەندەشمان بـۆ داشکاندوون کە زۆرجـار دەبـێ خـۆمـان لە جسـناتی رەگەزیـی داگیرکەرانـدا بە ئەسلو نەسەبتر دادەبینـین، بەو حـاڵەش لەو تۆبەکارییەشـمان نـابوورن‌و حـازر نـابن دەسـتەونەزەر لە خزمەتیانـدا راوەسـتین‌و وەکـوو خـۆیـان بمانخەملێنن، هەر بە چاوی ئاغاو نۆکەری سەیرمان دەکەن، دڵیان بەرایی نادا وەک نەتەوەیەک بمانخوێننەوەو دەرگای برایەتی‌و

دۆستایەتییان لەسەر گاڵە داوین، لەوەش نزمتر ئامادە نین لە ریزی کەمایەتیشدا مافەکانمان دابین بکەن.

**پرسیار**: بۆچی سەرکردەیەکی نەتەوەیی هەمەلایەنو بیرمەندێکی گەورەی کورد دروست نەبووە کە دەسەڵاتی ناوچەیی تێپەڕێنێو هەمووﻻ یەک بخاتو ئاراستەیان بکات؟

**وەڵام**: سەرکردەی نەتەوەیی ئەگەر پێویستیش بێ تەنیا بە ئارەزوو درووست نابێت، ئێڵێتی تایبەت بە خۆی گەرەکە، لە سەرەتاوە دەبێ زەروورەتی سیاسی، کۆمەڵایەتیی نەتەوەیی کوردستان هەڵگری ئەم پەیامە بێ، دواتریش هێندێک بنەماو خەسڵەتی سەرنجراکێش کەسایەتیی وەکوو پێگەی جەماوەری، نرخی کەسایەتیی سیاسی، گیانی لێبووردەییو ئەخلاقی شۆڕشگێڕی تێدا بەهێز بێت، لەسەر یەکو بە واتەیەک سەرکردەیەکی کاریزما بۆ ئێستای کوردستان بە پێویست دەزانم، چونکەئەو پەیامەدوو دەسکەوتی سەرەکیمان دەتوانێ بۆ دەستەبەر بکات. یەکگرتوویی نەتەوەیی، یەکدەنگیی سیاسی، رێبەری کاریزما دەتوانێ هەموو ویستو داخوازییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان بخاتە سەریەکو پرسی کورد لە قەوارەی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی ٤٠ میلیۆن کەسی موتوربە بکات، لە پاڵ ئەم ئیدە سۆزدارەدا نابێ ئەو بارودۆخە ناهەموارەی بەسەر دۆزی کوردوحاکمییەتی چەند لایەنیی کوردی پارچەکانی کوردستادا زاڵە لەبیر بکەین، زەمانو خۆ ماندوو کردنی دەوێت، بەدوور لە هەر چەشنە پاوانخوازییەکو خۆ فەرزکردنێک دەبێ زەمینەکانی بۆ بڕەخسێندرێت.

**پرسیار**: بۆچی کورد لە مێژوویدا نەیتوانیوە ئایین بکاتە هۆکارێک بۆ درووستکردنی کیانێکی ئایینی مەزهەبی کوردی وەک عەرەبو فارسو تورک کردیان؟

**وەڵام**: لە هێرشی لەشکری ئیسلام بۆسەر کوردستان کوردەکان نەیانتوانی ئایینی زەردەشتی خۆیان بپارێزنو لەسەر دینی خۆیان بمێننەوە، زۆربەی خەڵکەکە ملیان بۆ ئایینی ئیسلام راکێشا، سامی رەگەزەکان کە عەرەبن لە هەموو گەلانی ناوچەکە زیاتر لە ئایینی ئیسلام کەلکیان وەرگرت، لە دەروازەی دینییەوە زمانو رەگەزو کولتووری خۆیان لە سەرتاسەری نیمچە دوورگەی عەرەبستانو باکووری ئەفریقادا جێگیر دەکردو گەشاندیانەوە، سەلاحەددینی ئەییوبیش هەر لە خزمەتی دینی ئیسلامو کولتووری عەرەبدا خەباتی کردو لە شەڕی سەلیبییەکاندا فەرمانڕەوایی دەکردو بۆ شکۆمەندیی ئیمپراتۆرییەتی ئیسلام جوامێرانە لەگەڵ ریشاردی شێردڵ هەڵسووکەوتی کرد، کوردەکان بە خاتری دوو فاکتی سەرەکی وەکوو "سرووشتو ژیان" (کوێستانەکان . ئاژەڵداری) ببوونە ئەستۆندەکی ژێرخانی فەلسەفەی ژیانی کوردەکان، ئەم ژێرخانە ئابوورییە کوردەکانی ناچار کرد بوو بە مانەوە لە زێدو نیشتمانی خۆیانو بەرگریکردن لە خۆیان، نەیاندەتوانی هێڵی شێوازی ژیانەکەیان بگوازنەوە، بۆیە لەوەی کە هەبوو زیاتر بڕیان نەدەکرد، لە حاڵێکدا ئیسلام کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبستان سەری هەڵدا لە هەر چوار لاڕا ببوو بە مەیدانی تەڕاتێنی لەشکری ئیسلامو پێشڕەوییان دەکردو بە تەواوی بەریان ئاوەڵە بوو، خەڵکی حیجازیش سەرقاڵی بازرگانی بوون، هەوڵیان دەدا بۆ

دەستپێڕاگەیشتن بە کالا بازرگانییەکان، شوێنو وڵاتی تازەو بازاڕەکانیان بدۆزنەوە، سەردارانی عەرەب هەڵگری پەیامی تازەی دینی بۆ گەلانی جیهانو دونیای مەسیحییەت بوون، بەردەوام هاندەران بۆ برەوپێدانی ئاینی ئیسلام شەڕی ناموسوڵمانەکان بکەنو وڵاتەکانیان داگیر بکەنو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانیان دەستیان بگاتە بازاڕەکان، نیازەکانی ژیانو بژیوی، چەمکێکی بزوێنەرو هاندەر بووە بۆ عەرەبەکان تا لە رێگای برەو پێدانی دینی ئیسلام وڵاتانی دیکە داگیر بکەنو کەلک لە بەروبوومیان وەربگرن.

دوای شکستی ساسانییەکان، عەرەبەکان تاقی کیسرایان داگیرکرد، بەڵام ئێرانییەکان هەرچەند ئاینی ئیسلامیان قبووڵ کرد بوو، لە ئاستی کولتووری عەرەبدا حازر نەبوون خۆیان قاڵ بکەنەوەو ملکەچیان بن، بۆیە هاتن لەناو ئاینی ئیسلام دا لقێکیان کردەوەو شیعەگەرییان کردە باو کوردەکان لە نێوان دوو بەرداشی شیعەو سوننەدا تەڕاتێنیان دەکرد، لە بەرامبەردا نەدەبوونە دەمارگرژیی هیچ کامیانو تەنیا سەری خۆیان پێ ڕادەگرتن لە ناو ئەو فۆرماسیۆنەی کە سرووشت و ژیان پێکیان هێنابوو، قەتیس مابوونەوەو خۆیان بە ژیانی خودکەفابوون راهێنابوو، سرووشت هۆکاری سەرەکیی شێوەی ژیانی کوردەکان بوو، بەواتایەک کوردەکان گیرۆدەی سرووشتی کوردستان بوون، بۆیە کوردەکان لە درێژایی مێژوودا شاخوداخەکانی کوردستانیان بەرنەداو لەبەر ئەوخاڵە لاوازە هەلە رەخساوەکانیان لە مێژووی ژیانیان دا نەقۆستەوە، بۆ وێنە: عەبدولرەحمان پاشای بابان کاتێک لەسەر داوای فەتح عەلی شای قاجار هێرشی بردە سەر بەغداو گرتی، حازر نەبوو تکاو رجای خەڵکی شارەکەش بۆ والییەتی شارەکەش قبووڵ بکاتو تێیدا بمێنێتەوە! گوتی: "قومە ئاوێکی کانیاوەکانی کوردستان بە هەموو بەغدا ناگۆڕمەوە"!!.

میر موحەممەدی رەواندزیش هەر ئەو بەزمەی گێرا، خەڵکی ناوچەکانی (بین النهرین)یش ئامادەبوونی خۆیان بۆ فەرمانبەری لە میرموحەممەد رادەگەیەنن، میر موحەممەد لە وڵامیاندا دەڵێ: "ئەمن دەخڵی مەنتەقەی حکوومەت ی پاشای ئیسلامی ناکەم، خوا تۆفیقم بدات ئەو حکوومەتانەی لەدەست دەرەبەگی کوردستان دان زەبتو تەسخیریان دەکەم".

ئەمەیەگیرو گرفتی کورد لە مێژوودا، نەک هەر نەیتوانی ئیمپراتۆرییەک لە ناوچەکەدا دابمەزرێنێ، بەڵکوو ئەوە ئیمپراتۆرەکان بوون ببوونە ملۆزمێک بەسەر کوردەکاندا فەرمانیان دەداو باجو پیتاکیان لەپشتی کوردەکان قایم دەکرد، شەڕی مقاوەمەتوخۆڕاگریی کوردەکان لە عورفی نیزامیدا سەرەنجامەکەی هەر شکستو سەر تێدا چوونە، قەتیش نەیدەتوانی بۆکورد ببێتە نانو ئاوو خێر بداتەوە.

**پرسیار**: لە چ قۆناخێکدا رووحی کوردایەتیو نەتەوەیی لای کورد بووەتە ئایدۆلۆژیا تا سوودی لێوەرگرتبێ بۆ هەڵسەنگاندنەوە؟

**وەڵام**: ئەزموونی دوو سەدە خەباتی رزگاریخوازی لە کوردستان کە بێ پسانەوە بە دووی یەکدا رێچکەیان بەست هەر لە خۆڕا



سەرچاوە
Serchawe

خودئاسا لەسەر خاکی کوردستان هەڵنەقوڵیون، گشتیان پێوەندیی دیالکتییان بەیەکەوە هەیەو لە سەرچاوەی کوردایەتی ئاویان خواردۆتەوە، بەڵام بەزۆر هۆ ئەو گیانە کوردایەتیو نەتەوەییە نەیتوانیوە یەک جێ هەموو کوردستانو نەتەوەی کورد لە خۆیەوە بگرێت، سنوورە جوگرافییەکە لە ناوچەی مەڵبەندیکی کوردستانو ئەوپەڕەکەی پارچەیەکیکوردستان بەولاوەتر نەترازاوە، وێنەی زیندوو شۆڕشی ئەیلوول لەکوردستانی باشوورەوە، کاتێک بەدوای پەیمانی ئەلجەزائیر، شۆڕش بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی هەرەسی هێنا، هەرچەند ویژدانی هەمووکوردێکی بریندارو بە پەرۆش کرد، ناهومێدیو بێ هیوایی کوردستانی گرتەوە، کەچی دیسانیشو سەر لەنوێ روحی کوردایەتیو نەتەوەیی هەر لە کوردستانی عێراق وەجۆشو خرۆش هاتووەو بە بڕشتترو بە وزەتر لە جاران لە هەمان هەرێم هەڵپەی سەندووەو یەکیەتیی نیشتمانی لە دایک بووەو شۆڕشەکەی هەڵگیرساندۆتەوە، ئەم قۆناخە لەبزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەییدا هەرچەند حاڵەتی لۆکاڵی هەبووە، بە خاڵێکی بە پێزو سەمبولی ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی دەتوانین مەزندەی بۆ بکەین. خاڵی درەوشاوەی دوای هێرشی نیزامیی ئەمریکا بۆسەر عێراق هاتەدی، دەسپێکی ئەم سیناریۆیە پێکهێنانی بەرەی کوردستانیو سەرەنجام هەڵسانەوەو راپەڕینی جەماوەریی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان بوو، کە دامو دەزگای رێژیمی بەعسی لە هەرێمی کوردستاندا تەفروتونا کرد، بەرهەمەکەشی دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو هەڵکردنی ئاڵای سێڕەنگی کوردستانە. لەسەر یەک لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازیی کوردستاندا رووحی کوردایەتیو نەتەوەیی هەتا ئێستاش هەر لە ناو سنووری لۆکاڵیدا ماوەتەوەو نەیتوانیوە گشتگیر بێتو هەموو بەشەکانی کوردستان دابگرێت. پانو بەرینیی خاکی کوردستانو نایەکگرتوویی گیانی نەتەوەییو نیشتمانی، هەلومەرجەنایەکسانییەکان، بەربەستی سەرەکی بوون لەسەر پێنەگەیشتنی ئایدۆلۆژیایەکی خۆماڵی، بە ئامانجی ڕاچڵەکاندنو هەڵسانەوە، قۆناخێکی ئەوتۆ تا ئێستاش لە کوردستان لەدایک نەبووە.

ئەم وتووێژە لە کتێبی "دۆزی کورد لە نێوان بیری نەتەوەییو ئاییندا"

کە لەئامادەکردنی ئارام عەلی سەعیدە بڵاوکراوەتەوە

٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٥

-------------------------------------------------------

## بەغدا لە رووی ستراتیژییەوە لەژێر کۆنترۆڵی هەولێردایە..

### دیمانە لەگەڵ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا

### کاوە جەم

**پرسیار:** کاک (حوسێن) بەردەوام لە لێدوان و چاوپێکەوتنەکانتدا جەخت لە داهاتوویەکی گەش بۆ کوردستان دەکەی، بەڵام ئێستا هەموو کوردێک چارەنووسی خۆی دوای ریفراندۆمی بینیوە. چۆنە تا ئێستایش لەسەر ئەو بۆچوونەی خۆت هەی؟

**وەڵام:** بیرکردنەوەیەکی ساویلکەیانەیە ئەگەر پێمان وابێ پرۆسەی هەرێمی کوردستان تەواو بووە. مەسەلەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە گرێوگۆڵترین ناوچەیە لە دنیایە و مەسەلەی کوردیش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە گرێوگۆڵترە. هەروەها مەسەلەی هەرێمی کوردستان وەک ناوەندی هەر چوارپارچەی کوردستان، هەستیارییەکی یەکجار زۆری دروست کردووە. بۆیە کاتێک (سەرۆک بارزانی) ریفراندۆمی کرد، دنیا هاروژا.

**پرسیار:** بەڵام (سەرۆک بارزانی) خۆیشی لە پەیامەکەیدا ئاشکرای کرد کە دنیا پشتی لە کورد کردووە، ئەدی بە چی دڵمان خۆش بێت؟

**وەڵام:** بە بڕاوی من (کاک مەسعوود) یارییەکی باشی کرد، پەنجەی لە چاوی ئەمەریکا و وڵاتانی رۆژئاوایی ڕاکرد. هەرێمی کوردستان لە جیاتی هەموو دنیا شەڕی داعشی کردووە، ئەدی سەیر و سەمەرە نییە کە کاردانەوەی ئەوان بەو شێوەیە بێت؟ ئەوە جێی باوەڕ نییە. ئەو وڵاتانە، هەموو یەکەی سیاسیی جیۆگرافیایین کە تێکبەستراون. چۆن دەتوانین وا بیر بکەینەوە کە (بارزانی) لە خۆڕا ئەو کارەی کردووە و ئەوانیش پشتیان تێی کردووە. سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و (هێنری کیسنجەر) وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمەریکا تەواو بوو. ئەو هەڵە گەورانە کراون و ئێستایش ئەمەریکا دەیکات. ئەگەر بیکات، مەسەلەی کورد هیچ کات پاشەکشە ناکات. ئەگەر بیانەوێ تەنیا تەنگژە دروست بکەن، ئەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران مامۆستای خوڵقاندنی قەیرانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەمەش زۆر جار لە بەرژەوەندیی ئەمەریکادا بووە بە ئێستایشەوە. ئێران هەر هەڕەشەیەک بکات، ٢٣ وڵاتی عەرەبی تەنگەتاو دەبن. لە هەموو ئەو وڵاتە عەرەبییانەی ئەو کارمەندانەی لە کێڵگە نەوتییەکاندا کار دەکەن، کرێکاری شیعەن. ئێران لەو شتانە حاڵییە و بۆیە هەر کاتێکدا تووشی گێژاوێکی سیاسی دەبێ، ئەو کەمینە شیعانە بەهێز دەکات و ئەوەندەی دیکە ترس دەخاتە ناو وڵاتانی عەرەبییەوە.

**پرسیار**: مەسەلەکە هەر ئەوەیە. لەو نێوەدا کە ئێران هەژموونی خۆی لە ناوچەکەدا زیاد دەکات، ئەورووپا و ئەمەریکایش بە چەندین شێوە سەرمایەگوزاری لەسەر ئەو کارە دەکەن و کورد لەو نێوەدا بووەتە قوربانیی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان. کەوایە بۆ دەبێ دڵمان بەوە خۆش بێ کە دۆخەکە باشتر دەبێ؟

**وەڵام**: بێگومان ئەو تەنگژانەی ئێران دەیخوڵقێنێت، ئەمەریکا دەیقۆزێتەوە. بە هۆی ترسی ئێرانەوە، ئەمەریکا خاڵی زۆر گەورە لە وڵاتانی عەرەبی وەردەگیرێت. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای دامەزراندییەوە، لە سەردەمی (بووش)ەوە تا (ئۆباما)، هەر سیاسەتێک کە کردوویەتی لە بەرژەوەندیی ئەمەریکادا بووە. ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە لەو نێوەدا چارەنووسی نەتەوەی کورد و شیعە تا رادەیەکی زۆر خاڵی هاوبەشیان بە یەکەوە هەیە.

**پرسیار**: بۆ پێتوایە لە نێو چارەنووسی کورد و شیعەدا خاڵی هاوبەش هەیە؟

**وەڵام**: (بووش) هات و بە رووخاندنی (سەددام) دوو کاری کرد. یەکەم، شیعەکانی لەژێر دەستەڵاتی سوننەکان هێنایە دەر و گەورەی کردنەوە و ئێستایش بە چاوی خۆمان دەیبینین. لەو لایەشەوە پێشتر خاڵی بە کوردان دابوو و دواتریش بوون بە هەرێم. لە راستیدا کورد و شیعە لەژێر ناوی ناسیۆنالیزمی عەرەبدا دەیانناڵاند. (بووش)، هەرێمی کوردستانی دروست کرد و دەستەڵاتی بەغدای دا بە شیعەکان. ئێمە ئەگەر لەو هاوکێشانە تێنگەیەن، لەگەڵ ئێران تووشی کێشە دەبین و ئێستایش یارییەکە بەو شێوەیەیە. کورد دەبێ زۆر زیرەک بێت و ئەوەش ئاساییە کە ئێران هەر کارێک دەیکات، دەیەوێ لە بەرژەوەندیی خۆیدا بێت. کورد دینامیزمی زۆر بەهێزی هەیە و تا ئێستا سوودی لێ وەرنەگرتووە. لە راپرسییەکەدا، بە سەدانهەزار کوردی چوارپارچەی کوردستان رژانە شەقامەکانی وڵاتانی ئەورووپایی و ئێمە دەبێ لەوە تێبگەین. ئەگەر پێمان وابێت مەسەلەی کورد لە هەرێمی کوردستاندا دەبڕێتەوە، قەت بەو شێوەیە نابێت. لە بیرمان بێت کە کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکردنیان زۆر خراپە. لە دۆخی ئێستادا تەنیا (مەسعوود بارزانی)یە دەتوانێ سەرکردایەتیی کورد بکات و، پێموانییە ئەمەریکا بیەوێ لاوازی بکات.

**پرسیار**: بەڵام خودی (سەرۆک بارزانی) رەخنەی لە ئەمەریکا گرت و بە روونی گوتی، کە هێزی چەکداری عێراقی بە تانکی ئەمەریکایی هێرشیان هێناوەتە سەر کوردستان، ئەدی چۆن ئەمەریکا دەیەوێ (بارزانی) بەهێز بکات؟

**وەڵام**: (بارزانی) ویستی لە ئەمەریکاییەکان بگەیەنێت کە سەردەمی ساوێلکەیی کورد تەواو بووە. ویستی تێی بگەیەنێ کە هۆشیاریی نەتەوەیی کورد و سیاسەتەکەی بەهێزە و ناکرێ ئەمەریکا لە نێوان بەغدا و هەولێردا، لایەنگری لە بەغدا بکات، بەغدایەک کە هەموو گیانی لاوازییە و لە سەردەمی دامەزراندییەوە هەر سەقەت بووە. ئەمەریکا چۆن دەتوانێ بایەخ بە بەغدا

بدات کە دنیایەک کێشە و قەیرانی هەیە و بڕینی قووتی خەڵکی کورد چ بەرژەوەندییەکی ئەمەریکای تێدایە بۆ ئەوەی ئەو کارە بکات. ئەمەریکا ئەگەر لەو کارەی بەردەوام بێت، تووشی کێشە دەبێت.

**پرسیار**: ئەدی بۆ ئێستا لە هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی بەغداوە دیارە، کە دەیانەوێ هەرێمێک بە ناوی کوردستان هەڵبوەشێننەوە و کورد پەراوێز بخەن؟

**وەڵام**: هیچ هێزێک ناتوانێ کورد پەراوێز بخات. سەیر بکەن تا ئێستا ناسیۆنالیزمی عێراقی دروست نەبووە. بەغدا لە رووی ستراتیژییەوە لەژێر کۆنترۆڵی هەولێردایە. بەغدا لە بواری ئاوەوە پێویستی بە کوردستان هەیە. عێراق تا ئێستا نەیتوانیوە ئاسایش دەستەبەر بکات و ئێستا عەرەبی رەسەن باوەڕی بە حکوومەتەکەی نییە و لە هەرێمی کوردستان دەژییێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە حکوومەتی بەغدا دەیەوێ ئاسایشی ئێرە تێک بدات. پێموایە هیچ کاتێک ئەو هەموو خاڵە دژ بەیەکە ناکرێ لە شوێنێکدا کۆ ببنەوە و دروست نییە و چارەنووسەکەی لەبەریەک هەڵوەشانەوەیە. ئێستا یەکگرتوویی نەتەوەی کورد زۆر گرینگە و دەبێ هەمووومان بە هەموو هێزێکەوە پشتگیری لە (مەسعوود بارزانی) بکەین. مەسەلەکە شەخسپەرەستی نییە، ئێمە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژیێن، ناوچەکەیەک کە یەک رۆژ دیموکراسی بەخۆیەوە نەیبینوە، بەڵام بە پێچەوانەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا ناوچەیەک کە بڕاوی بە ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ هەیە، کوردستانە. ئەوەش کێشەی هەموو ئەو وڵاتانەیە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە و بڕوایان بە ئازادی و مافی مرۆڤ نییە. هەموو ئەو وڵاتانە ئیرەیی بە ئازادی و دیموکراسی ناو کوردستان دەبەن و پێیان وایە، ئەگەر دەوڵەتی کوردستان دروست ببێت، ئەوان تووشی هەزار و یەک کێشەی دیکە دەبن و هەر بۆیە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانن.

**پرسیار**: پێتوایە ئەمەریکا و زلهێزانی دیکە دەیانەوێ کۆتایی بە قەیرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێنن و بناغەی ئازادی و دیموکراسی لەو ناوچەیە دابنێن؟

**وەڵام**: ئەگەر بە نیازی ئەو کارە بێت، دەبێ بە هەموو وجودییەوە چوارپارچەی کوردستان بپارێزێت، چونکە کورد بە درێژایی مێژوو داگیرکەر و شەڕخواز نەبووە، بەڵکوو داگیر کراوە و شەڕی پێ فرۆشتراوە. کورد تامەزرۆی ئاشتی و دیموکراسییە، چونکە ئێمە بەردەوام داری دیکتاتۆری و نائاشتەواییمان خواردووە. دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، لە بەرژەوەندیی جیهانی رۆژئاوادیە و ئەگەر بییەوێ ئاسایش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەقامگیر بێت، پێویستی بە کوردستان هەیە. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٨٠%ی وزەی جیهانی لێیە و هەموو وڵاتانی رۆژئاوایی پێویستیان پێیەتی. کوردستان لە باری وزەوە زۆر بەهێزە و چووە سەر نەخشەی جیهانیی وزە، ئەوانە هیچ کاتێک لەبیر ناکرێن.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: ئەگەر بڕیارە خاڵی هاوبەش لە نێوان شیعە و کورددا هەبێ، ئێران بۆ واز لە کوردستان ناهێنێ؟ ئەدی بۆ ئەورووپاییەکان نایەن پشتیوانی لە کورد بکەن؟

**وەڵام**: جیهانی ڕۆژئاوا یەکدەست نییە. ئەورووپا لە هەموو قۆناغەکاندا هاوئاهەنگ لەگەڵ سیاسەتەکانی (ترامپ) نەبووە. لە لایەکی دیکەوە کێبرکێی نهێنی لە نێوان ئەمەریکا و بەریتانیادا هەیە. بەریتانیاکان خۆیان بە میراتگری سستەمی شیعە دەزانن. لە سەفەوییەکانەوە تا ئێستا. کەوابوو بەریتانیاییەکان یەکەم هێزن پشتگیری لە شیعەکان دەکەن. ئێستایش هەر وایە. ئێرانییەکان بە ڕێنوێنیی بەریتانیاییەکان، لە عێراقدا سیاسەتی خۆیان دەکەن. بەریتانیاییەکان بەدنێون بە نیسبەت مەسەلەی کورد و هەمیشە دژی کورد بوونە، ئێستایش هەر وایە، بەڵام چونکە ئەمەریکا لە پشت هەرێمی کوردستانە، بەریتانیا هێزی جارانی نییە و هەر بۆیە ئێستا ئاژاوە دەنێتەوە.

وەڵامەکەم وەرنەگرتووە، ئەگەر بڕیار وایە بەریتانیا دەویەوێ شیعە وەکوو خۆی بمێنێتەوە و وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئەمەریکایش لە پشتی هەرێمی کوردستانن، بۆچی بە شوێن ئەو خاڵە هاوبەشەی نێوان کورد و شیعەدا نەگەڕان بۆ ئەوەی پێکدادان لە نێوانیاندا دروست نەبێت؟ ئێستا شیعە دەویەوێ کورد بسڕێتەوە.

وڵاتانی عەرەبی بە چاوی ئیسرائیلەوە سەیری دەوڵەتی کوردستان دەکەن و ئەوەیە کێشەکە. پێموایە ئەگەر ئێستا هەرێمی کوردستان، کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ لای خۆی رابکێشێت ١٠٠ ئەوەندە باشترە لەوەی ٢٣ وڵاتی عەرەبی لە خۆی رازی بکات، ئەوە جێبەجێ نابێت.

**پرسیار**: بەڵام لەولایشەوە ئیسرائیل کێشەی لەگەڵ ئێران هەیە، کورد چۆن ئێران لەخۆی نزیک بکاتەوە؟

**وەڵام**: ئیسرائیل و ئێران کێشەیان نییە و ئەو قسانە رووکەشی سیاسەتن. تا ئێستا عەرەبەکان دژی ئیسرائیلن، ئێرانیش دژی هەموو وڵاتە عەرەبییەکانە، کەوایە دوژمنی دوژمنم، دۆستمە.

**پرسیار**: پێت وا نییە ئەمەریکا و ئەورووپا و رووسیا هەموویان حەزیان لێیە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەردەوام بەو شێوەیە بێت؟

**وەڵام**: بێگومان، بەڵام بەدەر لە کوردستان. چەند ناسیۆنالیزمی بەهێز هەبوون و هەنە، ئێرانی و تورک و عەرەب و چوارەمینیان ناسیۆنالیزمی کوردە. ئەمەریکا و ئەورووپا بە تەواوی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردن، نەک حزبی کوردی و ئەوەی (مەسعوود بارزانی)



سەرچاوە Serchawe

دەیکات ئەوە کارە راستەکەیە.

**پرسیار**: پێت وا نییە کورد ئەمجارەش بوو بە قوربانیی نەوت و ژیۆپۆلیتیکەکەی؟

**وەڵام**: نەخێر، هەر ئەوەی ئێستا حەشدی شەعبی کەرکووکی داگیر کردووە، چ لە پێناو بەرژەوەندیی بەغدا یان تاراندا کردبێتی، هەر دوویان هەر زەرەرە. ئێران لە بواری گاز و نەوتەوە دەوڵەمەندە و تەماح لە کەرکووک ناکات، چونکە ئەمەریکا یان بەریتانیا رێگە بە ئێران نادەن کە ببێتە هێزێک کە پێیان کۆنترۆڵ نەکرێت.

**پرسیار**: بەڵام ئێستا پێچەوانەکەی دەرچووە و ئێران کەرکووکی داگیر کردووە و ئێستا بەریتانیا نەوتەکە دەبات، ئەمەریکا چی کردووە و دەتوانێ چی بکات؟

**وەڵام**: پێموایە ناتوانین هەرگیز لەو مەسەلەیەدا پاڵپشتی لە (ترامپ) بکەین. رەنگە ئەو سیناریۆیانە بە شێوەیەک کاتی هەبن، بەڵام زۆر درێژە ناکێشن. من ئێستایش بڕوام بە دامەزراندنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە هەیە کە دەوڵەتی کوردستانی تێدایە، بەڵام ئەوە بە خێرایی دروست نابێت. ئامانجی رۆژئاوا و ئەمەریکا ئەوەیە و دەیپێکن. پرۆسەکە کاتی دەوێ.

**پرسیار**: بەڵام پرۆسەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان تووشی کێشە بووە، ئەدی چۆن باس لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکەی؟

**وەڵام**: یەکەی جیۆگرافیی هەرێمی کوردستان، تەنیا بە رۆژهەڵاتی کوردستان تەواو دەبێت و ئەو دوو پارچەیە دواجار هاوپەیمانی سەرەکیی یەکترین.

**پرسیار**: کەوایە هەر لەبەر ئەوەش بێت، هیچ کاتێک ئێران رێگە نادات هەرێمی کوردستان سەربەخۆ بێت؟

**وەڵام**: ئێرانییەکان زۆر زیرەکانە لەو مەسەلەیە دەڕوانن. ئێمە نابێ تووشی دڵەڕاوکێ بین و دەبێ ئەوەی بە سیاسەت و قسەی نەرم دەکرێ، قسەی رەقی تێدا نەکەین.

راستە کورد و فارس لە رووی کولتووری و مێژووییەوە نزیکییان هەیە، بەڵام پێتوایە ئێرانییەکان رێگە بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بدەن؟ خۆ نموونەکە لە دوای ریفراندۆمدا زۆر بە جوانی دەرکەوت.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوە ئاسان دەبێ، دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، تەنیا عەرەبەکان زیانی لێ دەبینن و، فارسەکان بە هیچ شێوەیەک زەرەر ناکەن. دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی سنوورەکانی بە دەستەوە گرت، بە هیچ شێوەیەک مەترسی بۆ سەر ئێران دروست نەبووە. جیا لەوە، حەسارێکی باشی بۆ دروست بوو تا دەوری ئابلۆقە ئابوورییەکانی لێ بداتەوە. ئەوەندەی کورد لە داخستنی سنوورەکان زەرەر دەکات، سێ ئەوەندە ئێرانییەکان زەرەری تێدا دەکەن. دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەر بە زەرەری ئێران نییە. ئێران لەگەڵ ٢٣ وڵاتی سوننەی عەرەب دوژمنە و راستەوخۆ جیرانن. دەوڵەتی کوردستان لە ئەگەری دروستبوونی دەبێتە لەمپەر و دیوارێک لە نێوان ئێران و ئەو وڵاتانەدا.

**پرسیار**: دەتوانین ئەوە لە قسەکانت وەربگرین کە دژایەتیی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، لەلایەن باڵی توندڕۆی ئێرانییەوە بووە نەک باڵی ریفۆرمخواز؟

**وەڵام**: ئەگەر ئەمریکا بتوانێ سوپای ئێران کۆنترۆڵ بکات، یارمەتییەکی گەورەی (روحانی) دەدا و دەستی کراوەتر دەبێ بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکانی، کە زۆری حەزی لێیە لەگەڵ کورد رێک بکەوێت.

**پرسیار**: پێت باشترە ستراتیژی سیاسیی کورد زیاتر بەرەو تورکیا بێت یان ئێران؟ کامە وڵات جێگیرترە؟

**وەڵام**: رکابەریی نێوان تورکیا و ئێران دەمێکە، ئەوان مێژوویەکی کۆنی شەڕی ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و سەفەوییان هەیە. عوسمانییەکان چوونە ناو دڵی ئەوروپا و بوونە مەترسی بۆ سەر ئەو کیشوەرە. هەر ئەمەش وای کرد بەریتانیا لە شەڕی نێوان عوسمان و سەفەوییەکاندا، پشتی سەفەوییەکان بگرێ و بەمەش مەترسی لەسەر ئەورووپا کەم بکرێتەوە. ئێستا ئەورووپاییەکان ئەوەیان لە بیرە، هەر بۆیە بوونەتە بەربەست بۆ ئەوەی تورکیا نەبێتە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا و قەتیش نابێتێ و ئاراستەکانیش بەرەو لاوازکردنی تورکیان. جیا لەوە، ئەوەشمان لە بیر بێت کە سەمپانییەتی بەهێز لە نێوان شیعە و جیهانی مەسیحییەتدایە. سەرەڕای دۆخی ئەو دوو وڵاتە، کێشەی کورد پێوەندی بە شیعە و سوننەوە نییە، بەڵام نابێ هەموو هێلکەکانیش بخەینە ناو سەبەتەی وڵاتێکەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان - رێکەوتی: ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

------------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## فرەنسا قەرەبووى هەڵەكانى بەرامبەر بە كورد دەكاتەوە

### ديمانە ماڵپەڕى وشە نێت

### كاوە جەم

**پرسيار**: پێت وايە فرەنسا ئەو هێزەى جارانى ماوە كە بتوانێ وەک كارەكتەرى سەرەكى لەناو گۆڕانكارييەكاندا رۆڵ بگێڕێ؟

**وەڵام**: فرەنسا هێزى جارانى نەماوە. لە سەردەمى سەدام حوسێن و كاتى شەڕى رزگاركردنى عێراقدا، فرەنسا متمانەى خۆى بەرامبەر بە دنياى رۆژئاوا و ئەمەريكا لە دەست دا. لە سەردەمى دەسەڵاتدارييەتى بوشى كوڕدا و ئەوكاتەى شەڕى ئەفغانستان و عێراق هەبوو، فرەنسا بەشێوەى نەرێنى سياسەت و هەڵسوكەوتى دەكرد. ئێستە سەردەمى جەنەڕاڵ ديگۆل نييە. ئەوكات فرەنسا هێزێكى گەورەى جيهانى بوو بەرامبەر بە ئەمەريكا و رووسيا و قورساييەكى گەورەى هەبوو. بۆيە ئەوكات نە لە بەرەى رۆژئاوا بوو و نە لە بەرەى رۆژهەڵات.

**پرسيار**: بەڵام ئێستە فرەنسا دەيەوێ وەک كارەكتەرى سەرەكى بۆ ناو يارييەكە بگەڕێتەوە، چ هێزێكى بۆ ئەو كارە لە بەردەستە؟

**وەڵام**: ناتوانێ وەک كارەكتەرى سەرەكى بگەڕێتەوە. فرەنسا لە كاتى شەڕى عێراقدا و لە نيوەى رێگەدا، ئەمەريكاى بەجێ هێشت و ئەمەش گورزى لە متمانەى نێوانيان دا، بۆيە ئێستە بەو ئاسانييە ناتوانێ بۆ ناو يارييەكە بگەڕێتەوە و جێ پێى خۆى جێگير بكات.

**پرسيار**: فرانسوا هۆلاند يەكەم سەرۆكى وڵاتانە كە دوو جار سەردانى كوردستانى كردووە، ئەو دەيەوێ بەو سەردانانەى چى بگەيەنێت؟

**وەڵام**: فرەنسا دەيەوێ قەرەبووى ئەو هەڵانە بكاتەوە كە لە رابردوودا بەرامبەر بە كوردستان كردوويەتى. ئێستەش نووسراوەكانى خاتوو دانياڵ ميتران هەيە كە دەڵێ، كورد نابێ هەرگيز پشت بە ئەمەريكا ببەستێ و ئەگەر كارێكى لەو شێوەيە بكات، ديسان دەيدۆڕێنێت. دەمەوێ بڵێم كە فرەنسا لە هەڵوێست و پشتگيرييەكانيدا بەرامبەر كورد، هيچ كاتێک قورس و جێگير نەبووە.

**پرسيار**: بە بڕواى تۆ فرەنسا دەيەوێ قەرەبووى كوردان بكاتەوە، چۆن دەيەوێ ئەو كارە بكات؟



سەرچاوە
Serchawe

**وەڵام:** قەرەبووی بۆ ناکرێتەوە. ئێستە کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە، فڕەنسا دەیەوێ بیسەلمێنێ کە هەمان هێز و متمانەی ئەوکاتی هەیە کە لەگەڵ بەریتانیا، ناوچەکەیان دابەش کرد.

**پرسیار:** پێت وایە دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا، کاریگەری لەسەر هێز و قورسایی فڕەنسا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووبێت؟

**وەڵام:** بەڵێ بێگومان. بەریتانیا رۆڵی زیاتر بووە و هەمیشە شانبەشانی ئەمەریکاییەکان چووەتە پێش و لە هیچ قۆناغێکیشدا پشتی ئەمەریکای بەرنەداوە، بەڵام فڕەنسا لە هەڵوێست و کارەکانیدا لەرزۆک بووە، ئەوان هەمیشە بە شوێن بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە بوونە و زۆربەی جاریش لەو کارەدا سەرکەوتوو نەبوونە.

**پرسیار:** باست لە گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، چ لایەنێک لەو گۆڕانکارییانەدا زیانی بەردەکەوێ و چ لایەنێکیش قازانج دەکات؟

**وەڵام:** گۆڕانکارییەکان زۆر ناڕوونن و هەر ئەوەندەی دەزانین کە هەیە. ئێستە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سایکس-پیکۆ، تووشی تەنگژەی زۆر گەورەی دارایی و سیاسی بووە، سەرباری ئەوەی کێشە ئاینی و نەتەوەییەکان لەوپەڕی خۆیدایە. هەر کاتێک توانییان هۆی ئەو گرژی و کێشانە بدۆزنەوە، ئەوکات دەتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن. پرسی کورد، پرسێکی گرنگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئەو وڵاتانەی کارەکتەری سەرەکیی ناوچەیین، کێشەی کوردیان هەیە. ئێستەش ئەگەر لە بنچینە و رەگی ئەو شەڕ و ئاژاوەیە لە ناوچەکە بکۆڵینەوە، دەردەکەوێ کە پرسی کوردە. تا یەکلا نەبێتەوە، تەنگژەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانامرکێن.

**پرسیار:** کام لە دەوڵەتان دەتوانن نەخشەیەکی نوێ بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابرێژنەوە، بەو مەرجەی ببێتە ناوچەیەکی ئارام؟

**وەڵام:** ئەگەر بڕیارە دیسان نەخشەی ئەو ناوچەیە دابڕێژرێتەوە، تەنیا بە دۆناڵد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا دەکرێت. ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر، ئەمەریکا و رووسیا لە داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هیچ رۆڵێکیان نەبووە و تەنیا پاشکۆی بەریتانیا و فڕەنسا بوونە. ئێستە تەنیا مۆسکۆ و واشنتن دەتوانن نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابرێژنەوە و ئەزموون لە ١٠٠ ساڵەی سایکس - بیکۆ وەربگرن و بزانن رەگی کێشە نەتەوەیی و ئاینییەکان چییە و لە چیدایە. ترامپ دەتوانێ کێشە ئاینییەکان نەهێڵێ و ئەوە کارێکی ژیرانەیە. کوردەکان لەو نێوەدا بە درێژایی مێژوو بوونەتە سووتەمەنی شەڕ و کێشەی شیعە و سوننە، سەرەڕای ئەوەی ئەو کێشانە هیچ پێوەندییان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردەوە نەبووە.

**پرسیار**: ئێستەیش بەشێکی زۆری کورد شیعەیە، پێت وا نییە دیسان کورد لە داڕشتنەوەی نەخشەی نوێی ناوچەکەدا دەبێتە سووتەمەنی؟

**وەڵام**: دەبێ زۆر بە وردبینییەوە هەڵسوکەت لەگەڵ ئەو پرسەدا بکرێت، بەڵام کێشەی کورد نەتەوەییە نەک ئاینیی. لە هەر کوردێکی شیعە پرسیار بکەی، سەرەتا خۆی بە کورد دەزانێ و دواتر دەڵێ شیعەم. دەبێ تایبەتمەندی نەتەوەیی کورد بە تەواوی لەبەرچاو بگیرێت. ئەگەر بەو شێوەیە سەیری پرسەکە نەکرێت، دیسان هەڵەکانی رابردوو دووبارە دەبنەوە و دیسانیش رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نائارامی بەخۆیەوە دەبینێت. جیا لەوە پرسی کورد، پێوەندی بە دۆخی زۆر تایبەت و باشی ستراتیژیی خاکی کوردستانە. کوردستان خاوەنی خاکێکە کە بەسەر خاکی ئەو چوار وڵاتەی بەسەریدا دابەش کراوە، زاڵە. ئەگەر ئەمەریکا بیەوێ ئاغایەتی دنیا بکاتەوە و بە تەواوی کۆنترۆڵی بکات، دەبێ بێگومان کوردستانی لە بەردەستدا بێ. پسپۆڕانی ستراتیژیی ئەمەریکا ئەگەر هەست بەو پرسە نەکەن، دیسان دەیدۆڕێنن.

**پرسیار**: باس لە گرنگیی جیۆپۆلەتیکی کوردستان دەکەی و پێت وایە ئەگەر ئەمەریکا بیەوێ ئاغایەتی بکات، دەبێ کوردستانی لە بەردەستدا بێت. رووسەکانیش ئەوە دەزانن، ئەی ئەوان چۆنە بە ئاسانی کوردستان رادەستی ئەمەریکا دەکەن؟ یان ئەوەی کە لەسەر ئەو پرسە رێک کەوتوون؟

**وەڵام**: من نازانم، بەڵام بوونی پێویستە، چونکە ئەمەریکا بەبێ هاوکاری رووسیا ناتوانێ نەخشەکە دابڕێژێتەوە، لەلایەکی تریشەوە رووسیا ئەو هێزەی نییە بتوانێ بە تەنیا دەستکاری ناوچەکە بکات. رووس و ئەمەریکاییەکان خۆیان ئەوە دەزانن. رووسەکانیش لە پرسی کورد غافڵ نین و تیۆریسیەنی خۆیان هەیە، بۆ نموونە ژێرنۆفیسکی کە گرنگیی زۆر بە پرسی کورد دەدا و داوای دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ کورد کردووە، بەڵام ئاراستەی ئەوان وەک پەکەکە وایە. پێم وایە هاوسەنگییەک لە نێوان رووسیا و ئەمەریکا لەسەر پرسی کورد دروست دەبێت، بۆ نموونە کوردستانی تورکیا زیاتر لە رووسیا نزیکە.

**پرسیار**: کەوایە دیسان کوردستان وەک ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر بەسەر بەرژەوەندییەکانی دوو دەسەڵاتی جیهانیدا دابەش دەبێتەوە؟

**وەڵام**: بەڵێ، بەڵام ئەو دوو دەسەڵاتە لەگەڵ بەریتانیا و فەڕەنسا جیاوازییان هەیە. ئەوکات دەتوانین بەو شێوەیە لێکی بدەینەوە کە پێش لە کوردستانی یەکپارچەی یەکگرتوو، کوردستانێکی فیدراتیو دروست ببێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠١٧



سەرچاوە Serchawe

## کوردستان دەروازەی کۆنترۆڵکردنی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

### دیمانەی ماڵپەڕی وشە نێت

### کاوە جەم

**پرسیار**: سەرکردایەتیی سیاسیی کورد توانی بەشێوەی گونجاو هەڵسوکەوت لەگەڵ رووداوە ناوخۆیی و ناوچەییەکاندا بکات، بەتایبەت لەسەر پرسی داعش؟

**وەڵام**: هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتیی کورد لە رووداوەکانی پێوەندیدار بە داعشدا، هەڵوێستێکی وردی سیاسی و ستراتیژییان هەبووە. ئەوان زانییان پرسی داعش هەستیارە و چارەنووسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیاری دەکات، پێم وایە حکوومەتی هەرێم بە هاوکاری خەڵکی کورد، بە باشی سیاسەتی کردووە.

**پرسیار**: بۆچی پێت وایە داعش چارەنووسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکلا دەکاتەوە؟

**وەڵام**: گومان لەوەدا نییە کە دەبێ چارەنووسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکلا ببێتەوە. ئەو ناوچەیە تا ئێستە ئاڵۆزترین و پڕکێشەترین ناوچەیە لە دنیادا. ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک وەک پرسی ناوخۆیی، ژیۆپۆلەتیکی، دژایەتی گەورەی ئاینی و نەتەوەیی دەگەڕێتەوە. لە جیهانی ئیسلامیدا دوو جەمسەری سونە و شیعە دژی یەک وەستاون و بەردەوام کێشە دروست دەکەن و ناوچەکە تووشی نائارامی دەکەن. هاوکات رێکەوتنی سایکس بیکۆ کە کاتی خۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دابەش کردووە و بەهۆیەوە دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بوونە، لە رۆژی یەکەمەوە و تا ئێستە کێشەی هەبووە. لە رێککەوتنی سایکس بیکۆدا کێشەی زۆر گەورە هەیە کە دژبەرە ئاینی و نەتەوەییەکان لەگەڵ یەکتر کۆ کردووەتەوە، بۆیەش سەقامگیری ناوخۆیی و ناوچەیی لێ نەکەوتووەتەوە.

**پرسیار**: پێت وایە داعش سایکس بیکۆ هەڵبوەشێنێتەوە؟

**وەڵام**: پێم وایە هەڵی وەشاندووەتەوە. ئێستە دەبینین داعش بۆ نموونە هیچ سنوورێکی لە نێوان عێراق و سووریادا نەهێشتووەتەوە، لە هەموو ناوچەکانیشدا زەوی دابەش کردووە و خەلافەتی ئیسلامی راگەیاندووە.

**پرسیار:** ئەو ناوچانەی داعش کۆنترۆڵی کردوون یان هەوڵی کۆنترۆڵکردنیان دەدات، چ پێوەندییەکی بەو سنوورە جوگرافییەوە هەیە کە لە پرۆژەی نابۆکۆدا نەوتی بەرەو ئەورووپا لێ تێ دەپەڕێ؟

**وەڵام:** نابۆکۆ پرسێکی ترە، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەموو کێشە و رووداوەکان پێوەندییان بە یەکەوە هەیە.

**پرسیار:** پێت وانییە ئەو گۆڕانکارییانەی بەهۆی داعشەوە هاتوونەتە ئاراوە، خۆشکردنی پانتاییەک بێ بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی نابۆکۆ؟

بۆ نابۆکۆ نییە، بۆ شتێکی ترە و ئەویش پرسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەیە. لە سەردەمی جۆرج دەبلیو بۆشدا پرسەکە هاتە بەرباس و ئێستە نەخشەکە هەیە. ئێستە گۆڕانکاری گەورە لە وڵاتانی باکوری ئەفریقیادا کراوە کە سنووری دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی وڵاتانی تێک دا و تەنانەت گۆڕەپانەکە بۆ ئێرانیش خۆش بووە. ئێران لە رێگەی دەوڵەتێکی ئیسلامیی شیعەوە، دەستی ئاوەڵا بووە بۆ ئەوەی پەلی باوێتە وڵاتانی دەوروبەری خۆی و هیلالی شیعی دروست بکات.

**پرسیار:** مەبەست لە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە چییە؟

**وەڵام:** ئەگەر سەیری نەخشەی جوگرافیایی بکەین، کوردستان لە ناوەندی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە. سنووری جوگرافیایی کوردستانی گەورە، هەڵکەوتێکی تایبەتی هەیە. کوردستان لە تورکیا بەسەر زنجیرە چیاکانی ئەناتۆڵی، لەولایەشەوە بەسەر زنجیرە چیاکانی ئێراندا و لەلایەکی ترەوە بەسەر زنجیرە چیاکانی بەینونەهرێندا زاڵە. ئەو سێ زنجیرە چیایە ناوەندی پەیکەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن. هەر هێزێکی جیهانی بتوانێ کوردستان کۆنترۆڵ بکات، واتە دەتوانێ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تەواوی کۆنترۆڵ بکات و هیچ وڵاتێکیش ئەو هێز و تایبەتمەندییەی نییە. بۆ نموونە ئەگەر کوردستان لە عێراق جیا ببێتەوە، عێراق هیچ قەڵغانێکی بۆ بەرگری نییە، بۆیە چرچیل دەیگوت عێراق بەبێ باکورەکەی (کوردستان) هیچ واتایەکی نییە. ئێستە کوردستان یەک لە سەرچاوە گەورەکانی نەوت و گازە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەمەش چاوی هەموو زلهێزەکانی بەتایبەت ئەمەریکا و ئەورووپای بۆ لای خۆی راکێشاوە و ئەوە لە شەڕی دژ بە داعشدا دەرکەوت و پرسەکەش پێوەندی بە وزە و خاکەوە هەیە.

**پرسیار:** راستە کوردستان دەوڵەمەندە بە نەوت و گاز، بەڵام کێشەیەکی گەورەی هەیە کە رێی بۆ دەریا نییە، ئەوە چۆن چارە دەبێت؟

**وەڵام:** ئەوە راستە، بەڵام ئەگەر لە رابروو لە سیاسەتدا دووپات لەوە دەکرایەوە کە پێویستە زلهێزەکان دەریا و زەوی و

هەبێت، ئێستە ئەوە گۆڕاوە. ئێستە کورد لە گەمارۆی وشکانیدایە، بەڵام ئەو وڵاتانەی بە هۆی سایکس بیکۆوە دروست بوون، زۆربەیان ڕێگەیان بەرەو دەریا نەبوو، بەڵام ڕێگەیان بۆ کردنەوە، عێراق و سووریا بە نموونە. ئەگەر لەسەر ئەوە ڕێککەوتن هەبێ کە کوردستان وەک دەوڵەتی سەربەخۆ خۆی نیشان بدات، دەبێ ڕێگەی بەرەو ئاوی بۆ بکەنەوە و ئەمەش ئاسانە و لە ڕۆژهەڵاتی مەدیترانە و کەنداوی ئەسکەندەروونەوە دەکرێت. ئەوەش هەیە کە ئەگەر وڵاتێک بیەوێ بەسەر ناوچەیەکدا زاڵ بێ و کۆنترۆڵی بکات، دەبێ خاکی بەدەستەوە بێت. ئەمەریکا ئەوەی لە ئەفغانستان نەبوو، بۆیە ئێستەش دەستەوەستانە. دەریا هۆکارێکی باشە، بەڵام هەموو شتێک نییە.

**پرسیار**: بەپێی هەموو ئەو بەرژەوەندییانەی کە باسی دەکەی، پێت وایە کورد دەبێتە ئەندامی ناتۆ؟

**وەڵام**: تا ئێستە و بێ ئەوەی ڕاگەیەندرابێ، ئێستە کورد ئەندامی ناتۆیە. وڵاتانی ئەندامی ناتۆ ئێستە چەک و ڕاهێنەر و ڕاوێژکارانی سەربازی بۆ کوردستان دەنێرن و سوود لە فڕۆکەخانەکانی کوردستان وەردەگیرێت.

**پرسیار**: ئەو ڕووداوانە چۆن لە بەرژەوەندی کورددا تەواو دەبێت؟

**وەڵام**: بەتەواوی لە بەرژەوەندی کورددا تەواو دەبێت. پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، کێشەی ناوچەیی هەیە و بەرەو چارەبوون دەچێت. هەرێمی کوردستان فرەئاینی و نەتەوەییە، بەڵام پێکەوەژیانی ئاشتییانەش هەیە و ئەمەش سەلمێنەری کارنامەی باشی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە لە ماوەی ڕابردوودا. لەوکاتەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، شەڕ کەم بووەتەوە و لە بەرانبەردا ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا هەیە. دەرکەوت کە دەوڵەتی کوردی نەک هەر کێشە لە ناوچەدا دروست ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە کێشەکان بنەبڕ دەکات و ئەمەش یارمەتییەکی گەورەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**پرسیار**: ئێستە کە داعش سنوورەکانی سڕیوەتەوە و کۆنترۆڵی کردوون، جێگرەوەی دواتری ئەو هێزە بۆ پاراستنی ئەو سنوورە جوگرافیانە کێ دەبێت؟

**وەڵام**: پێم وایە ئەمەریکا و ئەورووپا بە هاوکاری تورکیا، ئیسلامییە دەمارگرژەکانی کە ئاوارەی ئەو وڵاتانە بوونە، هەموویانیان کۆ کردوونەتەوە. پرسی داعش شێوەیەکە لە پاککردنەوەی هەموو ئەو وڵاتانە لە ئیسلامیی دەمارگرژ، بەڵام ئەمەریکا ئەو شەڕە بە کورد دەکات. کورد کە دیەوێ ببێتە دەوڵەت، دەبێ دەسەڵاتی خۆی نیشان بدات و سەرەکیترینیان هێزی سەربازییە. ئەو هێزە سەربازییەش ئێستە لە دروستبووندایە بۆ ئەوەی لە شێوەی کۆن بێتە دەرێ و مۆدێرنیزەی بکەن. مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش دەوڵەتی کوردی بە سەرکەوتنی پێشمەرگە بەسەر داعشدا بەستەوە. بارزانی دەیەوێ بیسەلمێنێ ئەگەر چەک بە

پێشمەرگە بگات و راهێنانی پێ بکرێت، نەک دەتوانێ وڵاتی خۆی کۆنترۆڵ بکات، بەڵکو دەتوانێ لە وڵاتانی دەوروبەریشدا دژ بە تیرۆریزم شەڕ بکات. شکستی داعش، چارەنووسی کورد دیاری دەکات.

**پرسیار**: بەڵام بە روونی دوو شێوە سیاسەت لە نێو کورددا هەیە، ئەوە پاشکۆبوونی دوو شێوە سیاسەت بە سەرکردایەتیی رووسیا و ئەمەریکایە؟

**وەڵام**: رکابەرییەکی گەورەی جیهانی لە ئارادایە. ئێستە بەتەواوی باس لەوە دەکرێ کە جیهانی تاکجەمسەری نەماوە و ئێستەش ئەمەریکا بەهۆی کێشەی داراییەوە ناتوانێ وەک پێشتر، ئەسپی خۆی تاو بدات. سیاسەتەکانی ئۆباما زیاتر ناوخۆیین ، بۆیە لە ئاستی دەرەوە لە پاشەکشەدایە. لە بەرانبەردا رووسەکان لە رێگەی پەکەکەوە دەستێوەردانیان لە کێشەی کورددا کردووە و ئەوەش دەزانین کە فەرهەنگی سیاسیی پەکەکە، لە ژێر کاریگەری فەرهەنگی ستالیستیدایە. ئێستە پرسی کورد، بووەتە شادەماری پرسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تا ئێرە ئەمەریکا باش هەنگاوی ناوە.

**پرسیار**: بەڵام کورد بەهۆی ئەو دووبەرەکییەوە نابێتە قوربانیی گۆڕانکارییە ناوچەییەکان؟

**وەڵام**: هەندێ کێشە دروست بووە. بۆ نموونە پەکەکە ئاڵای کوردستان و سروودی ئەی رەقیب کە دوو سومبولی نەتەوەیی کوردن، قبووڵی نییە و ئەمەش خۆی لەتبوونی کوردە. پەکەکە بۆچوونێکی تری سەبارەت بە کورد و گۆڕانکارییە ناوچەییەکان و زلهێزەکان هەیە. پەکەکە سەرچاوەی لە عەلەوییەکان وەرگرتووە، ئەوانیش شیعەن و دۆستی ئێران و سووریان. ئەو دوو وڵاتە دەیانەوێ پەکەکە رابگرن. بەندەری تاتلوس تەنیا دەرگەی رۆژهەڵاتی مەدیترانەیە و ئەویش لە بەردەستی رووسەکاندایە. ئەمەریکا دەیەوێ ئەو بەندەرە لە رووسیا بستێنێ، بەڵام پوتین بێ وەڵام نییە و دەیەوێ لە رێگەی پەکەکە و بەشار ئەسەدەوە دەوڵەتێکی عەلەوی لە رۆژهەڵاتی مەدیترانە دروست بکات. لەولایەش پارتی لەگەڵ سیاسەتی ئەمەریکادایە و ئەمەش بەتەواوی دژی بۆچوونی پەکەکەیە.

**پرسیار**: پێت وایە سوپای تورکیا بێتە ناو شاری کۆبانی؟

**وەڵام**: بەڵێ.

**پرسیار**: ئەو کارە لە ئاراستەی لاوازکردنی دەسەڵاتی پەکەکەیە لە سووریا؟

**وەڵام**: بێگومان دەیانەوێ دەسەڵاتی پەکەکە لاواز بکەن. ئەمەریکا ناتوانێ ئەو قبووڵ بکات کە رووسەکان ناوچەیەکی دەوڵەمەند و ستراتیژیان لە بەردەستدا بێت.

**پرسیار**: ئێران ئامادەیی بۆ شەڕی دژی داعش راگەیاند، ئەی بۆ وەک وڵاتێکی هاوپەیمان قبووڵ نەکرا؟

**وەڵام**: ئەمەریکا دەیەوێ سعوودیە و قەتەر و هەندێ وڵاتی عەرەبیی تر کۆنترۆڵ بکات، چونکە ئەوان سەرچاوەی دارایی و فکریی داعشن. ئەگەر ئێران هاتبایە ناو هاوپەیمانیی وڵاتان بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، ئەو کات ئێرانی شیعە و سعوودیەی سوننە، لە بەرەیەکدا دەبوون. ئەمەریکا بەهیچ شێوەیەک ئەوەی ناوێ، بەڵکو هەوڵ دەدات دژایەتیی شیعە و سوننە لە ناوچەکەدا بمێنێت، بۆ ئەوەی ناوچەکە کەمترین ئارامیی بەخۆیەوە ببینێت. ئەگەر ئاشتی لە نێوان سعوودیە و ئێراندا هەبێت، بەتەواوی کێشە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نامێنێت. ئێرانیش حەزی لە مانەوەی دژبەری و شەڕ لە ناوچەکەدایە، چونکە دەتوانێ بەتەواوی دۆخی ناوخۆیی وڵاتەکەی کۆنترۆڵ بکات.

**پرسیار**: کەوایە هەموو ئەو دەوڵەتانە سوودی خۆیان لە داعش و شەڕی ناوچەیی هەیە؟

**وەڵام**: بەڵێ، سعوودیەش وەک ئێران سوودی خۆی هەیە. لە سعوودیە حکوومەتێکی دیکتاتۆری هەیە. ئەوکاتەی پڕۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە هاتە گۆڕێ، بەرپرسانی سعوودیە بەدەنگ هاتن. ئەوان لەگەڵ پڕۆژەکەدا نەبوون و دەیانگوت دیموکراسی و سیستەمی پەرلەمانی بۆ خەڵکی ئێمە نابێ و ئێمەش بە دەستی خۆمان ئاگر لە خۆمان بەرنادەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

---------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## ئەمریکا و رووسیا لەسەر چارەنووسی کورد رێککەوتوون

### چاوپێکەوتن گوڵان میدیا

### کاوە جەم

**پرسیار**: نزیکبوونەوە و رێککەوتنی نێوان تورکیا و رووسیا، بە چ شێوەیەک کاریگەری لەسەر هێز و پێگەی هەرێمی کوردستان دەبێت و خوێندنەوەتان بۆ ئەم رێککەوتنە چییە؟

**وەڵام**: تورکیا، هەڵکەوتێکی جیۆگرافیایی زۆر باشی هەیە. دەوڵەت و حکومەتی تورکیا لەمپەرن لە بەرانبەر زێدەڕۆییەکانی رووسیا. دۆخی هەرێمی کوردستان زیاتر لە بەرژوەندیی دەوڵەتی تورکیادایە، تا رووسیا. ئێستە لە بەرانبەر ئەو رێککەوتنانەدا دەروازەیەکی دیکە هەیە کە لە راستیدا لە ئاستی گوشاری رووسییەکان بۆ ئەوروپا کەم دەکاتەوە، ئەویش هەرێمی کوردستانە.

**پرسیار**: بەڵام ئێستە دۆخی تورکیایش لەگەڵ چەند وڵاتێکی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا باش نییە، ئایا ئەوە بە زیانی هەرێمی کوردستان و بازاڕی وزەکەی نابێت؟

**وەڵام**: راستە ئێستە تورکیا لەگەڵ چەند وڵاتێکی ئەوروپی مشتومڕی هەیە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک تورکەکان ناتوانن خۆ لە ئەوروپا جیابکەنەوە، چونکە بەشێکی خاکی تورکیا لە ئەوروپادایە و ئەگەر لە ئەوروپییەکان داببڕێن، تووشی زیانی ئابووریی زۆر گەورە دەبنەوە. ئەگەر تورکیا ململانێ لەگەڵ ئەوروپا بکات، یانی خۆی رووبەڕووی خۆکوشتن دەکاتەوە.

**پرسیار**: ئێستا کوردستان بەشێکی نەوتەکەی لە رێگەی تورکیاوە هەناردەی دەرەوە دەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا دەشتوانیت بە رێگەی سووریا رێگەیەک بۆسەر دەریای سپیی ناوەڕاست بکاتەوە، ئایا گواستنەوەی وزەی کوردستان بۆ دەرەوە بە رێگەی دەریای سپیی ناوەڕاست باشتر نییە؟

**وەڵام**: هەرێمی کوردستان لە ئایندە دەتوانێت رێگەی گواستنەوەی وزە بۆ سەر دەریای سپیی ناوەڕاست بکاتەوە، لەم حاڵەتەشدا دەتوانێت زۆر پشت بە تورکیا نەبەستێت و دەریای سپیی ناوەڕاستیش ئاسانکاری زۆر بۆ هەرێمی کوردستان و هەناردەکردنی وزەکەی فەراهەم بکات، ئەو رێگەیە زۆر ئاسانترە. هەربۆیە رێگەی دەریای سپیی ناوەڕاست زۆر گرینگە و لەوێوە رێگە بۆ هەموو ئاوەکان هەیە و کاتیشی کەمتر دەوێ بۆ هەناردەکردنی وزە.



سەرچاوە Serchawe

**پرسیار:** لە ئێستادا رووسیا خاوەنی هێز و پێگەیەکی گەورەیە لە ناوچەی دەریای سپیی ناوەڕاست، ئایا ئەمە نابێتە هەڕەشەیەک لەسەر هەژموونی ئەمریکا، یان ئایا هەردوولا لەسەر ئەم پرسە ڕێککەوتوون؟

**وەڵام:** بە شێوەیەکی گشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پاکسازی لەو وڵاتانەدا کراوە کە هەڵگری فکری چەپ و کۆمۆنیست بوون، ئێستا دۆخەکە گۆڕاوە. دەبێ ئەمریکا و رووسیا خاڵ بە یەکتر بدەن. دەوڵەتی (بەشار ئەسەد) دەسەڵاتی بەسەر رۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەراست و بەندەری تەرتووسدا هەیە و بەشی زۆری دانیشتووانیشی عەلەوین. رووسیا لە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بنکەکانی خۆی لە دەست داوە، بۆیە ئێستە پشتگیری لەمانەوەی رژێمی ئەسەد دەکات بۆ ئەوەی دەسکەوتەکانی لەو ناوچەیە پارێزراو بێت و بە تەواوی هەوڵی پاراستنی ئەو شوێنانە دەدات کە لەبەردەستیاندا ماوەتەوە و ئەمەش بۆ ئەوان زۆر گرینگە.

**پرسیار:** ئایا ئەم باڵادەستییە بۆ بەرژەوەندی ئێرانیشە، مەبەستم ئەوەیە ئێرانیش بەرژەوەندی لەو ناوچەیە هەیە؟

**وەڵام:** دانیشتووانی رۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست هەموو عەلەوین و شیعەن و ئەوانیش سەر بە ئێرانن و ئێرانیش پشتگیریان لێدەکات، بۆیە بێگومان لە خزمەتی ستراتیژیەتی ئێرانیشدایە. بێگومان ئەم ناوچەیە هەڵکەوتەی ژیۆپۆلوتیکی جیهانی هەیە و ئێرانیش لەو ناوچەیەدا وەبەرهێنانی سیاسیی زۆری کردووە.

**پرسیار:** ئێستا ئێران هەوڵی زۆر دەدات کە دەروازەیەک بۆ سووریا بکاتەوە، ئایا ئەمە لە پێناوی ئەوەیە بە رێگەی دەریای سپیی ناوەڕاست نەوتەکەی هەناردەی ئەوروپا بکات؟ ئایا ئێران تەنیا مەبەستی ئەوەیە تێچووی گواستنەوەی نەوتەکەی کەم بکاتەوە، یان ئامانجی دیکەشی هەیە؟

**وەڵام:** ئامانجی ئێران ئەوەیە ئەو خەتە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بێت و بەتەواوەتی ئەو دەرگایە بە رووی هەرێمی کوردستاندا دابخات، ئەمەش بەو ئامانجەی کوردستان هەرگیز نەتوانێت بە رێگەی دەریای سپیی ناوەڕاست وزەی خۆی رەوانەی جیهان بکات. بێگومان هەتا ئێستا نەیتوانیوە ئەو ئامانجەی دەیەوێت بۆی بێتەدی، بۆیە ئێستا لە هەوڵی ئەوەدایە لە باشووری عێراقەوە ئەو کارە بکات و بۆ ئەمەش چاوی لە شاری بەسرا بڕیوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کێشەی سەرەکی ئەوەیە، کە ئێران دەیەوێ بە تەواوی هێڵی سووریا لە دەستی خۆی بگرێت. دەیەوێ تەنانەت ئەگەر نەوت و غازی هەرێمی کوردستان بەو رێگەیەدا تێپەڕێت، ئۆکەی ئێرانییەکانی لەسەر بێت.

**پرسیار:** ئایا هەتا ئێستا کوردستان سەرکەتوو بووە لەوەی بتوانێت هێڵێکی گواستنەوەی مسۆگەر بۆ نەوتەکەی بەرەو ئەورپا



سەرچاوە
Serchawe

مسۆگەر بکات؟

**وەڵام**: هەتا باشووری کوردستان نەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروستکردنی هێڵێکی مسۆگەر بۆ گواستنەوەی وزە کارێکی ئاسان نابێت، کێشەی سەرەکیی باشووری کوردستان ئەوەیە هێشتا نەبۆتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

**پرسیار**: بەڵام ئێستا باشووری کوردستان یاسای نەوت و گازی تایبەت بەخۆی هەیە، ئایا بۆ ئێستا ناتوانێ ئەو هێڵە مسۆگەرە دابین بکات؟

**وەڵام**: راستە تا ئێستا هەوڵیش دراوە، بەڵام بارودۆخەکە زۆر جیاوازتر دەبێت ئەگەر کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە رووی پێوەندیی نێودەڵەتییەوە ئێستا کێشەی بۆ دروست دەکرێت، بەڵام کە بووە دەوڵەتی سەربەخۆ لەو کێشانە دووردەکەوێتەوە.

**پرسیار**: باسی ئەوەتان کرد کاتێک کوردستان دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئیدی لە زۆر کێشە رزگاری دەبێت، ئایا ئەمە پێچەوانەی قسەکانی خۆتان نییە؟

**وەڵام**: کوردستان هەتا نەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ وەک بەشێک لەو دەوڵەتانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە کوردستانیان داگیرکردووە، سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش ئێستا بەهەمان شێوەیە، چونکە ئێستاش بودجە و زۆر شتی دیکە داوادەکرێت لە رێگەی بەغداوە رێکبخرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە وەک دەوڵەتی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت.

**پرسیار**: پێتانوایە کورد لە کوێی گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە؟

**وەڵام**: هەموو کێشەکان پێوەندییان بەو پرسە سەرەکییەوە هەیە کە کورد خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نییە. ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، هەموویان پێوەندییان لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکان هەیە، بۆیە کاتێک بارودۆخەکە ئاڵۆز دەبێت، ئەو دەوڵەتانە زیاتر کاریگەرییان راستەوخۆ لەسەر نەزمی جیهانی دەبێت. بۆیە هەتا زەمینەیەکی لەبار دروست نەبێت بۆ دەوڵەتی کوردستان، کێشەکانی چارەسەر نابن و کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەردەوام دەبن.

**پرسیار**: ئێستا باشووری کوردستان خۆی ئامادەدەکات بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی، گریمان لە ئەنجامی ریفراندۆمەکە هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی راگەیاندو لە پاشکۆیەتی هاتەدەر، ئایا تاچەند سەربەخۆیی باشوور کاریگەری لەسەر پارچەکانی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان دەبێت؟

**وەڵام**: پرسەکە زۆر ئاڵۆزە، تەنانەت خۆم لەسەر ئەو باوەڕە نیم کە ئەگەر هەرێمی کوردستان بەتەنیا وەک یەکەیەکی جیۆگرافیایی، سەربەخۆیی رابگەیەنێت. کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەواو چارەسەر دەبێت، لای من کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە. پێشتر کوردستان لەلایەن زلهێزەکانەوە دابەش کراوە و ئێستە خۆمان لە رووی سیاسییەوە دەمانەوێ دابەشی بکەین، ئەمە جێبەجێ ناکرێت. نابێ هەرێمی کوردستان خۆی هەڵبوێرێت، چونکە ئەوکات دەسەڵمێندرێت کە سایکس پیکۆ راستە. هەر کەس بیەوێ ئەوە تاقی بکاتەوە، بێگومان شکست دێنێت. بۆیە هەتا لەم بەشەش سەربەخۆیی رابگەیەندرێت، ئەگەر بەشەکانی دیکەی لە گەڵدا نەبێت، ئەوا کێشەکە بەتەواوی چارەسەر نابێت، بە بڕوای من دەبێت دوو بەشی کوردستان واتە باشوور و رۆژهەڵات یەک بگرنەوە و بەو شێوەیە لە پاشکۆیەتی دەوڵەتی داگیرکەران رزگارمان دەبێت.

**پرسیار**: پێتوایە زلهێزەکان ئەو بەرنامەیەیان بۆ ئەو دوو پارچەیەی کوردستان هەیە؟

**وەڵام**: پێموایە ئەگەر نەشبێت، دەبێ لای خۆمان وەک ستراتیژ بوونی هەبێت. ئەگەر ستراتیژی بیربکەینەوە، دەبێ بەو شێوەیە بکەین. ئەو دوو پارچەیەی کوردستان، دوو یەکەی لێکدابراو نین لە یەکتری و لە هەموو رووەکانی جیۆگرافی، کەلتووری، مێژوویی و سیاسییەوە تێکەڵیی تەواویان هەیە. ئەو دوو پارچەیە، چارەنووسی هاوبەشیان هەیە و سنووری نێوانیان دەستکردە.

**پرسیار**: ئایا لەسەر چ بنەمایەک ئەو بۆچوونەت گەڵاڵە کردووە کە ئیدی کاتی ئەوەیە کورد سەربەخۆ بێت و پاشکۆی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان نەبێت؟

**وەڵام**: هۆکار زۆرن. هیچ کاتێک دۆناڵد ترەمپ نەزمی نوێی جیهانی لەسەر پاشماوەی وێرانکارییەکانی رابردوودا دانارێژێتەوە. هەموو وڵاتان باس لە گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن و لە راستیدا گۆڕانکارییەکان ئێمە دەگرێتەوە.

**پرسیار**: ئایا تەنیا لەبەر ئەوەی ترەمپ سەرۆکی ئەمریکایە، کورد سەربەخۆ دەبێت و لە پاشکۆیەتی رزگاری دەبێت؟

**وەڵام**: نەخێر، هەر کەسێکی دیکەش سەرۆکی ئەمریکا بێت، جیاوازی نییە. نە کورد و نە دەوڵەتە ناوەندییەکان، ناتوانن چارەنووسی وڵات و سنووریان بگۆڕن، تەنیا ئەوە بە رێککەوتنی زلهێزە نێودەوڵەتییەکان دەکرێ و بە پلەی یەکەم ئەوە ئەمریکا دەگرێتەوە، دواتر رووسیا و ئەوروپا.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار:** ڕۆڵی ئەمەریکا و ڕووسیا لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆنە؟

**وەڵام:** ئەمریکا و ڕووسیا پشکیان لە سایکس پیکۆ دا نەبووە، بۆیە ئێستا ئەوان ناوچەکە دابەش دەکەن. ئەو دوو وڵاتە ڕێککەوتنیان بۆ دابەشکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە. ئەمەریکا دەیزانی کە بە بێ ڕووسیا ئەو بەرنامانەی بۆ جێبەجێ ناکرێت. جیا لەوەش ڕووسیا و ئەمریکا نفووزیان لە ناو کورددا هەیە .

**پرسیار:** ئەگەر ئەو دوو هێزە گەورەیە لەسەر دابەشکردنی ناوچەکە ڕێککەوتوون، پێتوایە چ ڕەوتێکی فکری زەبری بەر دەکەوێت؟

**وەڵام:** ڕووسیای ئێستا، ڕووسیای سەردەمی (لێنین) و (ستالین) نییە. ڕووسیای پۆتین، بەرەو لیبراڵیزمی ئابووری هەنگاو دەنێت. هەر بۆیە هەندێ پشت بە هاوکارییەکانی ئەمریکا دەبەستێت. ئێستا هەموو بەرەو جیهانی سەرمایەداری دەڕۆن و ئەمریکایش بە تەواوی بەهێزی دەکات.

**پرسیار:** پەکەکە تا ئێستەش سیاسەتەکانی لەسەر تیۆری چەپە، پێتوانییە پاکسازیی فیکری و فیزیکی لە ناو پەکەکەدا دەکرێ، بۆ ئەوەی لە ئاراستەی سیاسەتی ئێستای ڕووسیادا بن؟

**وەڵام:** پەکەکە ناتوانێ لە سیاسەتی پۆتین لابدات، چونکە بنکەکانیان زیاتر لەو وڵاتانەدایە کە ڕووسیا لێی بەهێزە. پەکەکە ناچارە ئەو ئاڵوگۆڕە پێکبێنێ.

**پرسیار:** ئەگەر ئەمەریکا و ڕووسیا لەسەر دابەشکردنی ناوچەکە ڕێککەوتوون، ئەدی بۆ پەکەکە لە هەرێمی کوردستان کێشە دروست دەکات؟

**وەڵام:** ئەوەی پەکەکە دژی هەرێمی کوردستان دەیکات، زیاتر دەمارگرژیی حزبایەتییە. پەکەکە ئەوەندەی لە توانایدا بووە زەربەی لە هەرێمی کوردستان داوە. دەبێ پەکەکە لۆژیکییانە بەو ئەنجامە بگات کە سیاسەتەکانی هیچ خواستێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەسەر نییە. ئێران بەربەستی سەرەکیی چارەسەرنەبوونی کێشەی نێوان پەکەکە و هەرێمی کوردستانە و نانی لێ دەخوات.

**پرسیار:** ئەدی ئەمەریکا چۆن ڕێگەدەدات زیان بە بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا بگەیەنێت؟

**وەڵام:** خۆ هەر پەکەکە کێشەی دروست نەکردووە، ئەدی بۆ گۆڕان و یەکێتی و حزبەکانی دیکە ڕێک ناکەون؟ ناکۆکیی نێوان



سەرچاوە Serchawe

کوردەکان وای کردووە قورساییان لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کەم ببێتەوە. ئەمریکا لە ستراتیژی خۆیدا سیاسەتی کوردستانی گەورەی لەبەرچاو گرتووە، بەڵام ئەو کۆسپانەشی لەبەردەمە و دەبێ چارەسەر بکرێن.

**پرسیار**: ئەمریکا و رووسیا چۆن لەسەر پرسی کورد رێککەوتوون؟

**وەڵام**: ئەوان لە سەر سنووری جیۆگرافیی نفووزی خۆیان رێک دەکەون. ئەمریکا لە بەندەری تەرتووس، ئیمتیاز بە رووسیا دەدات. پێموایە هەرێمی کوردستان و رۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا دەبن و باکوور و رۆژئاوای کوردستانیش لە سنووری بەرژەوەندییەکانی رووسیادا.

**پرسیار**: پێتوایە لەسەر کەرکووکیش رێککەوتن کراوە؟

**وەڵام**: ئەوان لەسەر چارەنووسی نەتەوەی کورد رێککەوتوون. هەر کەسێک کەرکووکی بەدەستەوە بێت، سەربەخۆیی کوردستانی مسۆگەر کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گوڵان میدیا - رێکەوتی: ١٥ی ئەپریلی ٢٠١٧

---------------------------------------------

## هەر هەوڵێکی کورد پشت بە خەباتی چەکداری ببەستێ، سەرکەوتوو نابێ

### وتووێژی وێبلاگی پەیڤ

**سازدانی**: سەلاحەدین بایەزیدی

**سەلاحەدین بایەزیدی**: هاتنە سەر کاری حەسەنی ڕووحانی حزبە کوردییەکانی نەیاری ئێرانی خستە دوڕیانێکەوە، سەرەتا هەڵبژاردنەکانیان بایکۆت کرد، دواتر جۆرێک گەشبینی لە ناویاندا دروست بوو و ئێستاش سەرسوڕمان و ساردبوونەوە. ئەو هەموو بەرزی و نەزمییە لە ماوەیەکی وا کورتدا سەیر نییە؟

**حوسێن مەدەنی**: بە ڕای من هیچ سەرسوڕمانێکی تێدا نییە. مەسەلەی ئیعدامەکانی ئەمدواییە شتێکە و کۆماری ئیسلامی ئێران

شتێکی تر. دەبێ دان بەوە دابنێین کە چەند ناوەندی دەسەڵات لە ئێراندا هەیە. بەیتی ڕەهبەری، سوپای پاسداران، سەرۆکایەتی کۆمار. هەروەها لە نێو ئەو ڕژێمەدا ئیسلاح تەڵەب هەن، پاوانخوازی تێدایە و دەبێ هەموو ئەوانە لە بەرچاو بگیرێن بۆ ئەوەی بتوانین قەزاوەتی تا ڕادەیەک زانستیانە بکەین. تا ئێستاش ڕێکخراوە سیاسییەکان، چ ئێرانی و چ کوردستانی، نەیتوانیوە لە سەر کۆماری ئیسلامی شیکردنەوەیەکی ورد و زانستیانە پێشکەش بکەن. هەر تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە حکومەتی مەلایانە و پێگەی جەماوەرییان نییە و لەو قسانە. بۆ نموونە ئێمە وەک حزبی دیموکرات دروشمی ڕووخانی ڕژێممان بەرز کردۆتەوە، من ساڵەهای ساڵە ئەوەم ڕەت کردۆتەوە. ئەو قسەیەم مانای ئەوە نییە من بەشارەتێکم لە ڕژێمی ئێران وەرگرتوە، بەڵکوو ئەحزابی کوردی هەقی ئەوەیان نییە دروشمی ڕووخان بدەن، ئەوە کاری ئێمە نییە. مەسەلەی کورد شتێکی ترە. با نموونە ڕژێمی شا بێنینەوە. ئێمە پێمان وابوو ئەگەر ڕژێمی شا بڕوا، ئیدی مەسەلەی کورد چارەسەر دەبێ، شانمان وە بەر ڕووخانی ڕژێمی شا دا، ئەو کارەی کورد کردی لە هیچ کوێی ئێران نەکا، هەموو پایەگا و ناوەندە نیزامییەکان بە دەستی شۆڕشگێڕانی کورد و لەوانە حزبی دیموکرات داگیر کرا، بەڵام ئەو هەموو هەوڵ و ماندووبوونەمان بۆ ڕووخانی ڕژێمی شا، نەتیجەکەی بوو بە چی؟ کە کۆماری ئیسلامی هاتە سەر کار، دژایەتی کردنی لەگەڵ مافە نەتەوایەتییەکان لە زەمانی شاش خراپتر بوو.

**سەلاحەدین بایەزیدی:** شا لە چ ڕوویەکەوە باشتر بوو؟

**حوسێن مەدەنی:** لانیکەم چەند وێستگەی ڕادیۆیی لە کرماشان و پارێزگاکانی کوردستان و ئازەربایجاندا هەبوو. بۆ خۆم کەسێک بووم ئەودەم لە زانکۆی تاران، چوار واحیدم دەرس بە زمانی کوردی خوێندووە. ئێمە بەرەو دوا گەڕاوینەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ لەو حیکایەتانە گەڕێین، پێمان وانەبێ ئاسۆی ڕزگاری لە ڕووخان دایە. دەبێ خوێندنەوەیەکی سەردەمیانەمان هەبێ.

**سەلاحەدین بایەزیدی:** بەڵام دەڵێی حەزێک بۆ خەباتی چەکداری لە نێو حزبەکاندا چەکەرەی کردۆتەوە و پێیان خراپ نییە دیسان ئەو خەباتە دەست پێ بکەنەوە.

**حوسێن مەدەنی:** لە نێو کام حزبدا؟

**سەلاحەدین بایەزیدی:** لە نێو هەموو حزبەکاندا. ئەگەر سەرنجتان دابێ پاش ئەو چەند پێکدادانە بچووکەی لە سەردەشت و بانە ڕوویان دا، هەموو بە جۆرێک پێیان خۆش بوو وە ئەستۆی خۆیان بگرن یان خەڵک بیخاتە ئەستۆی ئەوان. بەتایبەت لە نێو لایەنگرانی حزبەکدا ئەمە بە جوانی دەبینرا. تەنانەت سەرەتا هەندێک لە ئاماژەکان بۆ حدک چوون.

**حوسێن مەدەنی:** سەردەمی خەباتی چەکداری نەماوە. ئەگەر بە تەماین سیاسەت بکەین، دەبێ سیاسەت لە سەر ئەمری واقع بکەین. سیاسەت بە خەیاڵ ناکرێ. خەباتی چەکداری بەرهەمی ململانێی زلهێزەکان بوو. دوو بەرەی جیهانی هەبوو. یەکەمیان

بەرەی سەرمایەداری و ئەوی تریش بەرەی کۆمۆنیستی. ئەویان ئەمریکا و ئەمیان یەکێتی سۆڤییەت. حزبە کۆمۆنیستەکان ئەو دەم خەباتی چەکدارییان لە ئەمریکای لاتین و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوین دەست پێکردبوو. ئەوە ڕووسەکان دەیانکرد، دوایە چینەکانیش هاتن. ئەحزابی چەپ دەستیان بە شۆڕش کرد. پشت جەبهە دیارە زلهێزەکانی دونیا بوون. ئەوان هێزە چریکەکانیان دنە دەدا. هەڵبەت لە بەرەی سەرمایەداریدا، ئەمریکا ئەو کارەی نەدەکرد. کاری ئەمریکا، سەرکوت بوو. دەبێ قەبوڵ بکەین ئەو قۆناغە کۆتایی هاتووە. دوای ئەوەی چەند بەرەیی نەما، شەڕی چەکداریش باوی نەما. هەر هەوڵێکی کورد پشت بە خەباتی چەکداری ببەستێ، سەرکەوتوو نابێ. ئێمە زۆرمان کرد. بۆ خۆشم لە هەموو ڕووداوەکاندا بووم. لە هیچ قۆناغێک لە پەراوێزدا نەبووم. پێم خەباتێکی پیرۆزە بەڵام ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە ئێمە هەر بەرەو پاش گەڕاینەوە. لە خەباتی چەکداریدا هیچ دەسەڵاتێک پشتی حزبی دیموکراتی نەگرت. ئەگەر زلهێزێک پشتی گرتبایەن، بێگومان ئاوامان لێ نەدەهات. بەو شێوەیە پاشەکشەمان نەدەکرد.

**سەلاحەدین بایەزیدی**: یانی پێتان وایە خەباتی چەکداری هیچ دەسکەوتێکی نەبووە؟

**حوسێن مەدەنی**: بە هیچ شێوەیەک. خەباتی چەکداری تەنیا ئەو دەسکەوتەی هەبووە کە ڕۆحی خۆڕاگری لە نێو کورددا پەروەردە و بەهێز کردوە. ئێستا کە سەیری فەزای سیاسی کوردستان دەکەی، لە چاو بەشەکانی تری ئێران، جیاوازییەکی هەیە. ئەو جیاوازییە ئەو ڕۆحەیە کە ئێمە دروستمان کردوە. لە شەڕدا ئێمە سەرکەوتوو نەبووین، بەڵام لە خۆڕاگری لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا سەرکەوتووین. خۆڕاگری لە نێو تاکە تاکەی خەڵکی کورددا بۆتە فەرهەنگێکی سیاسی. ئەو شوێنەوارەمان بە جێ هێشتووە و نابێ پێمان وابێ هەر لەو ڕێگەیەوە سەرکەوتوو دەبین. دەبێ لەو ڕۆحی خۆڕاگرییەدا، شتی دیکە ببووژێنینەوە و پەرەی پێ بدەین. ئەویش لە ڕێگەی بە هێزکردنی دید و بۆچوونی سیاسیی حزبەکانەوە دێتە دی. ئێمە چەندە لە شەڕدا خۆڕاگرین بووین، ئەوەندەش لە سیاسەتدا دۆڕاوین. هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا.

**سەلاحەدین بایەزیدی**: ئاخۆ ئەوە بۆچوون و بیر کردنەوەی حزبەکانیشە؟

**حوسێن مەدەنی**: نەخێر، ئەمە تەنیا بۆچوونی خۆمە و هەر بە تەنیا خۆشم لە قسەکانی خۆم بەرپرسیارم.

**سەلاحەدین بایەزیدی**: لەگەڵ باس و مشتومڕ لە سەر خەباتی چەکداری، باسی وتووێژ و دانوستان لەگەڵ ئێرانیش سەری هەڵداوە. چەند لایەنێکی کوردی لە ڕێگەی میدیاکانەوە ئامادەیی خۆیان بۆ وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دەربڕی. پێتان وایە ئێران وڵامی ئەرێنی دەداتەوە؟

**حوسێن مەدەنی**: سەرەتا ئێمە دەبێ جموجوڵێک لە خۆمان نیشان بدەین کە کۆماری ئیسلامی ناچاری وتووێژ بکەین. تا ئێستا

ئەوان بە زمانی حاشا لەگەڵ ئێمە هەڵسوکەوتیان کردوە و نکۆڵیان لە بوونی ئەحزابی کورد کردوە. ئێمەش لە بەرامبەردا، بە زمانێکی زبر وڵاممان داوەتەوە.

**سەلاحەدین بایەزیدی:** ئەو جموجوڵانە چین کە بزووتنەوەی کورد دەبێ لە خۆی نیشان بدا، جگە لە خەباتی چەکداری بە چی دەتوانێ ئێران بێنێتە سەر مێزی دیالۆگ؟

**حوسێن مەدەنی:** ئێمە هەمیشە گوتومانە و دەشیڵێینەوە کە خەباتی چەکداریمان ڕەت نەکردۆتەوە. حەقی خۆشمانە. خەباتی چەکداری ئێمە خەباتێکی ڕەوا و دادپەروەرانەیە. بەڵام بە داخێکی گرانەوە، هەر وەک گوتم ئەو ڕەنگدانەوە جیهانییەی نەبووە کە سەرنجی ڕای گشتی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. دەسەڵاتەکانی دونیا لە هەموو هەلومەرجێکدا ئامادە نین دیفاع لە مافی گەلان بکەن. بەرژەوەندی ئابووری دەور دەبینێ و لە سەر ئەم بنەمایە هەڵوێست دەنوێنن. بازاڕی ئێران، بازاڕێکی زۆر زۆر گەورەیە و دونیای ئەمڕۆکانە پێویستی پێیەتی. بەڵام ئێمە ئەگەر هەلومەرجی ئەمڕۆیی هەڵبسەنگێنین و لەگەڵیدا بچینە پێشێ، دەتوانین لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە سەرنج بۆ سەر پرسی کورد ڕابکێشین.

**سەلاحەدین بایەزیدی:** ئێوە لەو کەسانەن بە پێچەوانەی حزبەکەتان داکۆکی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەن. لە لایەکی دیکەشەوە باس لە سیاسەت لە ئەرزی واقعیدا دەکەن، سەربەخۆیی کوردستان چەندە لە ئەرزی واقعدا دەگونجێ؟

**حوسێن مەدەنی:** بە پێی مافی دیاریکردنی چارەنووس، کوردی حەقی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێ. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر واقع بینانە سەیری بابەتەکان بکەین، پەیمانی سایکس پیکۆ کە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی دروست بوو، ئەو پەیمانەی هەندێک دەوڵەتی میللی دروست کرد و کوردستانیشی دابەشکرد، ئەو چەند وڵاتانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بوون، لە سەر بنەمای دەوڵەت - نەتەوە دروست بوون، واتە پاڵپشت بە تیۆری فەرەنسی و ئینگلیزییەکان. ئەو تیۆرە هەر لە سەرەتاوە شکستی خواردووە. مەسەلەن ئێران وڵاتە بەڵام نەتەوە نییە. شتێک بە ناوی نەتەوەی ئێران وجودی نییە. یان تورکیا و عێراق. خۆ هەر کەس لەو وڵاتانە بژی تورک یان عێراقی نییە. تەنانەت عەرەبەکان خۆشیان نازانن عێراقیچێتی چییە. دوای قەراردادی سایکس پیکۆ هەشتا ساڵە کاری لە سەر دەکەن بەڵام هێشتا ئەو دیارە ساختانە سەریان نەگرتووە. ئەوە ئێستا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە پارچەیەکی بچووکی نیشتیماندا، دەسکەوتێکی نەتەوەیی هاتۆتە گۆڕێ.

**سەلاحەدین بایەزیدی:** هەندێک چالاکانی سیاسیی پارچەکانی بۆچوونێکی تا ڕادەیەک پێچەوانەیان هەیە. دەڵێن هەستی نەتەوەیی لاوازە.



سەرچاوە
Serchawe

**حوسێن مەدەنی**: من وەک خۆم قسە دەکەم و پێم وایە ڕوحی کوردایەتی و نیشتیمان پەروەری ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەکردن دایە. من ئەوە دەبینم کە حکومەتی هەرێم، کاریگەری لە سەر پارچەکانی تری کوردستان هەیە. ئێمە وەک حزبی دیموکرات هەمیشە حیسابمان بۆ ئەوە کردوە کە ئاخۆ بەرژەوندی ڕێکخراوەیی گرنگترە یان بەرژەوەندی نەتەوەیی. بە ڕای ئێمە بەرژەوەندی نەتەوەیی لە هەموو بەرژەوەندییەک تەنانەت لە هی تاکەکەسی بالاترە. من پێموانییە هەرێمی کوردستان تەنیا هەرێمێک بێ بۆ کوردی عێراق یان چەند بنەماڵەیەک. تۆ تەماشا بکە. دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان دروست بووە، پێگەی کورد لە جیهاندا چ گۆڕانێکی گەورەی بە سەردا هاتووە. هەرێمی کوردستان لە سەر خاکێکی وێران و میللەتێکی شەکەت دروست بووە. یانی نرخی گەورە، هەرێمی کوردستان داوێتی. بە دروست بوونیشی، یەک دونیا دەسکەوتی بۆ کورد هێناوە. خۆ لە خۆڕا سیاسەتی جیهانی بە نیسبەت مەسەلەی کورد نەگۆڕدراوە. ئەگەر سەیری بکەین باش دەبینین هەتا دوێنێ تورکیا کە نکۆڵی لە بوونی کورد دەکرد، ئەمڕۆ دێ لە ژێر سێبەری ئاڵای کوردستاندا لەگەڵ ڕێبەرانی کورد کۆ دەبێتەوە. ڕوانگەی دەوڵەتانی جیران یەکە بە یەکە لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەگۆڕدرێ، هی تورکیا گۆڕاوە و ئی ئێرانیش ئەوە هێدی هێدی دەگۆڕدرێ.

**سەلاحەدین بایەزیدی**: حکومەتی هەرێم کە ئەو هەموو دەوری هەبوو لە چەسپاندنی پێگەی کورد لە جیهاندا، بۆچی توانای ئەوەی نییە کوردەکان هاودەنگ بکا؟ بۆ نموونە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کە بڕیارە لە هەرێمی کوردستان ببەسترێ، ڕۆژ بە ڕۆژ دوا دەخرێ؟ کێ لەو دواخستنانە بەرپرسیارە؟

**حوسێن مەدەنی**: کۆنگرەی نەتەوەیی کە لە ئەورووپا ئالاکەی هەڵکراوە، هەر لە سەرەتاوە لە بەر پاوانخوازی هەندێک لایەنی سیاسیی پێی هەڵنەگرتوە. لە کۆنگرەی نەتەوەییدا نەتوانراوە جیاوازییەکان بخوێنرێنەوە. یەک سەرکردە و یەک حزب ناگاتە هیچ کوێ و بەو عەقڵیەتە کۆنگرە پێک نایە.

سەرچاوە: وێبلاگی پەیڤ - ڕێکەوتی: ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

---------------------------------------------------

## بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان پێویستە فەرهەنگ سازی بکرێ

### لێدوانێکدا بۆ "ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ

حوسێن مەدەنی، نووسەر و سیاسەتمەداری حزبی دیموکراتی کوردستان بە یەکگرتنەوەی حزب گەشبین نییە، بەڵام دەڵێ "واقع بینم و ئەمڕۆکە کوردستانی ئێران پێویستی بە یەکگرتنێکی سیاسی هەیە".



سەرچاوە Serchawe

لە لێدوانێکدا بۆ "ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ"، حوسێن مەدەنی جەختی کردەوە کە ئەمڕۆکە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرامبەر دەوڵەتی مەرکەزیدا دەبێ یەک بگرێ.

حوسێن مەدەنی: بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان پێویستە فەرهەنگ سازی بکرێ

بە بۆچوونی حوسێن مەدەنی، هەموو شتەکانی هەر دوو حزبی دیموکرات یەکن و تەنیا ناوەکەیان گۆڕانی بە سەردا هاتووە.

رۆژی هەینی رابردوو (٨ی نۆڤامبر)، ژمارەیەک لە لایەنگرانی یەکگرتنی هەر دوو حزبی دیموکرات، خۆپیشاندانێکیان لە کەمپی ئازادی، شوێنی نیشتەجێبوونی هەر دوو دیموکرات ئەنجام دا و بە وتنەوەی دروشمی جۆراوجۆر سەردانی رێبەرایەتی هەردوو لایان کرد.

رێبەرایەتی هەر دوو لایەنی دیموکرات، پێشوازییان لە خۆپیشاندەران کرد و بەڵێنیان پێدان کە بێ هیوایان نەکەن.

حوسێن مەدەنی، ئەو خۆپیشاندانە و چالاکییەکانی دیکە، دەگەڕێنێتەوە بۆ "چاوەڕوانی لە رادەبەدەر لە حزبی دیموکرات" و پێی وایە دەبێ هەرێمی کوردستانیش نێوبژیوانی بۆ بکا و پرۆسەکە پێشتر بخا.

- ئەوەندەی ئیستیعدادمان هەیە بۆ دوژمنایەتی کردنی یەکتری، ئەوەندە ئیستعدادمان نییە بۆ یەکگرتنەوە و لێک نزیک بوونەوە. مەدەنی وای گوت.

حوسێن مەدەنی پێی وایە "جاران هەم پارتی و هەم یەکێتی بە لەتبوونی حزبی دیموکرات کەیفیان ساز دەبوو، چونکە حزبی دیموکراتی کوردستانیان لە بەرامبەری خۆیاندا دەدەی و پێیان خۆش بوو هەمیشە لە گەڵ حزبێکی لەر و لاواز تەرەف بن. بەڵام ئێستا بارودۆخ گۆڕاوە و ئەوانیش حەز دەکەن ئێمە یەک بگرین."

حوسێن مەدەنی رەخنە لەو دیدگایە دەگرێ و دەڵێ "بەر لە هەموو شتێک دەبێ فەرهەنگێکی سیاسیی نوێ بێتە ئاراوە." ناوبراو لە درێژەدا دەڵێ: "ئەگەر ئەو فەرهەنگە سیاسییە نەگۆڕدرێ، ئێمە حاسێ دەمێنینەوە. ئیدی دەبێ لە دروشم بێینە دەرێ و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لە بەرچاو بگرین." هەر چەند لە سەر ئەو بڕوایەشە کە "نابێ چاوەڕێی ئەوە بین لە یەک کاتدا هەموومان ببینە شتێکی تازە. ئەوە پرۆسەیەکی درێژخایەنە و دەبێ فەرهەنگ سازی بۆ بکرێ. بەڵام نابێ لێشی ماندوو بین."

حوسێن مەدەنی کە پێشتریش ئەزموونی دابڕان لە حزبی دیموکراتی هەیە و یەکێک بووە لە رێبەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان - رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، نموونەکانی رابردوو بە بیر دێنێتەوە و پێی وایە دەبێ بە پشت بەستن بە قۆناغە مێژووییەکانی پێشتر، کار بۆ یەکگرتنەوە بکرێ. دوایین جیابوونەوە لە حزبی دیموکرات، کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٦ کرا و لەو کاتەوە تا ئێستا، چەندین



سەرچاوە Serchawe

جار باسی یەکگرتنەوە وروژاوە، بەڵام هیچ دەرئەنجامێکی نەبووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

-------------------------------------------------------

## ڕێزدار حوسێن مەدەنی لە چەند دێڕێکدا:

※ساڵی ١٩٣٨ی زایینی لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە.

※ساڵی ١٩٥٩ بووتە بە ئەندامی حیزبی دێموکڕات.

※ساڵی ١٩٧٥ لە زانستگای تاران مەستەری لە زانستی ژیۆپۆلۆتیکدا وەرگرتووە.

※لە کۆنگرەکانی : ٤ ، ٥ ، ٦ ، ٧ ، ١١ و ١٢ دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب هەڵبژێردراوە.

※لە کۆنفرانسی ٤ و کۆنگرەکانی ٩ و ١٠ی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بە ئەندامی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.

※خاوەنی نووسینی چەندین بەرهەمە، و لەم دواییانەش دا کتێبی (کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان)ی لە دوو بەرگ دا چاپ کردۆە.

※خاوەنی سێ کچ و کوڕێکە.

※دوای نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٨ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢٨ی مارچی ٢٠١٨ی زایینی، لە شارۆچکەی کۆیە ڕوویداوە.

لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتوچۆدا، کەسایەتی و لێکۆڵەری سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حوسێن مەدەنی برینداربوو و دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە، دوای ڕووداوەکە و نەخۆشی پێشتر ڕەوشی تەندروستی ئێستا لە جاران باش نییە.

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕێبەندانی ٢٧٢٠ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢١ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe




سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ حوسێن مەدەنی بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتارو دیمانەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe